زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا
# (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بە نموونە)

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا


لە لایەن
**بەهار صالح ابابکر**
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سەڵاحەددین- 2011

بە سەرپەرشتی
**پ. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**



هەولێر - کوردستان
شوبات 2022


**بەڵێننامە**

من بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەر نامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە ((چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بە نموونە))، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە،

هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو :

ناوی قوتابی : **بەهار صالح ابابکر**

ڕێکەوت: / / 2022

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە لە ژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی کوردیدا، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: **پ .د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**

ڕێکەوت: / / 2021

پشتگیری دەکەم, کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **پ. ی. د. مزگین عەبدولڕحمان ئەحمەد**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: / / 2022

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم، کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **پ. ی. د. جیهاد شوکری ڕەشید**

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

ڕێکەوت: / / 2022

**بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ**

ئێمە وەکو لێژنەی گفتوگۆ، ئەم ماستەر نامەیەمان، کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بە نموونە) خوێندەوە و قوتابییەکەمان، کە ناوی (بەهار صالح ابابکر) بوو, لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆری ئەدەبی کوردی تێدایە.

واژوو: واژوو:

ناو: پ.ی.د.
ئەندام
ڕێکەوت:   /   / 2022

ناو: پ.ی.د.
ئەندام
ڕێکەوت:   /   / 2022

واژوو:
ناو: پ. د.  مەولود ئیبراهیم حەسەن
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت:   /   /2022

واژوو:
ناو: پ. د.
سەرۆکی لێژنە
ڕێکەوت:   /   / 2022

واژوو:
ناو: پ. ی. د. عاطف عەبدوڵلا فەرهادی
ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕێکەوت:   /   / 2022

**پێشکەشکردن**

*پێشکەشە بەم ڕۆحە گەورانەی، کە بە سوتانی خۆیان ڕێگەی ژیانمیان ڕووناك کردەوە، دایك و باوکی ئازیزم.

*بە سەرجەم خوشك و برا خۆشەویستەکانم.

*بە مامۆستا فریاد (هاوڕێ و هاوسەری ژیانم).

*بە کاك جەمال گردەسۆری و ڕۆحی کوڕە ئازیزەکەی (بەڵێن جەمال گردەسۆری).

*بە سەرجەم مامۆستا بەڕێزەکانم.

**سوپاس و پێزانین**

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم، کە هاوکار و یارمەتیدەرم بوون لە تەواوکردنی ئەم ماستەر نامەیەم.

*سوپاسی بێ پایانم بۆ پ. د. مەولود ابراهیم حەسەن وەکو سەرپەرشتیاری نامەکەم، کە بە بیری تیژ و سەرنجی وردی لە خەمی نامەکە دابوو، هاوکاری بەردەوامم بوو، هەمیشە دەرگەی ماڵەکەی بۆ من کراوە بوو.

*سوپاس و ئەمەك و پێزانینم بۆ هاوڕێیانم لە خوێندنی ماستەر، بەتایبەتی م. (ئیدریس محەمەد)، کە بە تێبینی و سەرنجە وردەکانی نامەکەی دەوڵەمەندتر کرد.

*سوپاسی ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم، کە هاوکارم بوون لە قۆناغەکانی خوێندن.

* سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێز کاك (جەمال گردەسۆری) نووسەر و ڕۆژنامەنووس، کە دەرگەی ماڵ و کتێبخانەکەی هەمیشە بۆ من کراوە بوو لە ماوەی کارکردنم لەم توێژینەوەیەم.

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بە نموونە) دایە، توێژینەوەکە مەبەستیەتی کاریگەری بەهاکان لە حەکایەتی فۆلکلۆری بخاتەڕوو، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات کۆمەڵێک لایەنی گرنگ دەربخات، وەکو (چەمکی ژیان، چەمکی فۆلکلۆر، چەمکی حەکایەت). هەروەها ناساندنی جۆرەکانی حەکایەت، لەگەڵ ئەوەشدا خستنەڕووی بەهایەکان و کاریگەریان لەسەر ژیانی تاکدا.

بۆ ئەم توێژینەوەیە حەکایەتە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆر)یمان بە نموونە وەرگرتووە، کە دڵسۆزێکی سەرگەرمی بواری فۆلکلۆری کوردییە. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات، کە دادپەروەری لە سەرووی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوەیە و دەبێتە هۆی ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە، لەپاڵیشیدا نادادپەروەری هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ تێکچوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە. لەلایەکی ترەوە، دەردەکەوێت بەهۆی گۆڕانکاری لە سەردەم و بارودۆخە جیاوازەکاندا بەشێك لە بەها کەلتورییەکانی باوباپیران نەماون، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان، تاوەکو ئێستا پەیڕەو دەکرێن.

**ناوەڕۆك**

بەڵێننامە ............................................................................................ I
پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار ................................................................ IV
بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ ................................................................................ IV
پێشکەشکردن ........................................................................................... V
سوپاس و پێزانین ....................................................................................... VI
پوختەی توێژینەوەکە ................................................................................... VII
ناوەڕۆك ................................................................................................. VII
پێشەکی ................................................................................................. 4-1

بەشی یەکەم: ڕوانینێکی گشتی بۆ چەمکەکانی ژیان ........................................................ 39-5
تەوەری یەکەم: چەمکی ژیان:........................................................................... 5
1- ژیان لەڕووی زمانییەوە:.............................................................................. 5
2- واتایی ژیان لە ڕووی زاراوەییەوە: ................................................................. 5
3- ژیان لە دیدی چەند فەیلەسوف و بیرمەندێکەوە:.................................................. 8
1-سوقڕات (سوکرات): ...................................................................................... 8
2- ئەفلاتون:.................................................................................................. 9
3-ئەرستۆ: .................................................................................................. 10
4-ئۆشۆ:..................................................................................................... 12
تەوەری دووەم: تێڕوانینی ئایین بۆ ژیان ............................................................. 14
1- ژیان لە دیدی ئایینی زەردەشت: ...................................................................... 14
2- ژیان لە دیدی ئایینی جولەکە (یەهودی): .......................................................... 16
3- ژیان لە دیدی ئایینی مەسیحیدا: ..................................................................... 17
4- ژیان لە دیدی ئایینی ئیسلامدا: ...................................................................... 19
تەوەری سێیەم: بەهاکانی ژیان........................................................................ 22
یەکەم: بەها لە ڕووی فەرهەنگییەوە:............................................................... 23
دووەم: پێناسەی بەها لە ڕووی زاراوەییەوە: ........................................................ 23
سێیەم: جۆرەکانی بەها:............................................................................... 25
1-بەها کۆمەڵایەتییەکان: ................................................................................ 25
2-بەها ژیارییەکان:........................................................................................ 26
3- بەها ڕەوشتییەکان:.................................................................................... 26
4- بەها ڕۆشنبیرییەکان: ................................................................................. 26
5- بەها کەلتورییەکان: ................................................................................... 27
5-بەها ئایینییەکان: ....................................................................................... 27
چوارەم: ڕۆڵی بەهاکان لە بەختەوەری تاکدا: ..................................................... 27
پینجەم: ڕۆڵی بەهاکان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا: ............................................... 28
شەشەم: بەراوردی بەهاکان لە ئێستا و ڕابردووی کوردەواریدا:................................ 29
بەشی دووەم: چەمك و جۆرەکانی حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی ................................. 74-40
تەوەری یەکەم: زاراوەی چەمکی فۆلکلۆر:......................................................... 40
تەوەری دووەم: چەمك و پێناسەی حەکایەت:...................................................... 44
1-حەکایەت: ................................................................................................ 44

2- ئامانج و گرنگی و تایبەتمەندیەکانی حەکایەت:........................................................ 49
تەوەری سێ یەم: جۆرەکانی حەکایەت: ........................................................ 53
1-حەکایەتی ئاسایی:........................................................ 53
2-حەکایەتی گیاندار ان (ڤابۆلا): ........................................................ 54
3-حەکایەتی خورافی (وڕێنه) :........................................................ 57
4-حەکایەتی گاڵتەوگەپ:........................................................ 59
5-حەکایەتی ئەفسانەیی: ........................................................ 60
6-حەکایەتی کۆسە:........................................................ 64
7-حەکایەتی هەیاس: ........................................................ 64
بەشی سێیەم: شیکردنەوەی بەهاکان لە حەکایەتە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆری)دا........ 75-121
1-بەها کۆمەڵایەتییەکان: ........................................................ 75
2-بەها ژیارییەکان:........................................................ 86
3-بەها ڕەوشتییەکان:........................................................ 89
4-بەها ڕۆشنبیرییەکان: ........................................................ 93
5-بەها کەلتوورییەکان:........................................................ 96
6-بەها ئایینییەکان: ........................................................ 106
ئەنجام ........................................................ 109
سەرچاوەکان ........................................................ R110
پاشکۆ........................................................ A120 - A138
پوختە بەزمانی ئینگلیزی........................................................ A...............

# پێشەکی

## پێشەکی

### 1-ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی((چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بە نموونە))دایە، فۆلکلۆر وەك بەشێکی سەرەکی توێژینەوەی ئەدەبی، گرنگی خۆی لە نێو ڕێبازی لێکۆڵینەوە و کاری زانستیدا هەیە، بەتایبەتی حەکایەت گەوهەرێکی بەنرخی کانگای زانست و زانیارییە، ئەرکی ئەم توێژینەوەیە، جگە لە ئاشناکردنمان بە چیەتی ژیان و حەکایەت وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری ، دەرخستنی بەهایەکانە، کە لە دەقی حەکایەتە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆری)دا هەیە، بەتایبەتی بەها بەرزەکان، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕێکخستنی ژیان هەیە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، وردبوونەوەیە لە دەرخستن و پیشاندانی کاریگەری بەهایەکان لە نێو حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، لە ئەنجامی ئەم شیکردنەوەیە کۆمەڵێک وردەکاری گرنگمان بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەبارەی بەهاکانەوە.

### 2-هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تاوەکو ئێستا کار لەسەر بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی (جەمال گردەسۆری) نەکراوە، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی چەمکەکانی ژیان لەناو ئەو حەکایەتە فۆلکلۆریە کۆکراوانە، لەگەڵ ئەوەشدا پیشاندانی کاریگەری حەکایەت لەسەر خودی تاك و کۆمەڵگە بەگشتی، جگە لەمانەش شیکردنەوە و لێکدانەوەی بەهایەکان لە ناو بەرهەمە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆری)، هەموو ئەمانە پاڵنەرێکی بەهێز بوون بۆ هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە.

### 3-ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی (وەسفی-شیکاری)، سەرەتا ڕێبازی وەسفیمان گرتەبەر بۆئەوەی لایەنە تیۆریەکەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستیانە بخەینەڕوو، بۆ لێکدانەوەی دەقی حەکایەتەکان و پراکتیزە کردنی جۆری بەهایەکان ڕێبازی شیکاری بەکارهاتووە، لە زۆر شوێندا هەردوو ڕێبازەکە تێکەڵ دەبن و دەبن بە تەواوکەری یەکتر.

### 4-ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستنی چەمکەکانی ژیانە لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی بەهەموو جۆرەکانیەوە، کە ئەم چەمکانە بریتین لە کۆمەڵێك بەها ڕۆڵییان هەیە لەسەر بەختەوەری کۆمەڵگە بە گشتی و تاك بەتایبەتی، چونکە حەکایەت وەکو بەشێکی سەرەکی لە ئەدەبی گەلان

هەژمار دەکرێت، لە پاڵ ئەمەشدا تیشك دەخاتە سەر کاریگەری بەهایەکان و پەروەردە کردنی نەوە دوای نەوە. ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەوڵدان بۆ سەلماندنی سوودمەنبوونی حەکایەت وەك سەرچاوەیەکی زانیاری و دونیابینی. دەتوانین بڵێین حەکایەت چی وای کەمتر نیە لە ڕۆمان و ژانرە ئەدەبیەکانی تر.

**5-سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم باسەدا سێ لەبەرهەمە کۆکراوەکانی جەمال گەردەسۆری شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە، ئەوانیش بریتین لە (هەنجیری چل تام، سەربردەی کوردەواری، نمەك)، گەڕان لەناو ئەو هەموو حەکایەتانەدا شتێکی ئاسان نییە، بەڵام بە پێی پێویستی توێژینەوەکە هەندێك جۆر لە بەهایەکانمان لە حەکایەتەکاندا لێکداوەتەوە و نموونەمان لێ وەرگرتوون.

**6-ئەو بابەتانەی پێشتر لە بواری چەمکی ژیان نوسراون:**

تا ئێستا ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانەی لەم بارەیەوە کراون بریتین لە نامەی ماستەری (طالب أبوبكر طاهر) بە ناونیشانی (فەلسەفەی ژیان لە شیعری مەحوی)دا لە ساڵی 2011پێشکەشکراوە، ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم باس لە تێڕوانینی چەند فەیلەسوفێك دەکات بۆ ژیان، لە تەوەری دووەم باسی تێروانینی چەند ئاینێك دەکات بۆ ژیان وەکو هیندۆسی و زەردەشتی و یەهودی و ...هتد. بەشی دووەم لە سێ تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم باسی دیدی شەرع ڕەوەکان بۆ ژیان و ڕەنگدانەوەی لە شیعردا دەکات، تەوەری دووەم باسی ژیان و بوون لە دیدی سۆفیەکاندا دەکات، تەوەری سێیەم باسی ڕەنگدانەوەی ژیان لای هەندێ لە شاعیرانی کورد دەکات. ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات ژیان خۆی لە خۆیدا پێکەوە ژیان و وەرگرتن و بەخشینە، هەروەها ژیان مانایەکی قوڵتری هەیە لەوەی کە خەڵکی وێڵن بەدوایدا کە ژیانی دونیایە، بگرە ژیانی دونیا کێڵگەی دواڕۆژە و ژیانی ڕاستەقینە و نەمری لە ژیانی دواڕۆژدایە.

هەروەها نامەی دکتۆرای (سەبور عبدولکەریم حەمەکریم) بە ناونیشانی (چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەلانای ڕۆمی)دا لە ساڵی 2014پێشکەشکراوە، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم لە سێ تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم تیایدا باسی چەمکی ژیان و مردن لە چەند ئایینێك دەکات، تەوەری دووەم باسی چەمکی ژیان و مردن لە فەلسەفەدا دەکات، لە تەوەری سێیەمدا باس لە چەمکی ژیان و مردن لە عرفانی ئیسلامیدا دەکات. بەشی دووەم لە سێ تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم باس لە چەمکی بوون و ژیان لای مەولانا دەکات، تەوەری دووەم باسی ژەمکی ژیان لای مەولەوی دەکات، لە تەوەری سێیەمدا بەراوردی چەمکی (بوون،

دونیا، ژیان) له شیعری مەولانا و مەولەوی دەكات. بەشی سێیەم لە سێ تەوەر پێكهاتووە. لە تەوەری یەكەمدا باس لە چەمكی مردن لای مەولانا دەكات، لە تەوەری دووەمدا باس لە چەمكی مردن لای مەولەوی دەكات، لە تەوەری سێیەمدا بەراوردی چەمكی مردن لای ئەم دوو شاعیرە دەكات. ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە دونیا شتێكی بابەتییە و باوەڕیان بە ئامانجداری بوونی دونیا هەیە، هەروەها لەبارەی ژیانەوە هەردوو شاعیر هەموو بوون و سروشت و ژیان بە زیندوو دەبینن. ئەم دوو توێژینەوە ئەكادیمیە بە شێوەیەكی گشتی باس لە چەمكی ژیان دەكات لە شیعردا، بەڵام تا ئەو ساتە هێندەی ئێمە ئاگادار بین هیچ توێژینەوەیەك دەربارەی چەمكی ژیان لە حەكایەتی فۆلكلۆری كوردیدا نەكراوە.

**7-ناوەڕۆكی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەكی و دەروازەیەك لە بارەی ژیان و بەرهەمەكانی جەمال گردەسۆری لە سێ بەشی سەرەكی پێكهاتووە. بەشی یەكەم و دووەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری، كە بەشی یەكەم بەناونیشانی (ڕوانینێكی گشتی بۆ چەمكەكانی ژیان)ە، لە سێ تەوەر پێكدێت. تەوەری یەكەم بە ناونیشانی (چەمكی ژیان) تیایدا ژیان لە ڕووی وشەیی و زاراوەییەوە باسكراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دیدی چەند زانایەك لەبارەی ژیان خراووەتەڕوو، تەوەری دووەم باس لە دیدی چەند ئایینێك كراوە دەربارەی ژیان، وەكو ئایینەكانی ئیسلام، مەسیحی، یەهودی و زەردەشتی، لە تەوەری سێیەم بەها لە ڕووی فەرهەنگی و زاراوەییەوە ناسێنراوە، هەروەها ئاماژە بە جۆری بەهایەكان كراوە، لەپاڵ ئەمەشدا ڕۆڵی بەهایەكان لە پێشكەوتنی تاك و هاوسەنگی كۆمەڵگە خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم لە سێ تەوەر پێكهاتووە، تەوەری یەكەم لە چەمكی فۆلكلۆر دواوین، لە تەوەرەی دووەم تیشكخراوەتە سەر چەمكی حەكایەت و ئامانج و گرینگی و تایبەتمەندیەكانی حەكایەت، تەوەری سێیەم لە جۆرەكانی حەكایەت دواوین و پۆلینمان كردوون بۆ حەوت جۆری سەرەكی.

لە بەشی سێیەمدا، كە كۆتا بەشی توێژینەوەكەیە، بە شێوەیەكی پراكتیكی جۆرەكانی بەها لەنێو حەكایەتەكانی لە چەند بەرهەمێكی كۆكراوەی جەمال گردەسۆری دەسنیشان كراون و شیكراونەتەوە، لە كۆتایشدا گرینگترین ئەنجامی توێژینەوەكە بە چەند خاڵێك خراونەتەڕوو، لەگەڵ هەموو ئەو سەرچاوانەی، كە لەم توێژینەوەیە بەكارهاتوون بە لیستێك دانراوە، هەروەها پاشكۆیەك دەربارەی ژیان و بەرهەمەكانی (جەمال كردەسۆری)، دواجار ئەم لێكۆڵینەوەیە هاوكارە لە دەرخستنی گرنگی فۆلكلۆر بەگشتی و حەكایەت بەتایبەتی و هەڵگرتنی بەهاكانی و چەمكی ژیان و پاراستنی وەك فۆلكلۆر و كلتورێكی زیندووی میللەتەكەمان.

# بەشی یەکەم

# ڕوانینێکی گشتی بۆ چەمکەکانی ژیان

## بەشی یەکەم: ڕوانینێکی گشتی بۆ چەمکەکانی ژیان

### تەوەری یەکەم: چەمکی ژیان:

### 1- ژیان لەڕووی زمانییەوە:

وشەی ژیان لە چەند فەرهەنگێکی جیادا بەم شێوازانە واتایان لێکدراوەتەوە، لە (فەرهەنگی ئازادی)دا، کە فەرهەنگێکی (ئینگلیزی-کوردی)یە بەم واتایانە هاتووە: ((گیاندار، ژیان، ژیاننامە، Life)) (قەرەداخی، 2006، 531). لە فەرهەنگی دەریادا، کە فەرهەنگێکی (عەرەبی-کوردی)یە، وشەی (حیاة) بە واتای ((ژیان، بوون، زیندەگانی، چالاکی، چاپوکی، جوولە، نەوەستان))دێت. ( کریم، 2006، 222). هەروەها لە زمانی فارسیدا لە فەرهەنگی هەژیر، کە فەرهەنگێکی (فارسی- کوردی)یە وشەی (زندگانی/ زندگی) لەبەرامبەر ((ژین، ژیان، نزگ، زیوار، ڕابواردنی تەمەن)) هاتووە، (هەژیر ، 2008، 690).

### 2- واتایی ژیان لە ڕووی زاراوەییەوە:

ژیان لەلایەن زۆرێك لە زانا و توێژەر و فەیلەسوفانی بواری (ئایینی و فەلسەفی و کۆمەڵناسی و دەروناسی و ئەدەبی...هتد) پێناسە کراوە، هەر یەکە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە پێناسەی ژیانیان کردووە، هەر یەکێك لەو پێناسانە بەشێك لە پرسیارەکانی وەکو ژیان چییە؟ ژیان دەربارەی چییە؟ ئامانج لە ژیان چییە؟ ئایا ژیان ئامانجدارە؟ چ شتێك وا دەکات ژیان واتادار بێت؟ دەکرێت مرۆڤ لە ژیاندا بێ پەیام بێت ؟ ....تاد، وەڵام دەداتەوە.

هەموو ئەمانە بەشێك لەو پرسیارانەن دەربارەی ژیان، کە بیرمەندان تا ئێستاش پێناسەو وەڵامی جۆراوجۆریان لەبارەیەوە خستۆتەڕوو، بەشێوەیەکی گشتی بیروبۆچوونەکان دەربارەی ژیان دابەش دەبن بۆ دوو تێڕوانینی جیاواز، کۆمەڵێکیان ژیان بە شتێکی کەم بایەخ و بێ بەها گوزارشت دەکەن و ڕەشبینانە لێی دەڕوانن، وەکو (شۆپنهاوەر، کانت، تۆلستۆی، ....هتد).

(شۆپنهاوەر) دەڵێت: ((ژیان مامەڵەیەکە، کە بە تێکشکان و دارمانێکی تەواو کۆتایی دێت، چونکە تەواوی ئارەزووەکان و ئومێدەکانی ئێمە، لە دەمی ئەژدیهایەکی مەرگدا تیادەچن، ئێمە لە دوای ئەو هەموو هەوڵانەی، کە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری داومانن، جگە لە بەشێك لە پیری و نائومێدی و مەرگ نەگەیشتین)) (مهرین، 2009، 264)، لێرەدا شۆپنهاوەر ڕەشبینانە لە ژیان دەڕوانێ بۆ هەوڵەکانی مرۆڤ لە بەدەست هێنانی بەختەوەری، هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری هەستەکان و دەروونی مرۆڤ بڕیاری لێ دەدرێت، بوونی ئەو هەموو ئارەزووە زۆرە، کە وا تێدەگەن هۆکاری بەختەوەرییە، بەڵام ئەو بە شتێکی بێ بایەخ لێی دەڕوانێت و پێی وایە، ژیان بە مەرگ و لەناوچوون کۆتایی دێت، لە لای ئەو بەختەوەری بێ کۆتایی لەڕاستیدا بوونی نییە.

لەلایەکی ترەوە بەو پێیەی ژیان بەرەنگاربوونەوە و ململانێیە ، دەکرێت بگوترێت ((ژیان مەیدانی شەڕێکی گەورەیە، لە سکی دایکمانەوە تا ناو گۆڕ، دەبێت بۆ زیندوبوون بجەنگین، هەڵبەتە بە ئازایەتی و لێزانینەوە، سەرەڕای گەورەترین کۆسپ، دەتوانین لەم نەبەردیەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنین)) (کاپریز ، 2012 ، 39 )، بە هەموو ئەو تەمەنەی مرۆڤ لە ژیاندا بەڕێی دەکات ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگ و ناخۆشی و نارەحەتیانەی، کە دەبێتەوە تووشی چەندین ململانێی جیاواز و ناچوونیەك دەبێت، بۆیە ژیان بۆ مرۆڤ بریتییە لە هەڵزنان بەسەر سەختی ژیان.

شاعیری ناوداری کورد حەمدی (1876-1936) ژیاوە، ناوی تەواوی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ساحێبقرانە، حەمدی شاعیر تێڕوانینی خۆی بۆ ژیان لە چەند دێرە هۆنراوەیەك دەخاتەڕوو وەکو لەم دێرە هۆنراوەیەدا دەڵێت:

ئەحوالی ئەم زەمانە لە کایەی منداڵ دەچێ

دنیایەکی چ پوچە لە زەرفی بەتاڵ دەچێ

لە شیکرنەوەی  ئەم دێرە هۆنراوەیەدا، دەردەکەوێت حەمدی شاعیر ئەم ژیانە زۆر بێ بایەخ سەیر دەکات، لە لایەك بە کایەی منداڵ لە لایەکی تر بە زەرفی بەتاڵ دەچوینێ، کە هەردووکیان شتی بێ نرخن. هەروەها لە دێرەکی تردا دەڵێت:

دنیا هەناسەیێکە نەچـــــــــــــووبێ نەهاتبێ

حاڵێکە بوو بەچی کە عالەم بەحاڵ ئەچێ

لەم دێرە هۆنراوەیەدا حەمدی پێی وایە ژیان تەنیا وەکو هەناسەیەکە هێندە زوو تەواو دەبێت، ئەم هەناسەیەش لە نێوان چوون و هاتن دایە، کەواتە وای دەبینێ ژیانی سەر دونیا ژیانێکی زۆر کورتە و هەر زوو تەواو دەبێت.

کۆمەڵەکەی تر بە پێچەوانەی بۆچوونی یەکەم، گەشبینانە لە ژیان دەدوێن، ژیان بە مانای ئەنجامدانی کرداری چاك و ئامانجدار دادەنێن، وەکو (ئەفلاتون ، ئەرستۆ، نیتچە ...هتد)، کە لە دواتردا بیرو بۆچوونەکانیان دەخەینەڕوو.

هەر لەبارەی ژیانەوە فەیلەسوفی گەورە (نیتچە) دەڵێت: (( ژیان بریتییە لە کۆمەڵێك بازنەی بێ سەرەتاو بێکۆتا، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە)) (مەحموود ، 2016 ، 191)، لێرەدا ژیان چووێندراوە بە کۆمەڵێك بازنە، کە نە سەرەتایان هەیە و نە کۆتایی ، بەردەوامیش لە دووبارە بوونەوەدان، دەکرێت بگوترێت ژیان زنجیرەیەکی لێکگرێدراوە، کە سەرەتاکەی نادیارە و کۆتایەکەشی نادیار، بێگومان مرۆڤ دەبێت خۆی خاوەن بڕیاری ژیانی خۆی بێت و لەڕێگەیەوە بەختەوەری خۆی بدۆزێتەوە هەروەك فریدریش نیچە پێی وابوو ((ئەگەر گەردوون بێ ئامانج و

تەواو خاڵیش بێت لە مانا، بەڵام هەر مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە دەمێنێت تا بەڕووی ژیاندا دەنگ هەڵبڕێت بڵێت: بەڵێ)) (کۆمەڵێك نوسەر، 2017، 21)، کەواتە بە پێی تێروانینی نیچە، خودی مرۆڤ خۆی دەبێت ژیانی ڕەنگ ڕێژو مانادار بکات و پەیامێك ئاراستە بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت.

ژیان وەك چەمکێك بووە بە ئەو دەروازەیەی کە زۆرێك لە نوسەران، بەتایبەتی ئەوانەی کار لەسەر لایەنە گشتیەکانی مرۆڤ و دەروونی و مرۆڤ دەکەن، ((دەگوترێ واتای ژیان ئەوەیە کەوا مرۆڤ هەستی هەبێت بۆ حەزەکانی، وەبۆ شتەکانی دەورووبەری)) (البطليوسي، 1988 ، 32 )، کەوابێ هەستەکانی مرۆڤ کاریگەری دروست دەکەن بۆ گەیشتن بەحەز و ئاواتەکانی، حەزی مرۆڤ لە گەیشتنە بەوەی، کە هەستی لێی داوا دەکات، ئاواتی مرۆڤیش ئەوەیە، کە لە دەوروبەری هەیە و هەوڵی بۆ دەدات.

مانای ژیان لەلای فاروق ڕەفیق ((بریتییە لە ئاماژە کردن بۆ ئەو چاکانەی، کە لەڕووی چلۆنایەتیەوە (نەوعیەوە) باڵادەستن، شایانی خۆشویستن و خۆبۆتەرخانکردنن و شوێنی سەرسامین)) (ڕەفیق ، 2009، 131)، ئەوەی جێی تێرامانە، ئەوەیە ژیان تەرخان نەکرێت بۆ خۆشەویستی، چونکە هەمیشە لە کۆمەڵگە ژیارییەکاندا ژیان بۆ خۆشەویستی دەگوزەرێنن، خۆیان و نەوەکانیان بۆ ئەم بنەمایە ڕادێنن، ئەمەش لە هەردوو ڕووی مەعنەوی و ماددییەوە بەرهەم دێت، نەوەکو تەنها لە ڕووی مەعنەوییەوە.

سەبارەت بە تیگەیشتنی فەیلەسوفەکان بۆ ژیان، هەروەها بۆ پێناسە کردنی ژیان، دەبینین لە زۆر شوێن و لە چەندین بۆنە باسیان لە ژیان کردووە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە وەستانێك و بیرکردنەوەیەکی بۆ بکەین، وتە بەناوبانگەکەی (دیکارت)ە، کە دەڵێت ((أنا أفكر، اذن أنا موجود، واتە: من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم، لەم وتەیەدا (دیکارت) دەیەوێ ئەوەمان پی بڵێت، کە مرۆڤ خۆی دەتوانێت بڕیار لە بوونی خۆی بدات، بە پێی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی بۆ ئەو واقیع و پێشهاتانەی، کە لە دەوروبەری دەگوزەرێ، بێ ئەوەی ملکەچی بڕیاری کەسانی دەوروبەری بێت، کە بڕیار دەدەن تەنها بەوەی بە چاو دەیبینێت)) ( ارمسترونغ، 2005، 88)، بوونی مرۆڤ سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە بیر دەکاتەوە و بیری نوێ پێشکەش دەکات، وا دەکات بڕیاری دروست بۆ ئەو شتانە بدات کە بە چاوی خۆی دەیبینێت و خۆی بڕیاری لەسەر دەدات.

ئەگەر هاتوو کەسانێك پێیان وابوو واتای ژیان برتییە لە خۆشییەکان، ئەوە کارێکی باش دەکەن، ئەوان هەوڵدەدەن واتایەك بۆ بوونی خۆیان لەسەر زەوی دیاری بکەن، لە ((سەرەتاوە ئەگەر هاتوو هەر کەسێك پێی وابوو خودا نییە، ئەوا با دڵنیا بێ هیچ واتایەك بۆ ژیانی ئەو نییە، بەڵام

ئەگەر هاتوو کەسێك پێی وابوو خودا هەیە، کەواتە واتایەك بۆ ژیانی هەیە، مرۆڤەکان جۆراو جۆرن هەندێکیان پێیان وایە کۆکردنەوەی پارە واتای ژیانە، وە هەندێکیان پێیان وایە بە دەست هێنانی پلە نایابەکان واتای ژیانە)) (الادیب، 2015، 1)، تا ئێستاش کەسانێك هەن، کە باوەڕیان وایە هیچ دروست کراوێك هی خودا نییە، هەموو شتەکان بە سوتفە دروست بوون، ئەم بۆچوونەی ئەمان هیچ نرخێکی بۆ ژیان لای خۆیان نەهێشتۆتەوە.

کەسانێکی تریش هەن هەر لە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤایتییەوە باوەریان بە ژیان و ئەوەی تێیدایە هەبووە، باوەڕیان وابووە، کە ئەم زەویەی لەسەر پشتی دەژین، ئەم ئاسمانە بێ سنورەی بەسەر سەرمان دیارە، دروستکارێکی هەیە، ئەمانە بۆ چوونی جوانیان بۆ ژیان هەیە و ژیانیش بە جوانی دەبینن.

لە کۆی ئەم وتەو بۆچوون و پێناسانەی سەرەوە بۆ ژیان ، دەتوانین بڵێین ژیان بریتییە لەو ساتەی مرۆڤ تیایدا لە دایك دەبێت، تا ئەوساتەی چاوی لێك دەنێت و ماڵئاوایی لێ دەکات، ژیان بۆ مرۆڤ دەبێت بە قوتابخانەیەك لە کۆمەڵێك سەری جەنجاڵ و سەرکێشی و کاتی خۆش و دڵڕفێن، ئەم ژیانە بریتییە لە بەرەنگاربوونەوە و ململانێ، کەهەندێك جار دەمانبات بۆ کەناری خۆشی و ئارامی، هەندێك جاریش بۆ نێو شەپۆلی تووڕە و توندوتیژ.

### 3- ژیان لە دیدی چەند فەیلەسوف و بیرمەندێکەوە:

**1-سوقڕات (سوکرات):** فەیلەسوفی یۆنانی لە (469- 399 پ. ز) ژیاوە بڕوای وایە ((ژیان بریتییە لە دەروون (ڕۆح)، ئەو هەموو (بوون) بە هەبوویەکی زیندوو دەبینێت، کە یەك دەروون (ڕۆح) ی هەیە)) (بدوي، 2003، 165 ). بوون بۆ هەموو تاکێك تەنیا یەك جارە و دووبارە بوونەوەی (ڕۆح) بەخشین بە هیچ تاکێك، یاخود هیچ گیانلەبەرێك نابەخشرێت، هەر لەبەر ئەمەیە، کە سوکرات لەسەر پەرستگایەکەی، کە ناوی (دلفی) بوو، نووسیبووی: ((خۆت بناسە)) (وەسمان و عەبدوڵا ، 2013 ، 76)، چونکە سوکرات ویستویەتی بەرەو ئەوەمان ببات کە مرۆڤ ئاواتی ئەوەیە بگات بە نەمری، ئەمەش ئەوکاتە دێتە دی، کە مرۆڤ خۆی ناسی و ژیانیشی ناسی، بەڵام گەیشتن بە نەمری تەنها بەکار و کردەوەی چاك و باش بەدی دێت، نەك بە مانەوەی ڕۆح بۆ هەتا هەتایی، چونکە ژیان بۆ هەموو گیانلەبەرێك دەستپێك و کۆتایی لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەیە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان ناوی سوقڕات خۆیەتی کە بۆ هەتا هەتایی دەمێنێتەوە.

هەر لەبارەی ژیان، سوکرات مرۆڤەکان ڕێنمایی دەکات و هانیان دەدات بۆ فێر بوون، چاکەکاری کردووە بە دروشمێك، کە ((هەموو چاکەیەك مرۆڤ بیزانێت، بەناچاری دەیکات، هەموو

چاکەیەك نەیکات، بەناچاری نایزانێت)) (وەسمان ، 2013، 120)، حیکمەتی ئەم وتەیەی سوکرات لەوە دایە، کە هەموو ئەو چاکانەی مرۆڤ دەیکات دەیزانێت، بۆیە دەیکات، ئەگەر چاکەیەك هەبوو، نەیزانی کە ئەوە چاکەیە!! بۆیە نەیکردووە، یان بە نەزانی ئەو چاکەیەی نەکردووە، چونکە نەیزانیوە و درکی پێ نەکردووە ئەوە چاکەیە.

هەر لەبەر ئەم درك پێ نەکردنە سوکرات لە بارەی ژیان دەڵێت: ((ژیان لە نێو خەڵکانێکی باش چاکترە لە ژیان لە نێو خەڵکانێکی گەندەڵ و خراپ)) (ڕاسێل، 2011، 164 )، گومانی تێدا نییە، کە ژیان کردن لە نێو خەڵکی باش یارمەتیدەرە بۆ داهێنان و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری تاك، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، لەبەر ئەمەیە کە وتراوە: ((گەورەترین ڕاستی و حەقیقەتەکانی ژیان خودی مرۆڤ خۆیەتی)) (طاهر، 2011، 7)، لەبەرئەوەی خودی مرۆڤ خۆی داهێنەری بەختەوەری و کامەرانییە و ڕەنگرێژی ژیانی خۆیەتی بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی ژیاری. کەواتە بە بڕوای سوکرات ئامانجی مرۆڤ لە ژیان بەختەوەرییە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم بەختەوەرییەش پێویستە چاکەکار بین.

**2- ئەفلاتون:** لە دوای سوکرات بە دووەم فەیلەسوفی یۆنانی دادەندرێت، کە لە ساڵانی (427-346 پ.ز) ژیاوە، ئەم زانایە لە دونیای مەعریفە و ڕۆشنبیری نووسەران بە گشتی و زانایان بەتایبەتی، پانتایەکی فراوانی بۆ خۆی داگیر کردووە، کەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی زانستی هەیە، کە نەگەڕابێتەوە بۆ وتە و وشە و لێکدانەوەکانی ئەم زانایە بۆ تێڕوانینی خۆیان بۆ ژیان.

ئەفلاتون ئەم جیهانە بە تابلۆیەکی هونەری دەناسێنێت و دەڵێت: ((جیهان تابلۆیەکی جوانی هونەرمەندییە، ئەو سیستەم و جوانی و ڕێکوپێکییە، کە لە گەردووندا هەیە، ناگونجێت لە خۆیەوە دروست بووبێ، بەڵکو دەبێت هۆیەکی هەبێت. ئەم هۆیەش کە ئەم ڕێك و پێکی و سیستەمەی داهێناوە ئەقڵێکی کامڵی خێری ڕووتەو لە شەڕ و خراپە و کەم و کوڕیەوە دوورە، هەموو شتێکی بۆ مەبەستێکی تایبەتی دروستکردووە، ئەم هۆیەش دروستکارە)) (عەزیز، 1979، 239)، بە بڕوای ئەفلاتون ژیان حەقیقەتێکی نەگۆڕە، بڕوای وایە کە هەموو شتێك هۆکارێکی لە پشتەوەیە بۆ ئەوەی کە دروست ببێت یان بەرهەم بێت، هەر لەبەر ئەمەیە ئەفلاتون بڕوای وایە حەقیقەتی ئەم ژیانە هۆکاری گەورەی لە پشتە، ئەم هۆکارەش دروستکاری ژیان خۆیەتی.

سەبور حەمەکەریم لە نامەی دکتۆراکەیدا دەڵێت: ((لای ئەفلاتون (زیندوو) کەسێکە کە جوڵەیەکی خودی پێدراوە و ئەمەش گەوهەری ژیانە)) (حەمەکەریم، 2014، 46)، لێرەدا مەبەستی ئەفلاتون ڕوونە، بوونی هەموو مرۆڤێك دەبەستێتەوە بە هەببونی جوڵە لە کار و چالاکییە خودییەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەو جوڵە خودیەی دروستکارەکەی پێی بەخشیوە، دوای ئەمەش

ئەفلاتون بانگەواز بۆ هەموو تاکێك دەکات و دەڵێت: ((دادپەروەری ئەمەیە، هەر تاکێك ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات)) (ڕاسێل، 2011، 205)، ئەم بانگەوازی دادپەروەرییە هێمایە بۆ بیروباوەڕی یەکتاپەرستی ئەفلاتون، چونکە ئایدیای هەموو ئایینە یەکتاپەرستیەکان پەیڕەو کردنی سیستەمێکە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری، ئەم دادپەروەریەش کاتێك بەدی دێت، کە هەموو تاکەکان ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

ئەفلاتون بۆ داکۆکیکردن لەسەر چاکەکاری دانایی، هەروەها بۆ ژیانێکی گونجاو بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەی لە کۆمارەکەیدا دەڵێت: ((ئەو چاکەکارییەی (الفضیلة)ی دەبێتە هۆی شادمانی و بەختیاریەکی ڕاستین و بە شێوەیەکی سەرەکی پێك دێت، بریتییە لە هاوئاوازی و گونجانێکی دەروونی، ئەم گونجانەش سەرچاوەی لە ملکەچکردنی هەستیاری دڵێك گرتووە، کە ملکەچی دانایی ئەقڵە)) (کامیل، 2019، 61)، لێرەدا مەبەست لە هاوئاوازی و گونجانی دەروونی ئەو یەکڕیزی و تەبایی و یەکگوتاریەیە، کە کۆی هەر نەتەوەیەك لەسەر سەکۆی هاودەروونی و هاوبیری بە عەقڵێکی کامڵ کۆدەکاتەوە، کە دەبێتە مایەی چاکەکاری و بەختیاری بە شێوەیەکی ڕاستی و دروستی لە بیرکردنەوەی فەیلەسوفەکان، بۆ دروستکردن و داواکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵك بۆ ژیان، دەبینین ((ئەفلاتون ڕوو لە چینێك لە چینەکانی کۆمەڵگە دەکات و داوایان لێ دەکات ببن بە چرایەك، یاخود ڕێنیشاندەرێکی ڕەوشتی بۆ ئاڕاستە کردن و پێدانی ئاسودەیی بە خەڵك لە ڕێگای شیعرەکانیان، کە ئەوانیش بێگومان شاعیرەکانن)) (خاتم، 1979، 86)، ئەفلاتون دەیویست لە کۆمارەکەیدا خەڵك بە ئاسوودەیی و ڕەوشت بەرزی و دڵخۆشی بژین، بۆیە داوای لە شاعیرەکان دەکرد ببن بە مایەی سوود گەیاندن بە کۆمەڵگە، بەتایبەتی گەنجەکان. لەوەوە دەگەینە ئەو ڕایەی، کە تێڕوانینی ئەفلاتون لەمەڕ ژیان وایە، کە ژیان ئامانجدارە و پێویستە ئەقڵ باڵا دەست بێت لە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی.

**3-ئەرستۆ:** ئەرستۆ یەکێك بووە لە قوتابیەکانی ئەفلاتون، لە ساڵانی (384 تا 225 پ.ز) ژیاوە، یەکێکە لە فەیلەسوفەکانی یۆنان، لە بواری ئەدەب و فەلسەفە و سروشت و مرۆڤایەتیدا سەرمەشقی ئەم کاروانەیە، ئەرستۆ لەبارەی ژیانەوە دەڵێت: ((ژیان بریتییە لە جوڵە، ماهیەتی ژیان لە جووڵە دایە)) (شوپنهاوەر، 2019، 40)، مەبەست لە جوڵە لای ئەرستۆ نزیکییەك دروست دەکات لەم وتەیەی پێشووی ئەفلاتون و هاوڕایەتی، کە زیندوێتی ژیان پەیوەندی بە چالاکی و بەردەوامی هەوڵدانی مرۆڤەکانەوە هەیە، بەپێی ئەم ڕایەی ئەرستۆ مرۆڤ چەند پێکهێنەرێکی هەیە، کە وای لێ دەکات بەردەوام لە جووڵەدابێت ئەو پێکهێنەرانەش ((لە چوار توخمی سەرەکی ئەم بوونەوەرە سەرچاوەی گرتووە، ئەوانیش بریتین لە (ئاو، ئاگر، هەوا، خاك)، ئەم چوار توخمە سەرەکییە

پێکهێنەری ئەم بونەوەرەن، بەڵام دۆخەکانیان دەگۆڕێت و بەردەوام لە جوڵەدان، ئەم جوڵەش بەردەوامی دەدات بە ژیان و مرۆڤیش لەم بۆچوونەدا بەهەمان شێوەیە)) (طاهر،14،2011)، ئەو چوار توخمەی لە سەرەوە ئەرستۆ باسی کردوون، پێکهێنەری سەرەکی ژیانن، ئەم جوڵە بەردەوامەی ئەم توخمانەش بەردەوامی بە ژیان بەخشیووە، وای لە مرۆڤ کردووە بەردەوام وەکو ئەم چوار توخمە لە جوڵە دابێت.

ئەرستۆ بێ پێچ و پەنا دان بەوە دادەنێت، کە ((ئامانجی ژیان خۆبەخۆ چاکە نییە، بەڵکو بەختەوەری ئامانجە، چونکە بەختەوەریمان هەر لە پێناوی خۆیدا دەوێت، نەوەکو لە پێناو شتێکی دی)) (دیورانت، 2007، 71)، لێرەدا بەختەوەری ئەو ئامانجەیە، کە مرۆڤ لە پێناویدا هەوڵ دەدات، ئەمەش خۆبەخۆ نایەتە دی، چونکە بەختەوەری دەبێت لە پێناوی خود بێت نەك شتێکی دی.

ئەرستۆ لە کتێبی ئاکاری (نیکۆماخۆس) بەم ڕستەیە دەستی پێکردووە و دەڵێت: ((سەرجەم پیشە و توێژینەوەکان، هەروەها کردارەکانی ئێمە لە خێر، یان چاکەیەك دەگەڕێن، هەر بۆیە خێر (چاکە) دوا ئامانجی سەرجەم بابەتەکانە)) (کۆمەڵێك نوسەر، 2014، 45)، بە بڕوای ئەرستۆ سەرجەم پیشە و کار و توێژینەوەکان کرداری خێرن، بۆیە خێر بە چاکە هەژمار دەکات.

دوای ئەوەی ئەرستۆ گەیشتە ئەو باوەڕەی ئامانجی چاکە هەر بەختەوەرییە دەڵێت: ((دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت، کە ئامانجی بەرز و چاکەی بەرز هەن، کە ڕێگایەکی بەرەو چاکەیەکی تر لە سەرویانەوە بێت و دوای ئەوەی بۆمان ساغ بووەوە کە ئامانجی ژیان بەختەوەرییە پێویستە بزانین بەختەوەری خۆی چییە و خەڵکی چۆن بۆی ئەچن و چۆنی لێك دەدەنەوە؟)) (عەزیز، 2012، 191)، ئامانجی ژیان بە گشتی لای ئەرستۆ بەختەوەرییە، ئەم بەختەوەرییەش لای کەسێك بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەگشتی بەختەوەری لای زۆرینەی خەڵکی بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی و چێژوەرگرتن لە ماڵ و سامان و دەسەڵات بەدی دێت، ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەییە و گشتی نییە. بەڕای من بەختەوەری واتە کاری چاکە و ئاسودەبوونی ڕۆح.

لە دوای ئەو بیروباوەڕانەی کە پێشکەشی مرۆڤایەتی کرد، زەنگێك دەدات بە گوێی مرۆڤایەتیداو دەڵێت: ((مرۆڤ ناتوانێت لە نێو هیچ نەکردندا بە بەختیاری بگات)) (کۆمەڵێك نوسەر، 2018، 57)، بە هەوڵ و تێکۆشان دەگەیت بە بەختیاری، نەتەوەی کوردیش لەم بارەیەوە وتەی ناودارانی خۆی هەیە، کە دەڵێت (دەستی ماندوو، لەسەر سکی تێرە)، واتە هەر کەسێك کار بکات و چالاك بێت، ئەوا ئەو کەسە دەبێت بە کەسێکی بەختەوەرە.

ئەرستۆ (بوون) دابەشی سەر دوو جیهان دەکات، ئەوانیش بریتین لە ((جیهانی یەکەم و جیهانی دووەم، جیهانی یەکەم بە جیهانی ژێر فەلەکی مانگی دادەنێت، کە ئەم جیهانە سەرچاوەی

گۆڕانە، جیهانی دووەم بە جیهانی سەروو فەلەکی مانگ (میتافیزیکی) دادەنێت، کە ئەم جیهانە لە ماددەوە دوورە، دەستی ماددە و شێواندن نایگاتێ)) (عەزیز ، 2008، 38 ) ، بەم دابەشکردنەی ئەرستۆ، جیهانی ژێر فەلەکی بەم جیهانەی ئێستا ناسراوە، چونکە ناوی بردووە بە جیهانی ژێر فەلەکی مانگ، بە بۆ چوونی ئێمە جیهانی سەر فەلەکیش جیهانی دوای مردنە ، لەبەرئەوەی ئەم جیهانە دەستی مرۆڤ نەیشێواندووە. ژیان لای ئەرستۆ بریتییە لە ((ژیانێك كە تەرخان کرابێت بۆ تێرامان و بیرکردنەوە، کە لای ئەرستۆ ئەمە نەك تەنیا باڵاترین چاکەیە بەڵکو باڵاترین شێوازی ژیانیشە)) (ڕەفیق، 2009، 135)، تێرامان بۆ ژیان کردنەوەی گشت دەرگەکانی بیر و هزری مرۆڤە، بۆ گەیشتن بە لووتکەی خۆشییەکانی ژیان. کەوایە لە دیدی ئەرستۆ، ئامانجی مرۆڤ لەو ژیانەدا گەیشتنە بە بەختەوەری، سەرچاوەی ئەم بەختەوەرییەش بە بیرکردنەوەی ژیرانە دێتەدی، کە چاکەکارییە لە کۆمەڵگەدا.

**4-ئۆشۆ:** یەکێکە لە بیرمەندەکانی ئایینی هیندۆسی، کە لە (1931-1990) ژیاوە، ئەم ناودارەی سەردەمی نوێ خاوەن دید و تێڕوانینی سەربەخۆی خۆیەتی، ئۆشۆ باوەڕی وایە مرۆڤ دەبێت خۆی ڕێڕەوی ژیانی خۆی دیار بکات، لەسەر مرۆڤ پێویستە((خۆی ژیانی خۆی ببینێتەوە و بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە بۆ ئەوە هەوڵ و تەقەلا بدات. ئەوەی پێویستە لەسەری ئەوەیە گە گوێ لەو دەنگە ڕادێرێت کە لە ناخییەوە هەڵدەقوڵێت. ئەو دەنگەی ڕێگا و ڕەوتی دیاری دەکات)) (ئۆشۆ، 2013، 32)، بە بۆچوونی ئۆشۆ ناکرێت مرۆڤ بێ پەیام بێت و پێویستە بە ئاگاییەوە هەوڵی گۆڕینی ساتەکانی ژیان بدات، ئەمەش بە هانا بردن بۆ خود و ناوەوەی خۆت دەبێت، چونکە هیچ کەس وەکو خۆت لەناخ و دەروونی خۆت شارەزا نییە، بە سەرچاوەی شادومانی و بەختەوەری و ئامانجەکانت، کە لە پێناویدا دەژیت.

ئۆشۆ پێی وایە ئەم ژیانەت پێ بەخشراوە تاوەکو ئەوەی داوات لێکراوە لە ژیان بە چاکی ئەنجامی بدەی. لەلای ئۆشۆ هەرکاتێك مرۆڤ توانی خودی خۆی بناسێت، ئەو کات دەتوانێت مرۆڤەکان و ژیانیش بناسێت، هەرکەسێك بەپێی ئەو بارودۆخەی تێیدایە، لەم ڕوانگەوە لە ژیان دەدوێت. بۆیە ڕاوبۆچوونەکان دەربارەی ژیان جۆراو جۆرن و هەر کەسێك لە ڕوانگەیەکەوە بۆ ژیان دەڕوانێت. بەبڕوای ئەو ((ژیان خۆی لە خۆیدا هیچ مانایەکی نییە.....ئەوە ئێمەین کە ئەو بە جوان یان ناشیرن دەزانین.....ژیان لە خودی ووزەکانی ئێمە پێکدێت.......هەروەك لاپەڕەی نیگارکێشان سپی سپییە...دەکرێت لەسەری وێنەی جوان دروست بکرێت....یان ڕۆحی ڕەش)) (وەکیلی و مدتی، 2012، 38)، ئەو ووزە ماددی و مەعنەویانەن، کە دەبن بە پاڵنەری ژیانی ئێمە، مرۆڤ خۆی ڕەنگ ڕێژی ژیانی خۆیەتی.

بیرمەندی هیندۆسی (ئۆشۆ) دەربارەی ژیان تێڕوانینی وایە، ئامانجی ژیان بەختەوەرییە، بەڵام ئەم بەختەوەرییە بە بیرکردنەوە و ئاگامەندی بە دەست دێت، چونکە ((ئامانجی ژیان لە ژیان خۆیەوەیەتی و لە خۆیدایەتی و لە پێناوی خۆشیدایە، ئامانجی باڵای ژیانیش ئەوەیە، کە بەختەوەر بیت و زەردەخەنە لەسەر لێوانت بێت و درەوشانەوە لە چاوەکانتدا هەبێت. ئامانجی ژیان ئەوەیە ئاگامەند بیت بە خودی خۆت)) (ئۆشۆ، 2013، 26)، نووسەر پێی وایە دەبێت مرۆڤ ئاگامەند بێت بە هەست و ناخی خۆی، خۆی دەبێت بەختەوەرییەکانی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە و بە دەستی بهێنێت، بۆ ئەوەی بەختەوەرانە بژیت، بۆ ئەمەش دەبێت ئەقڵ باڵا دەست بێت، هەر وەك لە پەندێکی یۆنانیدا هاتووە، کە ((ژیان دیاری سروشتە، بەڵام ژیانی جوان دیاریی داناییە)) (کۆمەڵێك نوسەر، 2018، 76)، ژیان ئەو کاتە جوان و ڕازاوە دەبێت، کە دانایی و ژیری تێیدا باڵا دەست بێت، بە واتایی ئەوەی مرۆڤ خۆی مانا بە ژیانی خۆی دەبەخشیت. بەلای ئۆشۆوە ئامانجی ژیان، خودی ژیان خۆیەتی، مرۆڤ پێویستە گوێ لە دەروون و ناخی خۆی بگرێت، پڕ جوڵە و ووزە بێت و کارەکانی بە عەشقەوە بکات بۆ ئەوەی داهێنەر بێت، چێژ و بەختەوەری هەر لەم ژیانەدا بەدەست بهێنێت.

**تەوەری دووەم: تێڕوانینی ئایین بۆ ژیان**

**1- ژیان لە دیدی ئایینی زەردەشت:**

ئایینی زەردەشت یەکێکە لە ئایینە دێرینەکانی کورد و فارس و چەند نەتەوەیەکی تر، کە تا ئێستاش پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە کوردستاندا ماون، زەردەشت ((بە مانای بیرو هزری درەخشان و تیشك و ڕووناهی ئاهورامازدا و ڕاستگۆییە)) (شاهرۆخ، 2016، 34)، بێگومان لە لایەن توێژەر و پسپۆڕانەوە چەندین مانایان بۆ پەیڤی (زەردەشت) هێناوە، بە واتای: خاوەنی ووشتری زەرد، هەروەها بەمانای ڕۆشنایی و تیشك دێت، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ توخمی ئاگر، ئەم فەلسەفەیەش بە تیشك و بڵێسە و گەرمایی ڕووناهیەوە بەندە، ئەم سومبولی ئاگرەشی بە ڕۆشنکەرەوەی دەروون و ڕۆح داناوە، واتا دەیەوێت مرۆڤ بە ڕۆشنایی و پاکی دەروون بگات و ئەم ئاگرە ببێتە ڕێنیشاندەری بیرو هزری مرۆڤ بۆ گرتنەبەری کرداری چاکە.

پێغەمبەر زەردەشت ئەو وتەو ئامۆژگاریانەی لە ئاهورامازدا وەرگرتووە، کە خواوەندی ئەفرێنەری زەردەشتییەکانە، نیشانە سەرەکییەکانیشی ((بریتی بوون لە ڕۆحی ئەفرێنەر، دادپەروەری، ئامانجی چاك، تەندروستی، ژیانی درێژبوون)) (پاڵس، 2007، 448)، لە ئایینی زەردەشتیدا زۆر گرینگی بە لایەنی تەندروستی باش دەدرێت، پێیان وابوو ئەگەر مرۆڤ تەندروست نەبێت ئەوا ناتوانێت تەمەنێکی درێژ بەسەر ببات، هەروەها ئامانجەکانی بەدی بهێنێت و بەچاوێکی گەشەوە لە ژیان بڕوانێت.

بێگومان هەر ئایینەو دروشم و پەیامی خۆی هەیە بۆ ژیان، وەکو سیستەمێك بۆ پەیڕەوکەرانی ئەم ئایینە، ئایینی زەردەشتی ((سێ پایەی سەرەکی هەیە کە ئایینی زەردەشتی کاری لەسەر دەکات و بە پیرۆزی دەزانێت لەوانە {بیری پاك و قسەی پاك وکردەوەی پاك})))، (ناوخۆش، 2010، 114)، پێویستە لەسەر پەیڕەوکارانی ئایینی زەردەشتی، ئاگاداری وتە و بیرکردنەوە و کردارەکانیان بن، هەر ئەم بیرکردنەوەیە دەبێتە هەوێنی جووڵە و کارەکانیان، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی چاك بیر بکەنەوە، بۆ ئەوەی بەرهەم و کرداری چاکی لێ بکەوێتەوە و لە پەیڕەوی ئاهورامازدا لانەدەن.

بەگوێرەی فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی، ژیان ((مانای ئافراندن، (خولقاندن) و جموجۆڵ و پێگەیاندنە، مانای نیشاندانی ئەقڵ هۆشی (بوون)ە، واتا نیشانەی ئاهورامازدایە، کە بریتییە لە گەوهەری (بوون)، بە مانایەکی دیکە، بریتییە لە ئەڵقەی زنجیری لە یەك نەپچڕاوی خولقێنەری توانای (بوون)، کە لە ڕووناکیەوە دەست پێدەکات، لە ئاکامدا دەگاتەوە ڕووناکی)) (عەبدولحەمید،

2013، 99)، کەوایە ژیان لای زەردەشتییەکان هەموو ئەو جوڵە و چالاکی و بزوتنەوەیەیە، کە بیر و عەقڵ هەڵیدەسوڕێنێ وەکو ئەڵقەی لێك نەپچڕاو.

زەردەشتییەکان گەشبینانە دەڕواننە ژیان، بە دەسکەوتێکی گرنگی دەزانن، لەم بارەیەوە زەردەشت دەڵێت: ((بێگومان ئێمە ژیانمان خۆشدەوێت، ئەو خۆشەویستییە هۆکارێك نییە، کە بڵێین لەبەرئەوەی ڕاهاتووین لە ژیان بەڵکو هۆکارە بۆ ڕاهاتنمان لە خۆشەویستی ژیان، خۆشەویستی ژیان شتێکی شێتانەیە، بەڵام لە نێو ئەو شێتایەتییە حیکمەتی تێدایە، وە نەفسی من(دەروون) کە نەفسێکە زۆر حەز بە ژیان دەکات وای بۆ دەچم و دەبینم، کە ئەو (نەفس) پێی وایە باشترین و زۆرترین نەفس کە هەست بە خۆشی دەکات لە ژیاندا بریتییە لە پەپوولەکان وە ئەو مرۆڤانەی کە وەکو ئەوانن)) (نیتچە، 2006، 63). هەوێنی خۆشەویستی ژیان لای زەردەشتیەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو ئاسوودەیی و بەختەوەرییەی ژیان بە مرۆڤی دەبەخشێت لە ڕێگای کردنی کرداری چاکەوەیە، هەرکاتێك کرداری چاکت ئەنجامدا، ئەوا هەست بە دڵخۆشی دەکەیت و ئەو کات ژیانیشت لەبەر چاو شیرین و خۆش دەبێت.

بۆیە بیرو گوتاری چاکی بە هۆکاری بەختەوەری مرۆڤ داناوە ((ئەو ئایینە لەسەر بنەمای ئەندێشەمەندبوون ڕەگی داکوتاوە و بەختەوەری مرۆڤیشی بە گرینگترین جومگەی ژیان زانیوە)) (عەباسییان، 2015، 41)، تێڕوانینی زەردەشت بۆ مرۆڤ لە ژیاندا، گەیشتنە بە بەختەوەری، مرۆڤ بۆ ئەوەی ژیانی ئامانجدار بێت، پێویستە ئەو ڕێنمایی و وتانەی کە ئایینەکەی بۆی دەستنیشان کردووە، بیگرێتەبەر و جێبەجێی بکات، واتە ((هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ بۆی دیاریکراوە، لە ڕەوتی مێژووکردی خۆیدا، ئەرکی چییە و دەبێت چ بکات بۆ ئەوەی سەرکەتوو بێت و ژیانی ئامانجدار بێت، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، ئاهورامزدا خاڵی جیاکاریی مرۆڤی لەگەڵ بونەوەرەکانی دیکە بە پێدانی عەقڵی سەلیم نیشانداوە)) (کۆمەڵێك نوسەر، 2019، 35)، ئەم عەقڵی سەلیمە خاڵی جیاکەرەوەیە لەگەڵ تەواوی بونەوەرەکانی تر، کە مرۆڤ هەموو ژیانی بە عەقڵ و بیر بەرنامە ڕێژ و ئامانجدار دەکات.

مرۆڤ هەر هەنگاوێك دەنێت لە ژێر فەرمانی عەقڵە، پێچەوانەی بوونەوەرانی تر، هەر بۆیە مرۆڤ بەرپرسی ژیانی خۆیەتی و لە هەموو ئەو کار و کردەوانەی دەپرسێتەوە، کە ئەنجامی داون، کەواتە پێویستە مرۆڤ لە کاری (ئەهریمەن) دووربکەوێتەوە و شەیدایی کاری چاکە و ڕاستی بێت، کەوایە مرۆڤ ((لەبەرامبەر کردەوەکانیدا بەرپرسیاریەتییەکی گرنگ و مەترسیداری لە ئەستۆیە و ئەگەرچی خودا نێو بژیوانی بۆ دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە خودی تاکە، کە خۆبەخۆ بەهۆی کرداری باش و خراپی ڕزگاری دەبێت یان مەحکوم دەکرێت)) (زێر، 2015، 62)، بە

بۆچوونی زەردەشتیەکان مرۆڤ خۆی بەهەشت و جەهەنەمی خۆی دیاری دەکات، ڕاستە خواوەند داوەری دەکات، بەڵام خودی کردارەکانی مرۆڤ دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بەهەشت یان جەهەنەم.

فەلسەفەی زەردەشت ((لەسەر بنەمای ڕۆشنبیری و ئومێد بە داهاتوو و خۆشەویستنی ژیان و زیندەوەرەکان، ئاوابووە، ئەو بەیەك ڕستەی پاك و ڕەوان، دبێژێت: ئامانجی ژیان شادییە، خۆشبەختییە، تا گەیشتن بەرەسایی (کەماڵ)ی مەعنەوی... ئەویش لە ڕێگەی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە و خۆبەخشینەوە دێتە دەست)) (کاکەیی، 2011، 51-52)، ئەم ئاینە بایەخ بە خۆدروستکردنی تاك دەدات بەر لەچاکسازی گشتی، مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرفراز بێت دەبێت ڕاستگۆ بێت و بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدا بێت بۆ چێژ وەرگرتن لە شتە جوان و باشەکانی ژیان، بە واتایەکی تر میهرەبانی و ژیاندۆستی بە خۆرسکی لە مرۆڤ بەرجەستە ببێ و نەك لەبەر یاسا و کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان.

لەلایەکی ترەوە یەکێك لەو چەمکانەی کە زەردەشت گرنگی بایەخی پێ دەدات ڕاستگۆییە، چونکە ((ڕاستی و خۆبەدوورگرتن کە بابەتێکە لە هەموو دینە ئاسمانییەکاندا هەیە، لە ئاڤێستادا گرنگی زۆری پێ دراوە، خۆشی ئەم دونیاو ئەو دونیای دیاری کردووە)) (رضایی، 2018، 25)، کەوایە ئەوەی ڕێگەی ڕاستی بگرێت و کرداری چاکە ئەنجام بدات سەرفراز دەبێت، بەپێچەوانەوە کرداری خراپ مرۆڤ ڕووبەڕووی سەرلێشێواوی و سەرەنجامی  خراپی دەکاتەوە، هەر کەسێك ((ڕێگەی چاکی و ڕاستی هەڵبژێرێت بە پێی دەقی ئاڤێستا کەسیکی زانا و بەختەوەرە و ئەوەی ڕێگەی چەوت و خراپی هەڵبژیرێ، بەرەو هەڵدێر هەنگاو دەنێت)) (حەسەن، 2012، 63)، کەواتە مرۆڤی زانا و ژیر ئەو کەسەیە، کە ڕێگەی ڕاستی دەگرێتەبەر دواجار دەبێتە جێگای ڕەزامەندی خوداوەند ئاهورامازدا، ئەوەی ڕێگەی خراپەش بگرێتەبەر، بەختەوەر نابێت و ڕووە و نەگبەتی و ئازار و ئەشکەنجە دەبێتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت پەیامی ئایینی زەردەشت بۆ مرۆڤایەتی گوفتاری چاك و کرداری چاکە کردنە. بەم پێیە زۆرینەی ئایینەکان مرۆڤ هان دەدەن بۆ کردنی کاری چاکە، بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری ڕاستەقینە.

**2- ژیان لە دیدی ئایینی جولەکە (یەهودی):**

ئایینی جولەکە بە یەکێك لە ئایینە کۆنەکان هەژمار دەکرێت، کە بەر لە ئایینی مەسیحی و ئیسلام هەبووە، ئەم ئایینە پێغەمبەر یعقوب (ع. س.) ڕابەرایەتی کردووە، ئێستاش پەیرەوکەرانی ئایینی جولەکە لە جیهاندا هەیە. ئەم ئایینە پێغەمبەر موسا (ع.س) ناودارترین پێغەمبەریان بووە، چەندین پێغەمبەری تر بۆ ئەم قەومە، کە ناسراون بە (بەنو ئیسرائیل) نێردراوە.

پەیڕەوانی ئایینی جولەکە، کە هەڵگری کتێبی (تەورات)ن، خۆیان بەوە ناساندووە کە ((فەلسەفەی ئایینی یەهود ئازادی و پلەو پایەی مرۆڤە، کە لە جیهاندا بە (هیومانست) ناوزەد دەکرێت، ڕەوشێکی ژیانە کە بەسەختی دابونەریت و شەریعەتی ئایینەکەی بە ژیانی ڕۆژانەیەوە دەبەستێتەوە، بۆ یەهودیەك تۆبە کردن شەریعەت و پایەی ئایین و ئایندارییە)) (مالرۆب، 2006، 64)، ئەم باوەڕەی جولەکەکان کە هەیانە بۆ ئایینەکان، لە جیهاندا بە توونددترین باوەڕ بۆ ئایینی خۆیان دادەنرێت، هەر بۆیە بۆنە ئایینەکانی خۆیان بە پێش هەموو کارێکی نیشتمانی دەخەن.

گرینگیدانی جولەکەکان بە ژیان، لە تێڕامانمان بە هەڵسوکەوتیان و دونیا بینینیان بۆ داهاتوو جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئایینەکانی تر، ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین ئەوەیە کە یەهودیەت سەبارەت بە ژیان ((ئامانجی پەرستشەکانیان بۆ گەورە کردن و پیرۆز کردنی ژیانە، بەو واتایەی کە ژیان لە گشت پیرۆزیەکان پیرۆزترە)) (سمیث، 2007، 377)، لێرەدا ڕوونە، کە جولەکەکان لە ئێستادا هەموو هەوڵ و تەقەلایەکییان بۆ خۆش کردنی ژیانی خۆیانە، ئەمەش بە هەر نرخێك بێت و لەسەر ژیانی هەر کەس و نەتەوەیەکی تر بێت. ژیان لای یەهودیەکان ئەم ژیانەیە کە تیایدان، ئەوان باوەڕیان وایە کە بۆ ژیان بژین و بۆ ژیان بمرن.

بەشی زۆری پەیڕەوانی ئایینی جولەکە گرنگی تەواو بە ژیانی دونیا دەدەن و کەمترین پەیڕەوانیان باسی ژیانی دوای مردن دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەم دونیا پەرستی و هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی ماددە، ئەم ژیان ویستییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێیان وایە ڕۆحی هەموو بوونەوەران یەك شتە ((ڕۆح لە مرۆڤ و گیانلەبەردا یەکە، ئەگەر بمانەوێت وەسفێکی ڕاستەقینەی بکەین، هەر ئەوەیە کە لەسەر دونیادا دەژییێت، بەڵام دوای ئەم ژیانە تەواو نەزانراوە کێ مردوویەکی گێڕاوەتەوە تاکو بزانێت ژیان لەوێ چۆنە؟ هەر بۆیەش باشترین ژیان ئەوەیە لێرەدا باش بژین)) (سیف، 2007، 184)، کەواتە ئەم هۆکارەیان بۆ دونیا پەرستییەکەیان هێناوەتەوە، کە تا ئێستا هیچ مردوویەك نەگەڕاوەتەوە، بۆیە بەپێی باوەڕی جولەکەکان واباشترە مرۆڤەکان بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدەن، ژیانی ئەم دونیایەیان بەخۆشی بەسەر ببەن. دەتوانین بڵێین جولەکەکان پێیان وابوو پاداشت و سزا هەر لەم ژیانەدا هەیە، ژیانی تر نییە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ژیانە بەخۆشی بگوزەرێنن. ئەمە بیروڕای پیاوانی ئایینی دوای موسا بوون، بەڵام بەشێك لە پیاوانی سەردەمی موسا باوەڕیان بە ژیانی دوایی مردن هەبوو.

**3- ژیان لە دیدی ئایینی مەسیحیدا:**

زیاتر لە شەش سەدە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام، لە زۆربەی ناوچەکانی سەر زەوی ئایینی مەسیحی پەیڕەو دەکرا، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا، ئەم ئایینە پەیڕەوانی هەڵگری پەیامی

ئاسمانی (ئینجیل)ن، کە لە لایەن پەیامبەری خوا (عیسای کوڕی مەریەم) بە شوێنکەوتوانی گەیەنرا، ئەم ئایینەش وەك هەر ئاینێکی تر، بانگەوازی بۆ دادپەروەری و ڕەوشتی ژیاری و یەکتاپەرستی دەکرد، مەبەستی بوو هەموو تاکێك لە ماف و ئەرکدا یەکسان بن، داوای لێ دەکردن کە تەنیا یەك خوا بپەرستن، بۆ ئەوەی ژیانیان لە دونیا و دوارۆژ خۆش و کامەران بێت، لە ((ئایینی مەسیحی واهاتووە، کە ژیان بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو لە هەموو ژیانێکدا واتا و مەبەستێك هەیە، مەسیحییەکان باوەڕیان وایە، کە خوا زەوی و هەرچی لەسەری دەژیت ئەو دروستی کردووە، هەروەها خوا ئادەمیزادی دروستکردووە و خۆشی دەوێت، بۆ ئەوە دروستی کردوون تاوەکو بیپەرستن و پەیوەندیان لەگەڵی بەردەوام بێت، وەداوا لە ئێمە دەکات یەکتریمان خۆش بوێت)) (Christianity life https://christianity.org/)، لێرەدا پەیامەکە ڕوونە، کە ئایینی مەسیحی هەڵگری پەیامی خۆشەویستی نێوان تاکەکانە، ئەم خۆشەویستیەش بە دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ خودا پەیدا دەبێت، هەموو ئەمانەش بە پەرستن و جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو فەرمانانەی، کە لە پەیامەکانیدا لە ڕێگەی پەیامبەرەکەیەوە ناردوویەتی.

ئایینی مەسیحی هەڵگری خەسڵەتی ژیارییە بۆ ئەوکاتەی کە دابەزیووە، ئەم ئایینە لە کاتی خۆیدا توانیویەتی ڕۆڵێکی ئەرێنی زۆر باش ببینێ و ((کەلتورێکی زۆر شارستانیان بەرهەم هێناوە، کۆمەڵگەی ڕێك و پێکی وەها، کە شوێن کەوتوانی (یەسوع) سەردانیان بکەن و پێیان سەرسام بن)) (دانیال ، 2007، 27)، ئەو کەلتورەی بەر لە دوو هەزار ساڵ لە ئایینی مەسیحی هاتە ئاراوە و پەیڕەوی لێکرا، تا ئێستاش لە بەشێك لە شوێنکەوتووانی پەیڕەوی لێ دەکەن، چونکە هەڵگری پەیامێکی ئاکاری بەرز بوو بۆ تاکەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵگە.

ژیان لە ڕووی ئایینییەوە بۆ دوو بەش دابەش کراوە، ژیانی دونیا، کە کەمترین بایەخی پێدراوە، چونکە بە وێستگەیەك دانراوە، کە تیایدا مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کەم دەمێنێتەوە، دواتر گەشتی یەکجاری دەکات بۆ ژیانیکی تر کە نەبراوەیە، کە ئەم بەشەیان بەشی ڕاستەقینەیە، پەیامبەر عیسا (ع.س) وەسیەتی کرد بۆ شوێنکەوتووانی، کە ((هەوڵ بدەن واز لە خۆشیەکانی دونیا بهێنن، چونکە خۆشی دونیا ئەگەر وەکو زێڕ وابێت هێندەی کاتێکی کەمە کە زێڕەکە لە ناو بچێت)) (رحیم، 2007، 114)، مەبەستی ئەم وەسیەتە ئەوەیە، کە خۆشیەکانی ژیان کاتین و کۆتایی یان دێت، بەڵام خۆشیەکانی دوارۆژ بەردەوامن و نابڕێتەوە و کۆتایی یان پی نایەت.

لە جوانی ئایینەکان خزمەتکردنی ژیانی مرۆڤایەتیە، هەماهەنگی نێوان ئایینەکان، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی، چونکە ئەم دوو ئایینە زۆرترین پەیڕەوانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، خاڵی هاوبەش لە نێوان ئایینەکان بریتییە لە خۆشەویستی و یەکتاپەرستی و ژیانی

ژیاری، ئەگەر بێت و ((ئەم بیرۆکەیە سەر بگرێت، تەنیا لەلای بیرۆکەی ئاینییەوە نەبێت، بەڵکو درێژە پێدەری هەبێت بۆ تێکەڵکردنی بەهایەکانی ژیان لە لای مرۆڤ، وە هەڵسوکەوتی ڕەوشتی لە ڕاستی ژیاندا، بۆ ئەوەی ڕاستیەکانی هەر لایەنێك دەرکەوێت سەبارەت بە لایەنەکانی ژیان، بەمەش هەڵگری ڕێبازی هەر لایەنێك دەتوانێت لە هەڵسوکەوت و جوڵانەوەی لایەنی بەرامبەری تێ بگات)) (کۆمەڵێك نوسەر، 1994، 34)، لە دیارترین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئایینەکان، هەموویان بۆ خزمەتی ژیانی مرۆڤایەتییە، بەتایبەتی خاڵی هاوبەشی نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی، ئەگەر ئەم خاڵە هاوبەشانە لێك بدرێن، دەستکەوتی گەورەو بە بەهای دەبێت بۆ خزمەتی ژیانی مرۆڤایەتی.

لە ئایینی مەسیحیدا، خزمەت بە مرۆڤایەتی بۆ ژیانێکی ئاسوودە پەیامی سەرەکییە، بۆیە تا ئێستاش ((خەڵکانێکی مەسیحی هەن کە ژیانی خۆیان لەگەڵ پەیامی ئینجیل ڕێك دەکەن، بەڵام ئەوانەش زۆرن، کە ئایین بۆیان بێجگە لە دابێك (عادەت) یان فەلسەفەیەکی ژیان شتێکی تر نییەو هیچ ئارەزوویەکیان بۆ خواو خوا ناسی نییە)) (مالرۆب، 2006، 178)، وابەستەبوونی خەڵکی بۆ ئایینی مەسیحی لە دونیای ئێستادا، لە دوو خاڵ تێناپەڕێت، ئەوانیش بریتین لە:

1-وەرگرتنی ئایین وەکو عادات و دابونەریت، کە لە باوباپیرانیان بۆیان ماوەتەوە و بووە بە کەلتوریان.

2-حەز نەکردن بە ئایین بەهۆی بوونی فکری فەلسەفی بۆ ژیان، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپا، کە هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەخۆیان بە کلێسا و پیاوانی ئایینی کلێسا، زۆر بە کەمی نەبێت نەماوە. کەواتە ئایینی مەسیحی وەکو ئایینێکی ئاسمانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوایە، نەوەکو بیری پیاوانی کەنیسە، کە لە دوای پێغەمبەر عیسا (د.خ) بە تەواوی ئایینی مەسیحیان لە ژیان و کۆمەڵگە دوورخستەوە.

**4- ژیان لە دیدی ئایینی ئیسلامدا:**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام بایەخێکی گەورە و فراوانی بە ژیان داوە، هەر لە قورئانی پیرۆزدا وشەی (الحياة)، کە بە واتای ژیان دێت (145) جار هاتووە، ئەمەش بە واتای گرنگی و بەها و بایەخی ژیان دێت، ئەوەتا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (لَهُمُ الْبُشْرَىٰ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ) (سورەتی یونس، ئایەتی 64)، واتە: ((ئەو ئیماندارانە لە دونیا مژدەی سەربەرزییان پێ دەدرێ و لە ڕۆژی دوایشدا مژدەی بەهەشت)) (شوان، 2019، 216).

ژیان لە ئایینی ئیسلامدا بە دوو واتا بەکارهاتووە، یەکێکیان ئەم ژیانەی ئێستایە، کە ژیانی سەر (دونیا)یە و بۆ ماوەیەکی کاتی مرۆڤ پێیدا وەکو ڕێبوارێك گوزەر دەکات، دووەمیان ئایینی

ئیسلام زیاتر مەبەستیەتی و جەختی لێ دەکاتەوە، کە ژیانی دوای مردنە (ڕۆژی دوایی)، چونکە بە پێی دەقە پیرۆزە ئایینییەکان، ژیانی دوای مردن بێ کۆتاییە و (( خوای گەورە ئایینی ئیسلامی داناوە، بۆ ئەوەی ببێت بە بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی، کە دەقاو دەقی بڕیار و ڕێنماییەکان لە ژیاندا بەڕێوە ببەن، چونکە هیچ بوارێك نییە لە بوارەکانی ژیانی دونیا، کە ئایینی ئیسلام بڕیار و ڕوونکردنەوەی لە بارەیەوە نەدابێت، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ئەو ئامانج و مەبەستەی بۆی دروستکراون جێبەجێ بکەن)) (بن عبدالله، 2017، 7)، هەموو دەقە ئایینییە ئاسمانیەکان بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی هاتوتە خوارەوە، ئایینی ئیسلامیش یەکێکە لەو ئایینە ئاسمانییانەی، کە دوا پەیامی خواییە بۆ مرۆڤایەتی، تا پێوەی پابەند بن و بەرنامەکەی جێبەجێ بکەن.

ئایینی ئیسلام قورئانی پیرۆزی وەك دەستورێك بە بەڵگەی یەکەم داناوە بۆ ژیان کردن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی دوو ژیان بۆ مرۆڤ، وەکو پیشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەو پەیامانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، دەبێتە ئامانجێك بۆ ژیانی مرۆڤەکان، کەواتە ژیان لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە ئامانجدارە، لە لایەکی ترەوە دەربارەی هاندان و ڕێنمایی کردنی مرۆڤ، بۆ ئەوەی لە ژیاندا کاری چاك وکردەوەی باش بکات بە دروشمی خۆی.

ئیبراهیم احمد شوان دەربارەی ئامانجداربوونی ژیان دەڵێت: ((مرۆڤی تێگەیشتوو دەبێ بزانی ژیان بێهودە نییە و ئەو خوایەی گەردوونی داهێناوە هەمووی بە یاساو بۆ مەبەستێکی تایبەتییە)) (شوان، 2001، 250)، ئایینی ئیسلام جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ بەبێ هۆ دروست نەکراوە، بەڵکو دەبێت ئامانجی لە ژیان هەبێت، هەروەها هەموو بوونەوەرەکانی ناو ئەم گەردوونە بێ حیکمەت نەخولقێنراون، خودا هەموو بە یاسای خۆی ڕێکخستووە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو.

ئەگەر هاتوو تێڕامانێك بکەین، بۆ لایەنی ئەخلاقی و ڕەوشتی لە ئایینی ئیسلامدا، دەبینین کەوا ڕەوشتی ئیسلامی، کۆکەرەوەی بەهایەکان و نموونە مرۆڤایەتییەکانە، هەروەها نموونەی ڕەوشتە بەرزەکانە، ئەمەش ((لە حیکمەتی جێبەجێ کردنی دەستوری چەسپاوی ئیسلام وەدی دێت، دەبێت پەرستشەکان ببن بە ڕێکخەرو پاککەرەوەی نەفس و هەڵسوکەوتی تاکەکان، بەرز ڕاگرتنی ڕەوشتەکانیان و پەرستشەکان دەبێت کاریگەریان لەسەر هەڵسوکەوتی باوەڕدار هەبێت، لەبەرئەوەی پەرستشەکان بریتی نین لە کاری بێ بنەماو بێ ئامانج، بەڵکو بریتین لە دەستورێك کە تیایدا مرۆڤ پایەبەرز دەبێت، لەلای خەڵك و خوا)) (عبدالجلیل، 2019، 96)، کەواتە ئەگەر مرۆڤ کردەوەکانی هاوسەنگ نەبێت لەگەڵ ئەو بنەمایانەی لە ئایینەکەیدا هەیە و جێبەجێی نەکرد و لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردن لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەکەیدا ڕەنگی نەدایەوە، ئەوا بێگومان

خۆشبەختی بە دەست ناهێنێت، لەبەرئەوەی ((ئایین بەسەرچاوەی سەرەکی هەڵسوکەوتی تاکەکان هەژمار دەکرێت لە ژیانیدا و لە نێو کۆمەڵگەدا، بەکردار کردنی پەروەردە ئەخلاقیەکان ئەوانەی کە هەڵسوکەتی مرۆڤەکان دیاری دەکەن، پێش ئەوەی ببێتە پەرستشیك بۆ خوا، یاخود ببێت بە هیوایەك بۆ ژیانێکی سادە و خۆش، لەسەر زەوی یان پاداشتێك لە ڕۆژی کۆتاییدا)) (همو، 2003، 59)، ئەو دەستور و بنەما ژیارییانەی ئایینی ئیسلام دایناوە، هەمووی لە سوودی تاك و ڕێکخستنی کۆمەڵگەدایە، تەنها داوای شتە باش و چاکەکان لە مرۆڤ دەکات، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێمەی مرۆڤدایە، لە ((فەلسەفەی ئیسلامدا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، کە ڕێگەی بە دڵخۆشی مرۆڤەکان داوە، بە ئاسودەیی بژین لەسەر زەوی و چەند کاتێکی بۆ دڵخۆشییەکانیان دیاریکردووە، بەدەر لە ژیانی ڕۆژانەیان، دەستور و یاسای بۆ داناون، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، کە هیچی پێچەوانەی ئەقڵ نییە و مەحاڵ نییە بۆ جێبەجێ کردن)) (مرزوقی، 2005، 17)، ئەمەش ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە کە هەندێك پێیان وایە ئایین ڕێگرە لەبەردەم خۆشی و ئازادییەکانی ژیاندا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئایین هەموو خۆشیەکانی بە یاساو لەکاتی گونجاوی خۆیدا بۆ مرۆڤ فەراهەم کردووە، ئازادی بە تاکەکانیش بەخشیووە لە چۆنیەتی ژیانکردن و هەڵگرتنی بیرو باوەری جیاواز.

تێگەیشتنی (لیوبولد فابس(محمد اسد) بۆ ژیان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەوەیە کە ((مرۆڤ لە ئیسلامدا ناچار نەکراوە، بۆ ئەوەی خۆشیەکان وەلا بنێت، پێویستی بە کردنەوەی دەرگەی لاوەکی نییە بۆ ئەوەی ڕۆحی خۆی تیا پاك بکاتەوە، لەبەرئەوەی ئیسلام فەلسەفە نییە، بەڵکو شێوازی ژیانە)) (فرحات، 2005، 15)، ئایینی ئیسلام نەبۆتە هۆی ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ شێوازی ژیان کردن بەڵکو ڕێگەی پێداون خۆیان بیر بکەنەوە و بگەن بەو عەقیدەیە. ئایینی ئیسلام تەنیا لە دەستوور و یاسا پێکنەهاتووە، بەڵکو کرۆکی ژیانە، قوڵبۆتەوە بۆ ناو هەموو لایەنەکانی ژیان، ((ئایینی ئیسلام بە بەراورد بە لەگەڵ ئایینەکانی دیکەدا، تەنها لە کۆمەڵێك باوەڕ و ڕێوڕەسمی دیاریکراو پێکنەهاتووە، بەڵکو سیستەمێکی دەوڵەتی و حوکمڕانیشە، دیدگا سیاسی و مەدەنییەکانی بۆ کاروبارە دونیاییەکان بە ئاشکرا دیارن)) (بشرية، 2010، 233)، لە کۆی ئەم بیروبۆچون و لێکۆڵینەوانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئایینی ئیسلام هیچ لایەنێکی ژیانی فەرامۆش نەکردووە، هانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات بۆ کردنی کاری چاکە، لە پێناو بەختەوەربوونی خود و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ژیاری و شارستانی.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوا لە مرۆڤایەتی دەکات، هەمیشە باشترینەکان ئەنجام بدەن، بێگومان ئەو داوایەش بۆ مرۆڤەکان دوای بیرکردنەوە و قەناعەت و گەیشتنە ئەنجام دەبێت، لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز داکۆکی لەسەر وشیاری مرۆڤەکان دەکات و داوایان لێ دەکات

بیر له دروستکراوەکانی خوای گەورە بکەنەوە، کە هەموو شتێکی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، خوای گەورە ئازادی تەواوی داوە بە مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی ئایین، جگە لەمەش هەموو شتێکی لە قورئانی پیرۆز ڕوونکردۆتەوە بۆ بەندەکانی، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان تەواو بیری لێ بکەنەوە و پاشان بڕیاری لەسەر بدەن، کە چ شتێك باش و چاکە بۆ ژیان تا پەیڕەوی بکەن. خوای گەورە لە چەندین شوێن لە قورئانی پیرۆز ئەو وشانەی واتای بیرکردنەوە دەگەیەنن وەکو {یتفکرون، یتذکرون، یذکرون} هێناوە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان پێش ئەوەی هەر کارێك بکەن تەواو بیری لێ بکەنەوە، بۆ نموونە لە سورەتی (ص)دا خوای گەورە دەفەرموێت: ((كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ (29) واتە: ((ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامان بەزاندووە بۆ تۆ، بۆ ئەوەی ئایەتەکانی لێکبدەنەوە و بیری لێ بکەنەوە، بۆ ئەوەی خاوەن بیروهۆشەکان پەند و ئامۆژگاری وەربگرن و تێفکرن)) (محمد أمین، 2004، 455)، بەم پێیە مرۆڤ لە دونیابینی ئیسلام بونەوەرێکی ئەقڵییە و پێویستە لەم قورئانە و دیاریدە گەردوونیەکان و بوون بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن و ببێتە ڕۆشنکەرەوەی هەردوو دونیای، بەمەش خەڵك ((دەبێت بە ئەقڵ حیکمەتی ئەو قورئانە بدۆزێتەوە و کاری پێ بکات، ئەمەش واتە ئیسلام دژی لاسایکردنەوەیە)) (کۆمەڵێك نوسەر، 2019، 17)، خوای گەورە داوا لە مرۆڤەکان دەکات بەهۆی بیرکردنەوە و تێرامان لە دروستکراوەکان و دەسەڵات و گەورەیی ئەو تێبگەن، دژی ئەوەیە ئایین بە لاسایکردنەوە وەربگرن، بەڵکو دوای بەدواداچوون و دەرکەوتن و زانینی ڕاستیەکان و بەگەڕخستنی ئەقڵ لەم بوارەدا، ئینجا بیپەرستن. بەم پێیە دەگەینە ئەو ڕایەی، کە ئاینی ئیسلام ئەقڵ بە باڵا دەسترین ئەندامی مرۆڤ دادەنێت، پێویستە لە چاکەدا بەکاری بهێنێت، بۆ ئەوەی خۆیی و کۆمەڵگەکەی بە ئاسوودەیی بژین.

**تەوەری سێیەم: بەهاکانی ژیان**

بەها وەکو وشەیەکی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا بە دەستەواژە و هاوواتای تر بەکارهاتووە، ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێویستە، ئەمەیە کە وشەی بەها لە هەردوو ڕووی فەرهەنگی و زاراوەییەوە شیبکەینەوە.

**یەکەم: بەها لە ڕووی فەرهەنگییەوە:**

بەها لە زمانی ئینگلیزی بە (values) دەنووسرێت، ئەمەش بە واتای ((پلە، بایەخ، ڕێزگرتن، گرینگی پێدان هاتووە، لە زمانی فەڕەنسیش بە (valeur) دەنووسرێت، کە بەواتای: نرخ، ڕێژە، دراو)) هاتووە، (منسور و خوڵقی، 2013، 2011)، لە فەرهەنگی (المنجد في اللغة العربية المعاصرة)، کە فەرهەنگێکی (عەرەبی- عەرەبی)یە، بەها بە واتای ((سعر، ثمن،- واتە: نرخ، بەها)) هاتووە، (مجموعة من الكتاب، 2013، 1198)، لە فەرهەنگی نۆبەرەی (گیو موکریانی)ش، کە فەرهەنگێکی (عەرەبی- کوردی)یە، وشەی بەها بە واتای ((نرخ، بایی، مەزەندە)) هاتووە، (موکریانی، 2017، 442)، لە فەرهەنگی کاوە، کە فەرهەنگێکی (فارسی- کوردی)یە، بە واتای ((نرخ، بایی، شیاو)) هاتووە، (شوانی، 2007، 79)، هەر لەم بارەیەوە لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە کە فەرهەنگێکی (فارسی –کوردی)یە بەها بە واتایی (نرخ، گران قیمەت) هاتووە (موکریانی، 2006، 87)، بە چەندین جۆری تریش هاتووە، بەڵام بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەم چەند فەرهەنگەی سەرەوەمان ئاماژە پێ کردووە. لەو فەرهەنگانەوە دەردەکەوێت بەها واتە نرخ.

**دووەم: پێناسەی بەها لە ڕووی زاراوەییەوە:**

بەهاکان کۆمەڵە چەمکێکن ڕۆڵیان لە ڕێکخستن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەدا هەیە، بێگومان ئەو بەهایانەش لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت، بەهایەکان کۆمەڵێك ((بنەمای سەرەکین یاخود پێوەرن لە ڕێگەیانەوە تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆ دارشتنی ئامانج و نموونە باڵاکانیان کار دەکەن)) (العجیلی، 1985، 38)، کەوابێ بەهایەکان بنچینەیەکی سەرەکین لە بنیاتنان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی تاکی کۆمەڵگەدا، بەهۆی پەیڕەوکردنی بەها جوانەکان و جێبجێکردنیان لەلایەن تاکەوە، کۆمەڵگە وەکو نموونەی باڵا دەردەکەوێت، هەر کۆمەڵگەیەك بە گوێرەی ژینگەکەی (گوند یاخود شار) کۆمەڵێك پێوەر و بنەما دادەنێن و پێوەی پابەند دەبن، بە ئامانجی جیاکردنەوەی کارە باش و جوانەکان لە کارە خراپ و ناپەسندەکان، چونکە ((بەها دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کەلتورییە، یارمەتی وابەستەبوونی بەشەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، هەڵدەستێت بە جێبەجی کردنی ئەرك و فەرمانەکانی ناو کۆمەڵگە، وەکو کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی تاکەکان، بەمەبەستی هاتنەدی و ڕێکخستنی لەگەڵ ئەو ڕێساو سیستەمە گشتییەی بۆیان داندراوە)) (هرزانی، 2005، 30)، لێرەدا بەهایەکان ڕۆڵی گرینگییان هەیە لە ئاڕاستەکردنی تاك و کۆمەڵگە، چوارچێوەیەك بۆ ڕەفتارەکانیان دیاری دەکات، ئەرکەکانیان لە بارودۆخە جیاوازەکان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەستنیشان دەکات.

بەهایەکان وەکو سیستەمێکی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەکار دەهێندرێت، بەهایەکان پێگەی تایبەتیان لە نێو هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە و وەك کەلتوری خۆیان دەیپارێزن. ئەم بەهایانە کاریگەریان لەسەر هەڵسوکەوتی تاك دەبێت، کەواتە بەهاکان ((بریتین لە بیرو بۆچوون و پرەنسیپی ڕێکخراو تایبەت بە کۆمەڵگە و هەوڵدەدات لە پیناو ئامانجی هاوبەشدا کاربکات بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان و تێرکردنی پێداویستیەکانیان بەمەش ئەم بەهایە مانای ژیان دەگەیەنێت بە کۆمەڵگە و ئامانجی مانەوەی دەبێت)) (سلیم، 2014، 14)، لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بەهایەکان دەبنە هۆکار بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تاك و کۆمەڵگە.

هەر کۆمەڵگەیەك بەهای تایبەت بەخۆی هەیە و ڕەنگی داوەتەوە لەناو کۆمەڵگە، ئەم بەهایانەش لە ئەنجامی ئەزموون کردن لەسەری ڕێککەوتوون، دواتر هەر ئەم بەهایانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە زۆربەی بوارەکانی وەکو (ئەدەبی، دەروونی، تەندروستی،...هتد)، کاریگەریەکەی بە شێوەیەکی ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت و گۆشەیەك لە چوارچێوەی ئەم لایەنانە داگیر دەکات، بە بڕوای وفاء القاشوطی ((بەهایەکان گۆڕانکاریان بەسەر دادێت بەپێی کات و شوێن)) (القاشوطی، 2005، 251)، کات و شوێن دوو هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی بەهای جیاواز لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، چونکە هەندێك بەها بەپێی کات بەشێوازێکی هێواش و لەسەرخۆ لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاری و شارستانییەت لەناو دەچن.

هەندێك بەهاش لە نێو کۆمەلگەدا وەکو دەستوورێك و لە ڕێگەی ئەم بەهایانەوە دەستنیشان و چارەسەری کۆمەڵێك پرس لە ژیانی مرۆڤدا دەکات، لەبەر ئەمەیە کە بەهایەکان ((کۆمەڵە پێودانگێکن کە تاکەکان سەبارەت بە کردەوەی خۆیان و کردەوەی ئەوانیتر بە بەراورد دادوەری دەکەن، ئەوان پێمان دەڵێن خەڵك دەبێت بە دوای ئامانجگەلێکدا بگەڕێن، چی پێویست و چی ڕێگەی پێ نەدراوە، چی ئابڕومەندانە و چی بێ شەرمی لێدەکەوێتەوە، چی جوان و چی ناشیرنە)) (شارون، 2003، 196)، کردەوەی تاك لەگەڵ خود و ئەوانی دەوروبەر بەراورد دەکرێت، ئەم بەراوردە پێوەرە بۆ ئەوەی خەڵکی بڕیار بدات، کە ئایا کام بەها ڕێگەپێدراوە و جوانی و شەرەفمەندانەیە بۆ تاك، کە لە نێو کۆمەڵگەدا ئەنجامی بدات، وە چ بەهایەك ناشیرین و ئابڕوومەندانە و ڕێگە پێنەدراوە، کە کۆمەڵگە ڕێگەی پێنەدات.

هەر کۆمەڵگەیەك هەڵگری کۆمەڵێك دەستوور و بیروباوەڕە، کە ئەم دەستوور و بیروباوەڕانە بووە بە بەها بۆ تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، لێرەدا دەکرێت بەها وابناسێنین، کە ((بریتییە لە هەندێك ستانداردی هزری و ویژدانی، کە تاکەکان بڕوایان پێیەتی، وە بەڕەزامەندی تاکەکان خۆیان مامەڵە لەگەڵ شتە بەهادارەکاندا دەکەن)) (المعایطة، 2004، 185)، لێرەدا ئەو بڕوایەی

تاك به بەهایەكان هەیەتی، پەیوەستە بەو مامەڵەیەی تاك لەگەڵ كەلتوری بەهاداری خۆیدا دەیكات، بەڵام ئەم ستانداردی بەهایانە لە ڕوانگەی نیتشەوە پێچەوانە بەڕاست زانراوە، ئەو باوەڕی وایە ئەم ((ئەحكامانە كە ناوی لێ دەنێین(ئەحكامی ڕەوشتی)، ئەمە لە ڕاستیدا ئاڕاستەی نەكراوە بۆ بەرژەوەندی تاك و بەدەست هێنانی بەختەوەری بۆیان، بەڵكو ئەو ئەحكامە ڕەوشتیانە بۆ ئەزیەتدانی كۆمەڵگەیە، تا ژیانیان لی تێك بدات)) (عبداللطیف، 2010، 89)، هەموو ئەو ئەحكامانەی كە هەڵگری پاراستنی بەها ڕەوشتی و كۆمەڵایەتیەكانن، بۆ بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵگە بەرهەم هاتووە، گەر ئەو دەستوور و یاسایانەی بۆ بەرژەوەندی بەها ڕەوشتیەكان لە كۆمەڵگەدا نەبن، ئەوا كۆمەڵگە لە ڕووی ژیارییەوە بەرەو كۆمەڵگەیەكی دواكەوتوو دەچێت.

بەگشتی بەهایەكان هەڵگری كۆمەڵێك خەسڵەتن، كە لە ((كۆمەڵێ یاسا وەرگیراوە، لەو بارودۆخە كۆمەڵایەتییەی كە تاك تێیدا دەژێت و حوكمی پێ دەكات و بوارە فكری و ڕەفتارییەكانی خۆی پێ دیاری دەكات و كاریگەری دەبێت لە فێربوونی ڕاستگۆیی و متمانەو ئازایەتی و دۆستایەتی و بەرپرسیارێتی)) (الدخیل، 2006، 222)، ئەو بنەمایانەی كە ئاماژەیان بۆ كراوە، هەڵگری بەهای تایبەت بە خۆیانن، لە كۆمەڵگەیەك بۆ كۆمەڵگەیەكی تر جیاوازە، پاراستنی ئەم بەهایانە ئاستی وشیاری تاك لە كۆمەڵگەدا پیشاندەدات.

لە كۆی ئەم پێناسە و باسانەی دەربارەی بەها كردمان، دەگەینە ئەو ڕاستییەی كە بڵێین بەها وشەیەكی گشتگیری كۆمەڵایەتییە، تاكەكانی كۆمەڵگە هەڵگری كۆمەڵێك ئاكار و ڕەفتارن، وەكو نەریت پێوەی پابەندن، لایەنە ڕەوشتی و كۆمەڵایەتییەكانی ژیاری كۆمەڵگە لە دیاردەی قێزەون و نامۆ دەپارێزێت، هەڵگری خەسڵەتی جیاوازە لە كۆمەڵگەیەك بۆ كۆمەڵگەیەكی تر.

**سێیەم: جۆرەكانی بەها:**

بەهایەكان جۆراو جۆرن، لە كۆمەڵگەیەك بۆ كۆمەڵگەیەكی تر دەگۆڕێت. لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە بەشێكیان دەكەین و دەیانناسێنین:-

**1-بەها كۆمەڵایەتییەكان:**

بەها كۆمەڵایەتییەكان لە ڕێگەی دەربڕین و ڕەفتارەوە بە دیار دەكەوێت و دەبێت بە ڕەمزێك بۆ كۆمەڵگە، دەتوانین بڵێین ڕەفتاری هەر تاكێك بە بەهاكان دەپێورێت، ڕەنگدانەوە و تێبینی كردنی بەهاكان دەبێتە هۆی ئەوەی شتە پەسەند و ویستراوەكان لە كۆمەڵگەدا بڵاوبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆكارێك بۆ بنیادنانی كۆمەڵگەیەكی پێشكەوتووتر، هەر لەم بارەیەوە توانا محەمەد أمین دەڵێت: ((بەها ئەو پاڵنەرە (ئایدۆلۆژیە)یە، كە كار دەكاتە سەر هزر و ڕەفتاری مرۆڤ، یاخود شێوازێكی ڕەفتاریە كە هزر و بیروباوەڕەكانی مرۆڤ كار تێ دەكات، ئەم شێوازانەش ڕەفتاری

مرۆڤ دەخەنە قالبێکی دیاریکراوەوە، بە جۆرێك لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگە داوای دەکات و بە باشی دەزانێت، بسازێت)) (محمد أمين، 2012، 12)، لێرەدا بەهایەکان وەکو پێوەرێك بۆ دیاریکردنی ڕەفتاری تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك بەکاردێت، چونکە بە پێی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە جیاوازی لە چۆنیەتی و چەندێتیدا دروست دەبێت، بەگشتی هەموو کۆمەڵگەیەك خاوەنی ئەو بەها بنەڕەتیانەن کە تاکەکانی پێیەوە وابەستە بوون.

**2-بەها ژیارییەکان:**

بەها ژیارییەکان لە ژیانی تاکدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە مرۆڤ لەسەرەتای بوونییەوە تاوەکو ئێستا و بەردەوامیش، هەوڵدەدات ژیانێکی ژیاری شارستانی پێشکەوتوو بۆ خۆی و نەوەکانی دوای خۆی دابین بکات، بەهایەکان گرنگن لە ((ڕێکخستنی ژیانی تاکدا، تاك پێویستی بەردەوامی بە سیستەمێك بۆ بەها هەیە، کە لەڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە جۆراو جۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەدا دەکات)) (پەتی، 2007، 13)، ڕێکخستنی ژیانی تاك بەپێی سیستەم هۆکارێکە بۆ دروست کردنی ژیانێکی ژیاری شارستانی بەهادار.

**3- بەها ڕەوشتییەکان:**

یەکێکی ترە لەو بەهایانەی لە ژیانی تاکدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە ژیانی تاك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە ڕووی ڕەوشتییەوە جیاوازە، پاراستنی ڕەوشتی ((بەهاکان و جۆرەکانی پابەند بوون، ئەگەرچی ڕێژەییە، بە پێی ویستی کەسەکانە، کە ئەویش بابەتییە و بە واتایی ئەوە دێت مرۆڤەکان بە هەندێك شت کاریگەر دەبن)) (عطية، 2010، 135)، ئەم بەها ڕەوشتییە کاریگەریان لەلای تاك لەسەر هەندێك شت زیاترە بەسەر هەندێك لە شتەکانی تردا، کە بەهای ڕەوشتین.

**4- بەها ڕۆشنبیرییەکان:**

ڕۆشنبیری تاك و کۆمەڵگە، بنەمایەکی گرنگە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی هزری مەعریفی، پاراستنی بەها ڕۆشنبیریەکان، ئەوانەی لە فۆلکلۆری نەتەوەدا ماونەتەوە و ئەوانەی تاك لە کۆمەڵگەدا خۆی داهێنەری ئەژمار دەکرێن بە ((ئامانج یان پێوەری زانینی خودی مرۆڤە، کە مرۆڤ پابەند دەکات لە ڕووی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی هزری، دیاریکردنی ئەوەی مرۆڤ ویستی هەیە بۆ داهێنان لە شتەکاندا و پاراستنی بەهاکان لە نێو داهێنانەکاندا)) (پەتی، 2007، 27)، بەشێك لە بەهایەکان لە پێوەری مەعریفی دا، هەڵقوڵاوی خودی مرۆڤ خۆیەتی، لەبەرئەوەی مرۆڤ حەز و ویستی بەردەوامی هەیە بۆ گۆڕانکاری و داهێنان، بەڵام لە پاراستنی بەهایەکاندا پارێزکار و پابەندە، کەمترین داهینان لە بەهایەکاندا دەکات.

**5- بەها کەلتورییەکان:**

بەها کەلتورییەکان کۆمەڵێك دەستوور و مەرجن کە ئاراستەی کۆمەڵگە دەکرێن و دەبن بە داب و نەریتی ئەم کۆمەڵگەیە، بەهۆیەوە ((ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا زیاتر ڕێکخراوتر و ئاراستەکراوتر و هاوبەندی و پەیوەستی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە زیاتر دەکات، یارمەتی بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانکارییەکانی دەدات، کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات، تاوەکو زیاتر سەقامگیر تر بێت، پەیوەستکردنی بەشە جیاوازەکانی کەلتوری کۆمەڵگە بەیەکترەوە، کەمکردنەوەی هەستی خۆویستی و ململانێی کەلتوری)) (عبدالقادر، 2015، 51)، ئەم بەها کەلتوریانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە ناچار بە جێبەجێ کردن دەکات، دەبێتە هۆی دروستکردنی سیستەمێك بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە و ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە دایدەڕێژێت تاك بە توندی پێوەی پابەند دەبێت.

**5-بەها ئایینییەکان:**

ئایین زۆر جەخت لەسەر گرنگی بەها بەرزەکان دەکاتەوە لە بونیادنانی کەسایەتی تاك، هەروەها ئاراستەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکات و هانی دەدات بۆ کاری چاکە، بەوهۆیەوە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ دروستکردنی ژیانێکی ڕێکخراو، بەو پێییەی بەهای ئایینی (((ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەو بەهایانەی، کە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە پابەند بن پێییەوە، ئەو بەهایانەی کە پێویستە لێی دووربکەونەوە، بەمەش تاکەکان ئاراستە دەکات بەرەو کردار و ڕەفتارێکی دیاریکراو لە هەردوو لایەنی کرداری و گوفتارییەوە)) (محەمەد ئەمین، 2017، 70)، ئایین بەرنامە و پەیڕەوێکی تەواو جێبەجێ دەکات لە ئاراستە کردنی تاکەکانی مرۆڤ بە کردنی کارێك یاخود دوورکەوتنەوە لێی، بۆ ئەم مەبەستەش سزاو پاداشتی بۆ مرۆڤەکان داناوە، بەم هۆیەوە تاك پابەند دەکات بەم بەها بەرزانەوە، کە دەبێتە هۆی ڕەزامەندی تاکەکانی کۆمەڵگە بێجگە لە ڕەزامەندی خودا لە دواڕۆژدا.

**چوارەم: ڕۆڵی بەهاکان لە بەختەوەری تاکدا:**

بەهاکان لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، هەر ئەم جیاوازیەش دەبیتە هۆی دروستکردنی ژیانی بەختیاری و کامەرانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەگەر ((پابەندبوون بە بەهاکان بەپێی خواستی خەڵك بدرێتە پاڵ تاك، ئەوا دەبێتە ئامانج و بەو جۆرەی لێ دێت، کە مرۆڤ خۆی دەیەوێت)) (عطية، 2010، 135)، خواستی تاك بۆ پاراستنی بەهاکان دەبێتە ئامانج بۆ دروست بوونی کۆمەڵگەی بەختیار و کامەران، هۆکارێکی گرنگ لە دروستبوونی تاکی بەختیار، پاراستنی بەهای ڕاستییە، چونکە ڕاستگۆیی کۆمەڵگە لە نەخۆشییە درم و کوشندەکان دەپارێزێت، هەموو

ئایینەکانیش بانگەشەی پاراستنی بەهای ڕاستی دەکەن بۆ دروست کردنی تاکی دڵخۆش و بەختیار، واتای ڕاستی بۆ بەهاکان ئەوەیە، کە ((هۆکار دەخەنە پاڵ ئەو پێویستی و بەرژەوەندییانەی، کە بەهای ڕاستگۆیی دیاری دەکات، پەیوەندی بە ئەزموونکردن لە نیوان کاروکاردانەوەدا هەیە، لایەنی ڕاستگۆیی و ناڕاستگۆیی دروست دەکات)) (قنصوة،1970، 30-31)، لێرەدا بەهای ڕاستگۆیی دروستکاری کۆمەڵگەی بەختیارە و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. کەوایە بەهایەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە بەختیار کردنی تاکدا، دەبێتە هۆی پتەوکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، وادەکات پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان تاکەکان دروست ببێت.

**پینجەم: ڕۆڵی بەهاکان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا:**

بەهاکان هۆکاریکی سەرەکین لە پاراستنی کەلتوری جوانی کۆمەڵگە، ئەم کەلتورە جوانەش دەبێتە هۆی پێشخستنی کۆمەڵگە لە ڕووی زانستی و مەعریفییەوە، پاراستنی ((بەهاکان لە ژیانی کۆمەڵگەدا گرنگن، ئەم گرینگییە درێژ دەبێتەوە بۆ پەیوەندی مرۆڤەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، کار بۆ دیاری کردنی سروشتی پەیوەندییەکانی خەڵك لەگەڵ یەکتردا دەکەن)) (پەتی، 2007، 14)، پەیوەندی مرۆڤەکان لە پاراستنی بەهاکان بە هەموو جۆرەکانییەوە هۆکارێکی سەرەکییە، بۆ ئەو پەیوەندیانەی کە بەشێوازێکی سروشتی تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتر دەیبەستن.

بەهاکان لە کۆمەڵگەدا گرینگیان هێندە زۆرە، دڵنیابوون و ((جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگی بەهایەکان لە ژیاندا وەك جیاوازی یەکەیەکی بیناسازی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدایە، هیچ کەمتر نییە لە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی تاك لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەهاکان بۆ تاك هاندەرن و تایبەتە بە هەڵسوکەوتی خودی ئەو تاکە)) (پەتی، 2007، 13)، لێرەدا مەبەست لە جیاوازی لە یەکەی بیناسازی و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

لە کۆی ئەمانەی پێشەوە دەتوانین بڵێین بەهاکان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا، بەجێبەجێکردنی یاسا ئاکارییەکان بە باشی و دەستبەر کردنی دێتەدی ((پێویستە تاکەکانی کۆمەڵ یەکیەتی دروست بکەن، پێویستە فێری ئەوە بکرێن هەر یەکێکیان پەیوەندیدار بێ بە ئەوەی ترەوە، وەئەو کارەی ئەوان بە یەکێکی تر دەسپێرن دڵنیا بن لەوەی ئەو کەسە پابەندە بە ئەرکەکەیەوە)) (دیورانت، 2007 ، 72)، کەوابێ بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە بەهۆی بەهاکانەوە، دەستگرتنە بە یاسا ئاکارییەکان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز و پابەندبوونی ئەرکەکانی سەرشانی تاك.

خاڵێکی تر لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەهۆی پاراستنی بەها ژیارییەکان، گرینگیدانە بە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، ئەویش بە جیبەجیکردنی ئارەزووی تاکەکان لەگەڵ کەلتوری کۆمەڵگاکەیدا بگونجێت، لەبەرئەوەی ((بەهاکان گرینگیدان و ئارەزوومەندی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بۆ

هاوكاريكردنی كەسانی تر بەشێوەیەك، كە شێوازی كەسایەتیەكی كۆمەڵایەتی پیشانبدات)) (طهطاوی،1996، 47)، گرینگیدان بە بەها كۆمەڵایەتیەكان ئارەزووی هەر تاكێكە بەشێوەیەك كە هاوكاری كەسانی تری پێدەكات بۆ دروستكردنی كەسایەتییەكی كۆمەڵایەتی.

(كارل مانهایم) دەڵێت: ((پابەندبوونمان بە بەهاكان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، كە پێویستمانە یان سیستەمی كۆمەڵایەتی پێویستی پێیەتی، لێرەدا ڕووندەبێتەوە بەهاكان پێداویستی كۆمەڵایەتین)) (مانهایم، 1993، 186)، پابەندبوون بە بەهاكانی كۆمەڵگەوە، یەكێكە لەو پێویستیانەی دەچێتە خانەی سیستەمی كۆمەڵایەتییەوە.

**شەشەم: بەراوردی بەهاكان لە ئێستا و ڕابردووی كوردەواریدا:**

كۆمەڵگەی كوردەواری هەڵگری چەندان ئاكار و بەهای بەرزی ڕەوشتی و كۆمەڵایەتی و ئاینی و ...هتد، ئەم كۆمەڵگەیە لای نەتەوەكانی تری هاوسێ و لای داگیركەرانی بە نەتەوەیەكی خاوەن بەهای بەرز ناسراوە، لەبەر ئەوەی ((پارمەتیدانی خزم و كەس، هەژاران، نەخۆش، ڕێبواران، بە یەكێك لە بەها كۆمەڵایەتیە گرنگ و بەرچاوەكانی كۆمەڵگەی كوردی دادەنرێت)) (نقشبندی، 2002، 224)، ئەم خەسڵەتانەی سەرەوە و چەندانی تریش لەو بەهایانەن، كە كۆمەڵگەی كوردەواری شانازی پێوەدەكات و تا ڕادەیەكی زۆر پێوەی پابەندە و پارێزگاری لێدەكات.

یەكێك لەو ڕێوڕەسمانەی لە كۆمەڵگەی كوردیدا باو بوو، بریتی بوو لە ئاهەنگ گێران بۆ ژنگواستنەوە (زەماوەندی ژنگواستنەوە)، ((ئەم ئاهەنگە ماوەی سێ ڕۆژ تا هەفتەیەكی دەخایەند))(بایەزیدی، 1982، 43)، لە ڕابردوودا ئەم ئاهەنگە لەماڵی زاواوە دەستی پێدەكرد، بە ڕاگەیاندنی گواستنەوەی بوك بۆ ماڵی زاوا هەفتەیەك بەر لە هێنانی بوك بۆ هێلانەی زاوا، ئەم ئاهەنگە بە هەڵپەڕكێ و شایی و گۆرانی و ستران و گەمەو گاڵتە و چێشت لێنان و...هتد، بەردەوام دەبوو، خەڵكی گوند یان گەڕەك هەموو بەشداری ئەم خۆشیەیان دەكرد، لەولاشەوە ماڵی بووك چەند ڕۆژێك پێش گواستنەوەی بۆ ماڵی زاوا مەراسیمی خەنەبەندان و ئامادەكردنی بووك و تەدارەكی بووك دەڕازێنرایەوە، تا ڕۆژی گواستنەوی بووك بۆ ماڵی زاوا ئەم خۆشیە بەردەوام دەبوو، بەڵام لە ئێستادا تەنیا شەوی گواستنەوە بووك لەگەڵ دەستە خوشكانی خۆی خەنەبەندان و ئاهەنگ دەگێڕێت، زاواش لە هەندێ شوێن مەراسیمی خوێندنی مەولودنامە لە مزگەوتێك ئەنجام دەدات، شیرینی دەبەخشێتەوە، ڕۆژی دواتریش پێش گواستنەوەی بووك نیوەڕۆخوانێك بۆ خزم و كەسە نزیك و

هاوسێکانی ئەنجام دەدات، ئیتر بووك لە ئارایشگاوە بەرەو هۆڵی شایی، یاخود بەرەو ماڵی نوێی خۆی یان بەرەو یەکێك لە هۆتێلەکان بەڕێ دەکات.

بەهاکانی ڕابردوو گەرموگوڕی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێدا بەهێزتر بوو لەوەی کە ئێستا هەیە، هەر لە ڕابردوودا بەهایەکی بەنرخ ئەوەبوو کە ((ئەگەر یەکێك کارێکی گرانی بۆ نەکرێت ئەوا پرس بە پیرەکان دەکات و ئامۆژگارییانی وەردەگرت و گوێ بۆ قسەکانییان شل دەکات)) (بایەزیدی، 1982، 38)، ئەم نەریت و بەها جوانانە، ئێستا تاڕادەیەکی زۆر لەناوماندا وون بووە و لای زۆرێك لە گەنجەکان، پیرەکان بە کەسانی دواکەوتوو و نەزان هەژمار دەکرێن. ئەم دوو نموونەیەی سەرەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن، کە کۆمەڵگەی کوردی لە پاراستنی بەهاکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زۆر بەهای بەرزی جوان هەیە لەدەستی داوە، لە هەموویان گرنگتر ڕاوێژکردن بە کەسانی بە تەمەن و بە ئەزموون.

# بەشی دووەم

# چەمك و جۆرەكانی حەكایەتی فۆلكلۆری

## بەشی دووەم: چەمك و جۆرەکانی حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی

### تەوەری یەکەم: زاراوەی چەمکی فۆلکلۆر:

وشەی فۆلکلۆر لە ڕووی پێکهاتنەوە لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەم (فۆلك) واتە گەل، یان کۆمەڵە خەڵکانێك دەگەیەنێت، دووەم (لۆر) بە واتای پەند، یان حیکمەت دێت، هەردوو وشە پێکەوە بەواتای زانینی کلتور و دابونەریتە باڵاکانی نەتەوە دێت. فۆلکلۆر ئەزموونی ژیانی نەتەوەیە، لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا شوێنەواری بەدی دەکرێت، وەکو زێڕێکی درەوشاوە ڕۆڵ دەگێڕێت لە بنیادنانی زۆربەی بەرهەمەکاندا.

فۆلکلۆر ((وشەیەکی لێکدراوی ئینگلیزییە، لە هەموو ڕوویەکەوە مەبەست پێ زانستی خەڵکە، نوسەرانی هەموو جیهان لەسەری کۆکن)) (دەشتەکی، 2004، 146)، فۆلکلۆر بەچەندین شێوەی جیاواز پێناسەی بۆ کراوە ((بریتییە لە مێژووی زارەکی کە لەلایەن کەلتوری خەڵکەوە پارێزراوە، پێك دێت لە هەموو عادەت و تەقالیدی کەلتورێکی دیاریکراو، ئەم عادەت و تەقالیدانەش میوزیك، چیرۆك، مێژوو، ئەفسانە، داستان دەگرێتەوە. فۆلکلۆر لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە و بە زیندوویی ماوەتەوە لە لایەن خەڵکەوە)) (پلامەر، 2021، 1)، بەهۆی ئەو گرنگیەی زانستی فۆلکلۆر هەیەتی، پێویستە وەکو بەشێکی سەربەخۆ توێژینەوەی لەسەر بکرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە، فۆلکلۆر وەك ((فەلسەفە، یان لقەکانی دیکەی زانیاری، گرنگەو دەبێت لە هەمان پلە دابێت و شایەنی گرنگی پێدان بێت)) (حسێن، 2007، 5)، فۆلکلۆر بەشێکی گرنگ لە بنەما و پێکهاتەی بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری و ئەدەبی پێکدەهێنێت، بەهۆی ئەوەی بەرهەمی نەتەوەیە، زانیاری زۆر و هەمە چەشن دەبەخشێت.

کەوایە فۆلکلۆر بریتییە ((لەو هونەر و بیر و باوەڕ و جۆری ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەی، کە میللەت گوزارشتی پێ لە ناخی خۆی دەکات، جا چ بە بەکارهێنانی وشە و جووڵە و ئیشارەت، یاخود تریپە (ئیقاع)، یان هێڵ و ڕەنگ)) (مرسي، 1981، 107)، بیروبۆچوون و ڕەفتاری تاکەکانی نەتەوەیەك، دەبێت بە فۆلکلۆری ئەم نەتەوەیە، بێگومان هەر نەتەوەیەك فۆلکلۆری تایبەت بەخۆی هەیە، بە هۆی جیاوازی ژینگە و جۆری ژیانیان لە بەکارهێنانی وشە و ڕستەی جیاواز و بیر و باوەڕی سەربەخۆ و ڕەفتاری جیاواز بە تایبەتی لە بۆنەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان فۆلکلۆری گەلان لەیەکچوون هەیە، چونکە فۆلکلۆر لە خەڵکی سادەی گەلەوە وەرگیراوە، هەر لەم بارەیەوە، وتراوە فۆلکلۆر ((زانستێکە ڕەگی وەهای تێدایە، هاوبەشی ژیانی نەتەوەکانی جیهان پیشان دەدات)) (پەتی، 1986، 309)، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە

ئەم هاوبەشییە بەشێکی زۆری، بۆ پێکهاتەی بونیادی مرۆڤ و گەشتکردن دەگەڕێتەوە، چونکە فۆلکلۆر ((زادەی هەست و سۆز و هۆش و توانای تێگەیشتنی مرۆڤەکانە، فۆلکلۆر هەمان هونەر و سۆز و فەلسەفەیە. بەو جیاوازییەی، کە لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی سادە و ساکار و دایە و بەجۆش و خرۆشی ئەو کۆمەڵەوەیە، کە زۆر جار تێکەڵ بووە بە وەهم و خەیاڵاتی ئەو خەڵکە دڵ سادەیە، کەواتە ئەو هونەر و عیرفانەی کە هونەرمەندان و فەیلەسوفەکان و عارفان لە قوڵایی هۆش و هەستی خۆیان بۆی دەگەڕێن، لە لای خەڵکە سادەکە دابەزێندراوەتە ئاستی ژیانی ڕۆژانە و لەگەڵی دەژین و شانازی پێوە دەکەن)) (تەها، 2009، 5)، ڕوونە فۆلکلۆر هەست و سۆزی مرۆڤەکانە، تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە و ناتوانین لێکیان جیا بکەینەوە، بەشێك لە بیرۆکە و بیر و بۆچوونە فەلسەفیەکان و کارە هونەریەکان لە فۆلکلۆرەوە سەرچاوەی گرتووە، هەمان ئەو باسەی کەسانی ئاسایی ڕۆژانە لەبارەیەوە دەدوێن دەبێتە جێی سەرنجی فەیلەسوفەکان و بەدوای وەڵامیدا دەگەڕێن.

لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبیەکان، فۆلکلۆر ڕەنگی داوەتەوە و کەم و زۆر دەوەستێتە سەر نوسەرەکە و زۆربەی بەشەکان دەگرێتەوە، فۆلکلۆر واتە ((ئەفسانە و هەقایەتی میللی بە هەموو جۆرەکانییەوە و مەتەڵ و پەند و هۆنراوەی میللی و هەموو جۆرە گوزارشتە هونەرییەکانی دیکە، پشت بە وتە (قسە) دەبەستێت)) (پاسکۆم، 1966، 882)، کەواتە زۆربەی لێکۆڵەرەوان ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بە فۆلکلۆر لە قەڵەم دەدەن، کە دەما و دەم گێڕدراونەتەوە، کەوایە فۆلکلۆر ((وەهای شۆرەت بەستووە لە نێوان نووسەر و خوێنەراندا، کەوا بەو بەرهەمە ئەدەبییە، وەیا هونەرییە دەگوترێ خاوەنی ناسراو نەبێ و بەماڵی هەموو میللەت لەقەڵەم درابێ، ئەم ناساندنە و سنوور بەدەوردا کێشانە، گەلێك ڕاستی گرنگ بەدەوری فۆلکلۆرەوە دەشارێتەوە، چ لەلایەن قاڵبەوە بێ، وە چ لەلایەن ناوەڕۆکەوە)) (عبدالقادر، 2005، 30)، کەوابێ هێشتا زۆر لایەنی ناڕوون لەبارەی ڕوخسار، یاخود ناوەڕۆکی فۆلکلۆر، لای لێنەکراوەتەوە و نەخراوەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە، تاوەکو ئەو پێکهاتە تایبەتییە جوانەی فۆلکلۆر بخرێتەڕوو، تا ببێتە سەرچاوەیەکیش بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان.

جگەلەوەش فۆلکلۆر ((کەرەسەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەموو میللەتێك، تەنانەت کەرەسەشە بۆ زانایانی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی)) (ڕەسول، 1970، 8)، فۆلکلۆر گەوهەرێکی بەنرخە، بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی ژیان، تا لەبارەیانەوە زانیاری دەربارەی ژیان و ڕابردووی نەتەوەی پێ بکرێت، لە زمان و کلتور و مێژووەکەی بکۆڵدرێتەوە، لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیش لەبەرچاو دەگرێت چونکە ئەوە فۆلکلۆرە کە ((میراتی سەردەمێك

دەگرێتەوە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە خۆی گەلێ کۆنترە لەئێستاش پتر بەکارهاتووە)) (حەیران، 2012، 12)، کەواتە لە ڕێگەی فۆلکلۆرەوە دەتوانین پەی بە نهێنیەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ ببەین، کە دواتر مێژووی ئەم نەتەوەیەی لێ دروست بووە.

ئەدەبی فۆلکلۆری ((لەناو جەرگەی کار و پیشە و ڕەفتاری ئادەمیزاد هەڵقوڵاوە، ئەم ئەدەبە یەکێك بوو لە پێویستیەکانی ژیان و پەیوەندیەکانی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، وەکو خۆشی و ناخۆشیەکانی، وەبنچیەنەکەی بەندە بەو زەوییەوە، کە پاچ هەڵی دەکەنێ و ڕوخساریشی دەستکردی ئەو جەماوەرەیە، کە لەسەر ئەو زەوییە ئەژین)) (صالح، 1971، 14)، بەم پێیە داهێنەری فۆلکلۆر ئادەمیزادە، بەمەش فۆلکلۆر دەبێتە یەکێك لە پێداویستییەکانی ژیان، ڕوخسار و ناوەڕۆکیشی بۆ داهێنەرایەتی نەتەوە دەگەڕێتەوە.

لەلایەکی ترەوە، فۆلکلۆر ((ئەو هەڵکۆڵینەیە کە نایەوێت بمرێت)) (مرسی، 1975، 44)، بەهۆی ئەوەی کە نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە بەشێوازی ڕاهاتن دووبارەی دەکەنەوە و لە هزر و مێشکیاندا، وەك نەخشی سەردیوار دەینەخشێنن و دەستی پێوە دەگرن و پێوەی پابەند دەبن. لە لایەکی تر دەتوانرێت بگووترێت کە فۆلکلۆر ((ئەو ئاکار و گفتوگۆیەیە کە دەمێنێتەوە، هەر وەك خۆی و لە شێوەی خۆیدا دەردەکەوێتەوە، نەك لە شێوەی دیکە، دەکرێت ئەم خوو ئاکارو گفتوگۆیە ئارەزووی چەپێنراوی کۆمەڵە مرۆڤێکی سەردەمێکی کۆن بووبێ، بەڵام دوای مردنی ئەوان لەڕێگەی چەپاندنەوە وەچەکەی دوای بەرهەمی نەهێنابێتەوە، بەڵکو لەڕێگەی ڕاهاتنەوە وەك مەلەکەیەك وەری گرتبێ هەر چۆن زمان لەڕێگەی چەپاندنی ئارەزووەوە منداڵ فێری نابێت)) (مستەفا، 2000، 31)، منداڵ لە ڕێگەی ئەزموون کردنەوە فێری زمان دەبێت.

بەهەمان شێوە تاکی کۆمەڵگەش ئەم فۆلکلۆرە دووبارە دەکەنەوە، بەهۆی سیستەمە زمانە بەهێزەکەی. بەشێك لە نوسەران فۆلکلۆر وەهای دەناسێنن، کە ((بریتییە لە پاشماوەکانی لەبن نەهاتووی داهێنانی میللی وبەشێکیشە لەو کانیاوە دوور و قوڵەی کە هەمیشە لە یارمەتیدانمان دایە)) (بێخاڵی، 2013، 30)، فۆلکلۆر بە کانگای زانست و زانیاری ناسێنراوە و ڕێنیشاندەرە بۆ هەر میللەتێك، کە خۆی داهێنەریەتی، لەم بۆچوونانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بتوانین بڵێین فۆلکلۆر ئەو گەوهەرە بەنرخەیە، کە لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، بەتایبەتی بواری ئەدەب، دەتوانین بیکەین بە بەردی بناغەی زۆربەی بەرهەم و داهێنانەکان، بەجۆرێك تاك ناتوانێت دەست بەرداری ئەم لایەنە گرنگەی ئەدەب ببێت، بەهۆی پێویستی لەناو کۆمەڵگەدا، کە کۆمەڵێك ڕووی ژیانی گرتۆتەوە وەك: خۆشەویستی، ڕێزگرتن، نیشتمانپەروەری، گەلێك تایبەتمەندی تر، کە هەموو ئەوانە دەبن بەڕێنیشاندەر بۆ ناساندنی فۆلکلۆر بە نەوەی نوێ.

هەر لەم بارەیەوە مەولود حەسەن دەڵێت: ((هەموو دەقێکی فۆلکلۆر لە ئەنجامی کارکردن و بیرکردنەوە، وەپێویستی تاکی نێو کۆمەڵگە دایدەهێنێ و کۆمەڵگە وەری دەگرێ و بەکاری دێنێت و سوودی لێ دەبینێ و دەیپارێزێت)) (حەسەن، 2019، کۆرسی ماستەر)، کەواتە فۆلکلۆر بەم هەموو تایبەتمەندییەی هەیەتی، دەبێتە جێگەی تێرامان و سەرنج و بەدواداچوونی گەل، بۆ هەڵهێنجانی زانیاری و ڕۆشنبیری، هەروەها وەکو کەرەسەتەیەکی خاو لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا دەتواندرێت سوودی لێ وەربگیرێت، لە گشت ڕەگەزە ئەدەبییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە و نەوە دوای نەوە سوودیان لێ بینیوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین فۆلکلۆر سامانێکی نەتەوەیی گرنگە، هەموو تاکێکی کۆمەڵگە پێویستی پێیەتی وەکو سەرچاوەی مەعریفە.

فۆلکلۆر ئەو سامانە بەجێماوە بە نرخەیە، کە نەتەوە بەرهەمی دەهێنێت. نەتەوەی کوردیش وەکو میللەتانی تر خاوەنی فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندە و زۆربەی بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، هەر لێکۆڵەرەو بەجۆرێك دابەشیان کردووە بۆ چەند بەشێك، یەکێك لەمانە کامەران موکری بەم شێوەیە ((ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دابەشکردووە بۆ چەند بەشێك:

1-ئەفسانە

2-داستان: کە بریتییە لە:

أ-قارەمانێتی

ب-دڵداری

3-سەرگوزەشتە (چیرۆك) کە بریتییە لە:

أ-چیرۆکی پڕوپوچ

ب-چیرۆکی ئاسایی (کۆمەڵایەتی، دڵداری، ئایینی،...هتد)

4-گۆرانی

5-پەندی پێشینان و قسەی نەستەق

6-گاڵتەو گەپ

7-مەتەڵ)). (موکری، 1984، 38)، ئەو کەسانەی لەو بوارنەدا ئەسپی خۆیان تاو داوە و خزمەتی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییان کردووە لەوانە (دکتۆر شوکریە ڕەسول، دکتۆر مەلوود ئیبراهیم، ئەسعەد عەدۆ، سعدوڵا شێخانی، جەمال گردەسۆری، محمد کریم شریف،......هتد).

**تەوەری دووەم: چەمك و پێناسەی حەكایەت:**

**1-حەكایەت:**

بەشێكی گرنگی فۆلكلۆر (حەكایەت)ە، یەكێكە لەو هونەرە فۆلكلۆریانەی، كە بابەتەكانی لەناو جەرگەی گەلەوە هەڵدەقوڵێت، بۆ بەهێز كردن و سەرنج ڕاكێشانی خوێنەر و بیسەر هەندێكجار ئەم هونەرە تێكەڵ بە جوانیەكانی دارِشتن دەبێ و باس لە ژیانی ئاسایی دەكات، حەكایەت وەكو لقێك لە لقەكانی فۆلكلۆر زیاتر بۆ سەردەمی پێش هاتنی تەكنەلۆژیا دەگەرِێتەوە، حەكایەت ((پێش داهاتنی تەلەفزیۆن و سینەما و ڕادیۆو ...هتد، شەوچەرەی كۆمەڵی كوردەواری بووە، كە شەوی درێژی زستانیان پێ كورت دەكردەوە، بۆ ئەوەی پەند و ئامۆژگاری لەو هەقایەتانە وەربگرن، بەتایبەتی منداڵ لە ڕۆشنایی ئەو هەقایەتانە خورِەوشتی ناو كۆمەڵگەكەی شارەزا دەبوو)) (شێخانی، 1987، 3)، حەكایەت مێژوویەكی كۆنی هەیە لەناو نەتەوە جیاوازەكانی جیهاندا.

لە كۆمەڵگەی كوردیشدا ئەو كاتەی، كە ئامێرە زیرەكەكانی گەیاندن (بیستراو بینراو) نەگەیشتبوون بە كۆمەڵگە، حەكایەت كاتێكی باشی لە ژیانی كۆمەڵگەی كوردەواری داگیر كردبوو، ئەمە جگە لە بەسەربردنی كاتێكی خۆش چەندین پەیامی هەڵگرتبوو، لە بوارەكانی پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و...هتد.

چۆنیەتی گەیاندنی ئەم پەیامانەش بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی حەکایەتخوان یاخود حەکایەتبێژ، تا چەند سەرکەوتووە بووە لە گێڕانەوەی حەکایەتەکەی، هەروەکو ((حەکایەتخوانی بە توانا ئەزانێ چۆن وا لە گوێگر بکات هەموو هۆشی بداتێ، بەهەڵبژاردنی شێوەی وتن و دەست جوڵاندن و دەربڕینی وشەکان)) (تەقی، 1992، 51)، شارەزایی و لێهاتووی حەکایەتخوان وا لە گوێگرەکانی دەکات حەکایەتیان لا خۆشەویست بکات و بە تاسەوە گوێی بۆ بگرن، هەروەها وا لە گوێگرەکانی دەکات بەتامەزرۆییەوە تا کۆتایی حەکایەتەکە چاوەڕێ بکەن، تاوەکو تەواوی ئەو پرسیارانەی لە مێشکیاندا دروست بووە دەربارەی ڕووداوەکانی ناو حەکایەتەکە، وەڵامیان بۆ وەربگرن و وەئەنجامەکەشی بزانن، ((هێدی هێدی بیر چڕتر و تیژتر دەبوو، دەتوانرا ڕووداو و کارەساتەکان بەرێکو پێکی باسیان لێوە بکرێت، ئەوەی زەینیش بۆی نەچوبا یا نەیتوانیبا سەرە دەزویەکی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوا پەنای دەبردە بەر خەیاڵ و دەیخستنە گەڕ، تا بە ئێمەش گەیشتووە زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە چ بەلابردنی و چ بە خستنە سەری ئەمەش بە گوێرەی پەرەپێدان و گۆڕان و بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی و هەڵسوکەوتی هەقایەتخوان بووە)) (جامباز، 2010، 4)، لێرەدا دەردەکەوێت حەکایەتەکان گۆرانکاریان بەسەرداهاتووە، لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر و زیاد و کەم کراون بەگوێرەی حەکایەتخوانەکە.

دەربارەی بڵاوبونەوەی حەکایەت لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، هەر ئاغا، یاخود میری گوندێك، حەکایەتخوانی تایبەت بە خۆی هەبووە، شەوانە حەکایەتی لە دیوەخانی میر دەگێڕایەوە، یاخود زۆرجار پیرەژن یان پیرەمێردی لێزان و هەڵکەوتوو لەناو خەڵکی گوندەکاندا هەبوون، شەوانە لە ماڵێکدا کۆدەبوونەوە و هەمووان بەپەرۆشەوە گوێیان لە حەکایەتخوان ڕادەگرت، تا درەنگانی شەو.

زۆرجاریش دایك ئەو ڕۆڵەی دەبینی و ئەو حەکایەتانەی، کە بیستبووی لە باب و باپیرانییەوە، شەوانە بۆ منداڵەکانی دەگێڕایەوە، تاوەکو خەویان لێدەکەوت، هەموو ئەمانە وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا باو بوون، ((لە کۆندا شەوانی درێژی زستان لە گوێ ئاگردان دادەنیشتن و خەڵکی ئەو دێیە، یا گەڕەکە هەر شەوە لە ماڵێك کۆدەبوونەوە و چیرۆکخوان دەستی دەکرد بەگێڕانەوەی سەرگوزشتە و خەڵکەکەش گوێیان بۆ شل دەکرد و بەم جۆرە سەرگوزشتەکە لە نێو خەڵکیدا بڵاودەبۆوە)) (گەردی، 2008، 5)، حەکایەت بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ شەوانی درێژی زستان و شەوچەرەی دیوەخان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەگەڕێتەوە.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆربەی حەکایەتەکان لە واقیعەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام هەندێکجار بۆ لێکدانەوەی دیاردە گەردوونیە ئاڵۆزەکان، هەندێك لە حەکایەتەکان پەنایان بردۆتە بەر

دونیای خەیاڵ، زۆرجار ئەو بابەتانەی لە واقیع پەی پێ نابردرێت، بەناچاری ئافرێنەری حەکایەتەکە پەنا بۆ خەیاڵ دەبات و چۆنی بوێت بەشێوەیەکی ژیرانە دایدەڕێژێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کەرەسە و ڕووداوەکان لای حەکایەتخوان لە خەیاڵدا ئاسانتر بەرجەستە دەبن، یاخود لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی هەندێکجار بە زمانی گیانداران حەکایەتەکانیان دەگێڕایەوە، ئەم تێکەڵکردنی خەیاڵەش هێندەی تر حەکایەتەکەی ناوازەتر دەکرد و گوێگری ئاوێزانی دەقی حەکایەتەکە دەکرد ((ڕۆحی حەکایەتدۆستی و بەسەرهات گێڕانەوە لەلای ئینسانی ئێمە ئەوەندە بەهێزە، کە هەر کەسێ بیەوێت کورد گوێی بۆ بگرێت، دەبێت زمانی حەکایەت و بەسەرهات و گێڕانەوە بزانێت بۆ ئەوەی ئەم نەتەوەیە بکاتە گوێڕادێری خۆی)) (سیوەیلی، 2002، 168)، حەکایەت لەبەرئەوەی تۆماری گەلە، بۆیە زۆرجار بۆ مێژووی ئەو گەلە سودی لێ وەرگیراوە.

بێگومان حەکایەت بەشێوەی گێڕانەوە لەسەرزاری حەکایەتخوان بەتام وچێژتر دەبێت وەك لە خوێندنەوەی ئەو حەکایەتانەی کە ئەمڕۆ چاپکراون، هەرچەندە حەکایەتە چاپکراوەکانیش چێژی خۆیان ماوە و لەدەستیان نەداوە.

حەکایەت لە ڕووی وشەییەوە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (conte)، کە بە واتای ((چیرۆکێکی پڕ لە ڕوداوی سەرئاسا دێت)) (قەرەداغی، 2006، 213)، یاخود بەمانای ((چیرۆکێك کە لەچاو چیرۆکێکی ئاسایی، زیاتری خەیاڵ و سەرکێشی تێدابێ و زمانەکەی میللی بێت و خاوەنەکەشی نادیار بێت)) (عەلی، 2010، 10)، لەزمانی عەرەبیشدا حەکایەت هەر بە (حكاية) هاتووە و ڕاستر ئەوەیە، کە کورد لە زمانی عەرەبی وەریگرتووە، کە بە واتای ((داستان، ئەفسانە، چیرۆك، باس و خواسی ڕووداو و کارەسات لە بەرگێکی ئەدەبی و داڕێژراودا)) هاتووە، (کەریم، 2006، 213)، هەروەها لە فەرهەنگی فۆلکلۆریدا هاتووە، کەوا ((حكاية واتە لاسایکردنەوە و چاولێکردن، لە ڕاستیدا حەکایەت پەیوەستە بە لاسایکردنەوەی ڕاستی یاخوود بەلایەنی کەمەوە لاسایکردنەوەیەکی دەروونیە کە خاوەنەکانی پێیان وایە ڕوودات)) (یونس، 1983، 5-6)، حەکایەت بەرهەمێکی تەواو فۆلکۆریە، لەبەرئەوەی پشتاوپشت دەگێڕدرێتەوە خاوەنەکەی دیار نییە، هەروەها پریەتی لە ڕوداوی چاوەڕوان نەکراو و بەپێز، لەلایەکی تریشەوە حەکایەت ((بە کۆنترین و بەربڵاوترین لقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری دادەندرێت، مەبەستیش لێی ڕاهێنانی خەڵکە بە پەیوەست بوون بە ڕەوشتی بەرز و ئاکاری جوان و دوورکەوتنەوە لە ڕژدی و چەوتی)) (أرمن، 2005، 34)، بەپێی بۆچوونی هەندێك لە توێژەران حەکایەت پەیامێکی کۆمەڵایەتی هەڵگرتووە و تاکەکانی کۆمەڵگە ئاراستە دەکات.

موکری لەبارەی حەکایەت دەڵێت: ((بریتی یە لە ڕێکخستنی ژیان)) (موکری، 1984، 53)، هەروەها بەشێکی تر لە توێژەران وای بۆ دەچن، کە ئامانج لە حەکایەت چێژوەرگرتنە، هەروەکو ((حەکایەت جیهانێکی تایبەتی یە، چونکە تام و چێژی بێ هاوتای خۆی هەیە، کە هەرگیزاوهەرگیز پیر نابێت، وەکو خدری زندە عومری درێژە، هەر لە منداڵیەوە تا پیری دەبێتە ڕێنیشاندەرمان و ئامۆژگاری زاخاوی مێشکمان دەدات)) (جامباز، 1997، 22)، لێرەدا ڕووندەبێتەوە، کە حەکایەت دەبێتە چرایەکی ڕوناك بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست و دروست.

حەکایەت بەهۆی ئەو گرنگی و بایەخە زۆرەی هەیەتی، بەشێکی گەورە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پێکدەهێنێت، ((چیرۆك یان سەرگوزشتە (سەرگوزەشتە) وەیان حەکایەت بەشێکی گەورە و فراوانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە)) (موکری، 1984، 53)، حەکایەت وەك توخمێکی فۆلکلۆری کوردی، بە چەندین چەمك و دەستەواژەی جۆراوجۆر بەکارهاتووە لە ئەدەبی کوردیدا، لەوانە (حیکایەت، حەکایەت، هەقایەت، سەرگوزەشتە، سەربوردە، حەکایەتی بەر ئاگردان، چیرۆك، نەقڵ، ڕازیش)ی پێ دەڵێن، کە ئەمەش بە گوێرەی ناوچە جیاوازەکان بەکار دەهێنرێت، هەروەك لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) کە فەرهەنگێکی (فارسی-کورد)یە حەکایەت بە واتای (حیکایەت، هەقایەت، چیرۆك، داستان) هاتووە (موکریانی،1987، 235).

حەکایەت لە ڕووی پێکهاتن و دارشتنەوە زۆر سادە دارێژراوە، هەموو کەس لێی تێدەگات و تێگەیشتنی ئاسانە، هەروەها هیچ تەمومژ و ناڕوونییەك لە بونیادیدا بوونی نییە، لە هونەردا جیاوازتر خۆی دەنوێنێ چونکە ((لە ڕووی فۆڕمی هونەرمەندانەوە، سەرگوزەشتە زۆر درێژ نابێت و شێوەکەی زۆر ئاڵۆز نییە، هەروەك ئەو کەسانەی لە چیرۆکەکەدا پیشان ئەدرێن بە ژمارە زۆر نین، هەندێ جار ئەم سەرگوزەشتانە بە هۆنراوە ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیانی گەل ئەخەنەڕوو)) (ڕەسول، 1970، 19)، بۆ نموونە هەندێك لە شاعیران سوود لە حەکایەتەکان وەردەگرن وەك شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سودی لە حەکایەت وەرگرتووە و بەشێوەی شیعر دارشتووە و هونەرمەندان وەك گۆرانی چڕیویانە، بۆ نموونە (دیاری قەرەداخی) لە سرودی خوایە وەتەن ئاواکەی دا، ئەم تێکستە شیعریە حیکایەت ئامێزەی بە گۆرانی چڕیووە.

حەکایەت بەرهەمێکی هونەری دەوڵەمەندی فۆلکلۆرییە، هەر ئەمەش وایکردووە پێناسە و ڕاوبۆچوونی جیاواز و جۆراو جۆری لەبارەوە بخرێتەڕوو، هەموویان ئاماژە بە خاڵی جیاواز و جەوهەری دەکەن، لەوانە ((حەکایەت یەکێکە لە ژاندرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری، بریتییە لە بیرۆکەیەکی کورت بە پەخشان دارێژراوە)) (عیسی، 2009، 265)، لێرەدا دەردەکەوێت کە حەکایەت بیرۆکەیەکی کورتە، بەڵام ڕووداوەکانی ناو حەکایەتەکە بەشێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش

لەیەکتر گرێدراون. لەبەرئەوەی حەکایەت توخمێکی بنەڕەتی ئەدەبی فۆلکلۆرە لە ئەدەبی گشت میللەتاندا هەر لەبەر ئەمەشە، کە حەکایەت ((هونەرێکی دێرینە و پشت بەگێڕانەوەی ڕاستەوخۆ دەبەستێت و هەندێکجار بابەتەکەی لە خەیاڵ و هەندێکجاری تریش لە واقیعەوە وەردەگرێت)) (کۆیبلۆ، 2006، 20)، حەکایەت ڕووداوە واقیعەکانی ناو کۆمەڵی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش تێکەڵ بە خەیاڵ کردووە، بابەتەکانی نزیك بە ژیانی گەلە، بۆیە کۆنترین هونەرە، تا ئێستا ماوەتەوە و پارێزگاری لێ دەکرێت.

هەروەك ئاماژەمان پێدا، زۆربەی ڕووداوەکانی ناو حەکایەت لە ژیانی واقیعی ناو کۆمەڵگە وەرگیراون و تێکەڵ بەخەیاڵ کراون، لەبەرئەوەی حەکایەت ((بریتییە لە گێڕانەوەی، یاخود دارشتنی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی، دروستکراو، کە مێژوویەکی درێژی هەیە)) (حوسێن، 2015، 22)، بەهۆی ئەوەی حەکایەت ڕووداوەکانی لە واقیع وەرگیراوە، تاکی کۆمەڵگە بەئاسانی خۆی لەناویدا دەبینێتەوە، هەربۆیە بەدرێژایی مێژوو چیرۆك و حەکایەتەکانی، توخم و بنەڕەتەکانی نەوە لە دوای نەوە، وەك میرات بۆ یەکتریان بەجێ هێشتووە، بەم پێیە حەکایەت((بریتییە لەو دەقە فۆلکلۆرییەی، کە لەهەناوی کۆمەڵگەدا لە دایك بووە و پەیوەندی لەگەڵ دەقەکانی تردا هەیە، خاوەن بنیاتێکی بەهێزو گەورەیە هەم لەڕووی زمانەوە هەم لەڕووی بیرەوە، کەمەبەستیش لێی پەروەردەو فێربوونە)) (حمید، 2012، 9)، حەکایەت لە دارشتنیدا بیرێکی سادەیە و لە بنیاتدا تۆکمە و کاریگەرە، ئەم بیرەش هەڵگری کۆمەڵێك پەیامی جیاوازە، سەرجەمی ئەو پەیامانەش لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە.

خەڵکێکی زۆر پەند و ئامۆژگاری بەسودی لێ وەردەگرن، هەر لەم بارەیەوە وتراوە حەکایەت: ((فۆرمێکی گێڕانەوەیە، کە ڕاستەقینەن، یان ڕووداوە ڕاستەقینەکە لە بیری هەقایەتخوانەکەیە بەسود وەرگرتن لە خەیاڵەوە بە پرۆسەیەکی عەکسییەوە بەرهەمی هێناوە، ڕەگەزە ئەدەبیەکانی وەکو سۆزو خەیاڵ و بیر دەوری جوان دەبینن لە دارشتنەوەی، مەبەستی چێژبەخشین و واتا گەیاندنە بە خەڵکی)) (عەبدوڵڵا، 2014، 27)، حەکایەت گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتیە پەند ئامێزەیە، کە لە کۆندا ڕوویانداوە یاخود دەشێت ڕووبدەن لە داهاتوودا، کە هەموو ڕەگەزە ئەدەبیەکان ڕۆڵی باڵا دەگێڕن لە ناساندن و بڵاوبونەوە و مانەوەی حەکایەتەکە بە زیندوویی لەناو کۆمەڵگەدا.

هەروەها مەولود ئیبراهیم حەسەن لە وانەکانی فۆلکلۆر لە کۆرسەکانی خوێندنی ماستەر ئاوا پێناسەی حەکایەتی دەکرد: ((حەکایەت ڕووداو و کەسایەتیەکانی لە واقیعەوەن و بەشێوەیەکی

واقیعی و پڕ لە هونەری گێڕانەوە و بە زمانێکی سادە و ڕەوان دەگێڕدرێتەوە)) (حەسەن، 2019، کۆرسی ماستەر)..

لەکۆی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕایەی کە بڵێین حەکایەت گێڕانەوەی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتە ڕاستیانەیە کە ڕوویانداوە لە کۆندا یاخود دروستکراون لەلایەن کەسانی بە ئەزموون و خۆشخوان، بە زمانێکی زۆر سادە و ساکار و سەرنج ڕاکێش باسکراون، بەجۆرێك وا لە گوێگر دەکات تەواو کەمەندکێشی بکات، تاکۆتایی حەکایەتەکە بەپەرۆشەوە چاوەڕوانبێت و گوێی بۆ ڕابگرێت، لە هەمان کاتدا حەکایەت هەڵگری چەندین پەیامە لە ناوەڕۆکەکەیدا، هەموو ئەمانەش مەبەست لێی پەروەردە کردنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، تاوەکو ئاگاداری حەکایەت و چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی پێش خۆیان بن.

**2- ئامانج و گرنگی و تایبەتمەندیەکانی حەکایەت:**

حەکایەت کۆمەڵێك ئامانج و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیایی دەکاتەوە لە توخمەکانی تری فۆلکلۆر، گرینگترینیان ئەمانەن:-

1- حەکایەت دەبێتە هۆی وروژاندنی مێشکی گوێگر بەتایبەتی منداڵان، هەروەها دروستبوونی پرسیاری جۆراو جۆر دەربارەی ڕووداوەکانی ناو حەکایەتەکە، هەروەها بەشێکی زۆری حەکایەتەکان مەبەست لێی پەروەردە کردن بوو، هەروەکو چۆن داپیرە حەکایەتی بۆ نەوەکانی دەگێڕایەوە و هەر پەیامێکی مەبەست بوایە، کە بە گوێی نەوەکانی بچرپێنێ، ئەوا لە ڕێگەی حەکایەتەوە پێیانی ڕادەگەیاند، گەر چاوێك بە ڕابردوودا بخشێنینەوە، دەبینین باپیران و داپیران ((لە کۆندا کە داپیرە لەشەوی سارد و سڕی زستاندا هەقایەتێکی بۆ منداڵان دەگێڕایەوە، بێجگە لەوەی بەتام و بۆیەکی خۆش چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، ئەگەر چیرۆکەکە ترس و دزی و یان شتێکی زیان بەخشی تیابایە بۆ منداڵان لێکی دەدایەوە و بەگوێرەی هەقایەتەکە، ڕێگای ڕاستی پیشان دەدان ئەمەش خۆی لە خۆیدا لایەنێکی پەروەردە کردنە، زۆربەی جاریش پاش تەواو بوونی چیرۆکەکە منداڵان دەستی یان بە پرسیارکردن دەکرد)) (احمد، 1990، 196)، بەهۆی ئەو چێژە تایبەتەی حەکایەت هەیەتی، شێوازی گێڕانەوەی حەکایەتخوان کاریگەری زۆری لەسەر گوێگر هەیە، بەتایبەتی زیاتر کاریگەری لەسەر منداڵان، ئەمە وادەکات ڕاستەوخۆ ئامۆژگاریەکە وەربگرن و لەهەمان کاتدا جێبەجێی بکەن، چونکە حەکایەت کۆمەڵێك مەبەستی پەروەردەیی تێدایە بۆ گوێگرەکانی، دەتوانین بڵێین کە ((حەکایەتیش چەند مەبەستێکی لەم بابەتانەی تێدایە، کە منداڵ لێیەوە فێری ڕەوشتی ناو کۆمەڵەکەی بێت وەکو:- ڕاستگۆیی، دەست پاکی، خاوێنی، خۆپاراستن لە فێڵباز، هەڵبژاردنی هاوڕێی باش، گوێگرتن لە ئامۆژگاری بەسود، هەستکردن بە چاکەو خراپە، ...هتد))

(شەریف، 1985، 5)، هەریەك لەم حەكایەتانەش مەبەست و ئامانجێك، یاخود چەندین مەبەستی پەروەردەی ڕەوشتی و ئاكاری لەخۆگرتووە، بەهۆی ئەم حەكایەتانەوە ئاڕاستەی منداڵان دەكرێت لەپێناو پەروەردەیەكی دروست و باش.

2- حەكایەت هەستی ئازایەتی و بوێری و شانازی بەخۆكردن لەلای تاك دروست دەكات، وای لێ دەكات تۆوی پاڵەوانێتی لەناخ و دەروونیدا بچێنێت، هەروەها هەندێكجار وای لێ دەكات ببێت بە یەكێك لە كارەكتەرەكانی ناو ڕووداوی حەكایەتەكە و خۆی تێدا بدۆزێتەوە، حەكایەت وا لە وەرگر دەكات، تێكەڵ بە ڕووداوەكانی ناو حەكایەتەكە بێت و هەست بە كاتە سەختەكانی ڕووداوەكە بكات، سات بە سات چاوەڕوانی سەرەنجامی پاڵەوان دەكات و پێشبینی و خەیاڵی ئەوە دەكات كە ئەگەر ئەو لە شوێنی پاڵەوانەكە بوایە هەڵوێستێكی تری دەبوو، یاخود كارێكی تری ئەنجام دەدا، كەواتە وای لێ دەكات ببێتە كەسێكی بەشدار لە ڕووداوەكە، هەر ئەمەشە وای لێ دەكات زیاتر چێژ لە حەكایەت وەرگرێت و بەپەرۆشەوە تا كۆتایی چاوەڕێ بكات و گوێ بۆ حەكایەتخوان شل بكات.

3- حەكایەت پەند و وانە و حیكمەت فێری تاكەكان دەكات، هەموو ئەمانەش وادەكات لە ژیانی ڕۆژانەیدا سودی لێ وەرگرێت ((سود وەرگرتن لە سەرلەبەری ڕووداوەكان، واتە سوود وەرگرتن لە هەڵە و كەوتنی كارەكتەرەكان)) (خۆشناو، 2007، 23)، حەكایەت هەمیشە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، كە هەردەم كەسە چاك و ژیر و ڕەفتار جوانەكان سەردەكەون بەسەر كەسە ناڕاستگۆ و فێڵباز و خراپەكان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، كە پێویستە مرۆڤ هەمیشە ڕەوشت و ڕەفتار جوان بێت لە هەموو بارە سەخت و دژوارەكاندا، هەروەها نابێت ڕووداوەكان كاری تێ بكەن و پەنا بەرێتە بەر ڕەفتاری نەشیاو لە كاتە سەختەكاندا.

4- حەكایەت هیوای گوێگر بەهێز دەكات، وای لێ دەكات بەرگەی هەموو بارە نالەبارەكان بگرێت و هیوای بە ئایندەی هەبێت، دەشێت هەموو ئەو ناخۆشیانە بەسەریدا تێپەڕ ببێت، چونكە ((حەكایەت هەوڵدانێكە بۆ گۆڕینی باری ناهەمواری ژیان واتە ئەو ئاواتەی كە مرۆڤ دەیەوێ بیگاتێ لە دادپەروەری و ئاسودەیی و یەكسانی و ...هتد لە چوارچێوەی خەیاڵدا دەری دەبڕێت)) (موكری، 1984، 55)، ئەوە حەكایەتە وا لە مرۆڤ دەكات بێ هیوا نەبێت لە هێنانەدی ئامانج و خەونەكانی، ئەگەرچی بەدەستهێنانیشی ئەستەم بێت، كاتێك وەرگر گوێبیستی ئەم حەكایەتانە دەبێت، كە مرۆڤ چەندین كاری تاقەتپڕوكێن و ئەستەمی ئەنجامداوە، وا لە ئەویش دەكات دەتوانێت خەونەكەی بەدیبهێنێت و لە تێكۆشان سڵ نەكاتەوە.

5- زۆرجار لە ڕێگەی حەكایەتەوە باسی زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتداران كراوە، ئەویش بەهۆی بەشداری پێكردنی دێو درنج و ئاژەڵان یاخود بەشێوەی گاڵتەئامێز پەیامەكەیان گەیاندووە، هەروەكو

((له هەندێ ڕووداوی حەکایەتیشدا ویستراوە سوود لەچەند دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی و باسکردنی زوڵم و ستەمی زۆرداران بکرێتە بابەتی ڕووداوەکان)) (غەریب، 2013، 251)، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەربەست نەبوونی تاکەکان لە دەربڕینی ناخی خۆیان بەرامبەر زوڵم و زۆرداری داگیرکەران و بەرەنگار بوونەوەی ستەم، لەگەڵ نەبوونی هەل و مەرجی تەندروست بۆ دەربڕینی ئەوەی لە ناخیاندا پەنگی خواردۆتەوە.

6- یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی حەکایەت، بەسەرهات و ڕووداوە ڕاستەقینە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە، ئەمەش لایەنێکی بەسوودە بۆ تۆمارکردنی ڕابردوومان و گەیاندنی بە نەوەی داهاتوو، بەڵام بە شێوازێکی ئەدەبی تێکەڵ بە خەیاڵ حەکایەتخوان بە سەلیقەی خۆی دەیرازێنێتەوە، نەوەکو گێرانەوەی ڕووداوە مێژوویەکە وەکو خۆی، بەڵکو حەکایەتخوان داهێنانی تێدا دەکات و شوێن دەستی تێدا دیار دەبێت، هەربۆیە ((حەکایەتخوان باسی ڕووداوێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە، کە لە لای میللەت و یادیان پەیکەرێکی جێهێشتووە)) (رسول، 1970، 19)، زۆرجار حەکایەتەکە ئاماژە بۆ پاشایەك، یاخود دەسەڵاتدارێکی بەناوبانگ دەکات، تەنها بە باسکردنی سیفەتەکانی ئەو کەسە، وەرگر ڕاستەوخۆ وێنەی ئەو کەسەی دێتە ناو زەینی و بیری، کە لە حیکایەتەکە بە کینایە و درکە دەربڕدراوە.

7- حەکایەت دەبێتە هۆی پاراستنی زمان بەجۆرێك وشەو دەستەواژەی زمانی دایك لە فەوتان ڕزگار دەکات، بەهۆی گێرانەوەی حەکایەت و چیرۆکی فۆلکلۆری بەشێوازی پشتاو پشت و نەوە دوای نەوە بە بەردەوامی، لەبەرئەمە حەکایەت ((دەبێتە فەرهەنگی وشە و دەستەواژە و کینایەت و دەربڕینە کۆنەکان، ئەمانە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ژیان، لەبیردا نامێننەوە و نەوەی نوێ نازانن چینە و بە چ واتایەك دێن، بەڵام حەکایەت دەیانپارێزێ)) (عەبدوڵڵا، 2014، 54)، کەواتە حەکایەت کەرەستەیەکی دەوڵەمەندە بۆ فەرهەنگی زمانی هەر نەتەوەیەك، لێرەدا دەردەکەوێت کەوا حەکایەت ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پاراستن و زیندوو مانەوەی زمانی دایك و فۆلکلۆری نەتەوە.

8- حەکایەت لە ڕووی پێکهاتنەوە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕوونە، لە چەندین توخم و ڕەگەز پێکهاتووە، هەروەها لە ڕووی زمانەوە بە زمانێکی زۆر سادە و ساکار دەگێڕدرێتەوە، هەموو کەس بە ئاسانی لێی تێدەگات، هەر لە منداڵێکەوە تا دەگات بە کەسێکی بەتەمەن.

9- حەکایەت دەبێتە بناغەی لە دایك بوونی کۆمەڵێك شاکاری تری ئەدەبی، وەکو چیرۆك و داستان و ڕۆمان ...هتد، هەر لەبەر ئەمەیە نوسەرانی چیرۆك و ڕۆمان و ...هتد، حەکایەت دەکەن بە بنەما و هۆکارێکی سەرەکی و ((یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی چیرۆکنوسان بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان سوودیان لێ وەرگرتووە ئەو ڕووداوانەن، کە بەشێوەی حیکایەتی فۆلکلۆرین. چیرۆکنوسانی کورد

هەوڵیانداوە سوود لە کەرەستە بەنرخەکانی کەلەپوری نەتەوەیی وەربگرن)) (نوری، 2020، 53)، لێرەدا دەردەکەوێت حەکایەت هەوێنی دروستبوونی چەندین شاکاری ترە، ئەمەش نەوەکو بە دووبارە کردنەوەی دەقاودەقی حەکایەتەکە وەکو خۆی، بەڵکو چەندین بیرۆکەیان لێ وەرگرتووە، وەکو کەرەستە و ئامرازێکی جوانکاری چیرۆك و توخمەکانی، بابەتەکەیان پێ دەوڵەمەندتر کردووە، هەر ئەمەش وای کردووە دواجار شاکارێکی ئەدەبی جوان و جیاوازی پێ ئەفراندووە.

**تەوەری سێ یەم: جۆرەکانی حەکایەت:**

حەکایەت لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چەندین جۆری جیاوازی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکی زانستی دیار نەکراوە، لێرەدا چەند جۆرێکیان دەخەینەڕوو، بۆ ئەم توێژینەوەیە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:-

**1-حەکایەتی ئاسایی:**

ئەم جۆرەی حەکایەت بەربڵاوترین جۆری حەکایەتە، لە هەموو جۆرەکانی تر زیاتر بەرچاو دەکەوێت، حەکایەتی ئاسایی بەوە جیادەکرێتەوە، کە زیاتر گوزارشت لە بیروناخی خودی مرۆڤ دەکات و هەر مرۆڤیش کارەکتەری سەرەکییەتی، دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاریدە ژیارییەکان و ڕووداو پێشهاتەکان دەدوێت، کە زۆربەی جار بۆ پەند و ئامۆژگاری و وانە لێوەرگرتن گێڕدراوەتەوە، تیایدا پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی لە ئەنجامی تێرامان و لێوردبوونەوە لە ڕووداوەکان بەرجەستە بوون، هەر ئەمیش بڕیاری داوە و بەم شێوەیە حەکایەتەکەی گەیشتووەتە کۆتایی.

کەوابێ حەکایەتی ئاسایی ((وزەیەك لە جوانیی واتا و هزر، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ساکاریش بووبێت دەبەخشێتە دەوروبەری خۆی، بەتایبەت لە نێو جڤاکی میللیدا. پشوویەکیش بە دەروونی ماندویان دەدات و چێژیان زاخاو دەداتەوە)) (حەسەن، 2010، 16)، بەم پێیە بەشێوەیەکی زۆر سادە و ساکار لە ڕێگەیەکی بیرمەندانە واتا و مەبەستێك دەبەخشێت بە دەوروبەر، ئەم ساکاریەش هۆکارێکی بنەڕەتی بووە بۆ چێژبەخشین، چونکە حەکایەتخوان ئەم ڕووداو و بەسەرهاتەی، کە ڕوویداوە بەشێوەیەکی زۆر بیرمەندانە داڕشتۆتەوە، ئەمەش وای لە گوێگر کردووە زۆر بە تامەزرۆیی گوێ بۆ سەرەنجامی ڕووداوەکان شل بکات، حەکایەتخوان بەجۆرێك حەکایەتەکەی داڕشتووە و شتی نوێی بۆ زیاد کردووە، کاتێك گوێگر دەیبیستێت هەست بە ڕووداوە سەرەکیەکە بکات و بیری بۆ ئەوە دەچێت، کە کەبەسەرهاتێکی هاوشێوەی ئاوا لەڕابردوودا ڕوویداوە.

گێڕانەوەی ئەم ڕووداو و کارەساتانەی ناو حەکایەت بۆ شارەزایی و سەلیقە و لێهاتوویی و لێزانینی حەکایەتخوانەکە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە حەکایەت ((بە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی، یان باشترە بڵێین بە زمانی وشە فەرهەنگییەکان دەچنرێ و لەڕێگەی ئەو زمانە دروستەوە گوزارشت لە واتاکان دەکات، زۆربەی هەقایەتی کوردی لەو شێوەیەن)) (عەبدوڵڵا، 2014، 38)، بەهۆی سادە و ساکاری خەڵکی ئەو سەردەمەوە، حەکایەتەکە بە زمانێکی ئاسایی و سادە داڕێژراوە، بەڵام لەگەڵ ئەو سادەییەشدا حەکایەتەکە چێژبەخش بووە، چونکە حەکایەتخوان ڕووداوەکان وەکو چۆن

ڕوویانداوە ئاوا نایانگێڕێتەوە، بەلکو سەلیقە و لێزانینی حەکایەتخوان سەرچاوەی سەرەکی داهێنانی ئەم شاکارە ئەدەبییە بەرزەیە، هەربۆیە ((ناشێ کە کت و مت سەرگوزەشتەکە چۆن ڕوویداوە هەروەها بگێڕدرێتەوە، بەڵکو خەیاڵی چیرۆك بێژو سەرگوزەشتە گێڕەوەکە و ئەو کەسانەی دوای ئەو (پشتاو پشت) ئەیگێرنەوە شتی تازەی دەخەنە سەرو خەیاڵی تێکەڵ دەکەن. بەکورتی دیمەنێکی خەیاڵ و لێ فراوانکردنێکی میللەتیشی تیایە)) (موکری، 1984، 56)، لێرەدا دەردەکەوێت حەکایەتی ئاسایی خۆی بە دوور دەگرێت لە گێرانەوەی ڕووداوەکە وەکو خۆی، ئەگەر وابێت ئەوا دەبێتە بابەتێکی مێژوویی و دوورە لە کاری ئەدەبی، بۆیە ڕووداوە مێژووییەکە تێکەڵ بە ڕەگەزە ئەدەبیەکان دەکرێت و بە بەرگێکی هونەری ناوازە و جوان دەرازێندرێتەوە.

لەهەمان کاتیشدا دەبێتە ئەزموون وەرگرتن لە ڕووداوەکانی ڕابردوو، هەروەها ژیان دەناسێنێ بە نەوەکانی داهاتوو، لەبەر ئەمەیە پێناسە بۆ حەکایەتی ئاسایی کراوە کە ((بریتییە لە نموونەی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی و مانا و نرخێك بەژیان دەدات)) (سەمارە، 2008، 23))، ئەم پێناسەیە بۆ حەکایەت شارەزامان دەکات لە ناسینەوەی ڕێچکەکانی ژیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەکاتی پێشهات و بەسەرهاتەکاندا، هەروەها وامان لێ دەکات چاوکراوەتر بین لە ئاست ڕووداوەکان و سوود لە ئەزمونی پێشتر وەربگرین. بۆ نموونە لە حەکایەتی (هەژار لێی ڕاهاتووە) لە (کتێبی نمەك)دا هاتووە ، لەو حەکایەتە ئاساییانە، کە لە سەرەوە باسمان کرد. ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، دەوڵەمەندێك هەژار ببوو، دوعای دەکرد دەیگووت، یاڕەبی خودایە ئەو دەوڵەمەندانەی هەژار بووینە دەوڵەمەندیان بکەیەوە، ئەوانەی هەژار بووینە لێی ڕاهاتوون)) (گردەسۆری، 2021، 32).

**2-حەکایەتی گیانداران (ڤابۆلا):**

گیانداران بەشێکی گرنگن لە سروشتی پێکهاتەی ئەم جیهانە، بەهۆی گرنگی و ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵان، هەروەها بە هۆی ئەو بەرکەوتەیەی ڕۆژانە، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، وای کردووە ئەم بیرکردنەوەیە دەربارەی ئاژەڵان هەر لە ژیانی ڕۆژانەدا نەمێنێتەوە، بەڵکو کاریگەریەکەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لە دونیای ئەدەبدا، مەولود حەسەن دەڵێ: ((لە حەکایەتی گیانداران، بە مرۆڤکردنی گیاندار و بە گیاندارکردنی مرۆڤ ڕوو دەدات، هەر بۆیە لەم جۆرە حەکایەتە مرۆڤیش وەکو کارەکتەر ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ)) (حەسەن، 2019، کۆرسی ماستەر)، کەواتە دەشێت لەم جۆرە حەکایەتەدا مرۆڤ و گیاندار پێکەوە لە ڕووداوەکان بەشدار بن.

بەم پێیە ئەو توخمەی حەکایەت، بریتییە ((لەو جۆرە حەکایەتانەی کە ئاژەڵ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ و ،بە بەرەوپێشچوونی مێژووی ئەفسانەو درێژبوونەوەی داستان دادەنرێ)) (رسول، 2005، 21)، لێرەدا گیاندار دەبێتە پاڵەوانی حەکایەتەکە و هەڵسوکەوت و سیفەتی مرۆڤی پێدەبەخشرێت، ئەمەش زیاتر لە ئەفسانەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گیاندار دەسەڵاتێکی ئەفسانەیی پێدەبەخشراو بە پیرۆز سەیر دەکرا دواتر ڕۆڵی مرۆڤی پێدەبەخشرا لەڕێگەی ئاخاوتن ونواندنی هەڵوێستەکانەوە، یەکێك لە خەسلەتەکانی ئەوەیە، کە ((ئەم جۆرە هەقایەتە کارەکتەرەکانی گیاندارانن، بەزۆری ڕێوی و گورگ و شێر و قەلەرەش و مەڕ و بزن و مانگا و باڵندەکان و جۆرەکانی تریش لە گیانداران هەریەکە و بەگوێرەی پێویست دەوری تیا دەبینن و هەقایەتەکە لەڕێگەی ئەوانەوە ڕووداوەکانی دروست دەبێت و بابەت و باسی جوان و گرنگی مرۆیی پێشکەش دەکەن)) (عەبدوڵڵا، 2014، 34)، لێرەدا دەبینین کارەکتەری ئەم حەکایەتانە ئاژەڵانن وەکو پاڵەوانی ناو حەکایەتەکە دەردەکەون، چەندین بەها و سیفات دەخرێتە پاڵ ئەو گیاندارانە وەکو سەگ بە بەوەفایی و ڕێوی بە فێڵباز و پشیلە بە سپڵە دەناسێنن.

لەرووی ناوەڕۆکەوە حەکایەتی گیانداران ((باسە، یان لێکدانەوەیە لە ناوەڕۆکدا بەمەبەستی دەرخستنی هۆیە، یان ئامانجە، چونکە بەرهەمی ئەو سەردەمەیە، کە ئادەمیزاد دەستەوەستاون و بێ دەسەڵات ڕووبەڕووی سروشت دەوەستا و هیچ ڕووداوێکی سروشتی بۆ لێکنەدەدرایەوە بە تەواوی تێی نەدەگەیشت و دەسەڵاتیشی بەسەردا نەبوو، بۆیە دەرگای بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ ئەخستە سەر پشت)) (جامباز، 1986، 7)، یەکێك لە هۆکارانەی کە حیکایەتخوانان پەنایان بۆ گێرانەوەی حەکایەتی گیانداران دەبرد، ئەوەبوو کە درکیان بە بەشێك لە ڕووداوە نهێنیەکانی گەردوون نەکردووە، بۆ لێکدانەوەی هەر دیاریدەیەکی گەردوونی، چەندین هۆکار و بیروباوەڕی جۆراو جۆریان کردۆتە هۆی ڕوودانی ئەو دیاریدە گەردونییە.

هەروەها یەکێکی تر لەو هۆکارانەی وای کردووە پەنا بۆ ئەم جۆرە حەکایەتە ببەن، ئەوەبووە کە بەناڕاستەوخۆ ئامۆژگاری و وتەکانیان بگات بە بەرامبەر، جائەمەش لە ترسی دەسەڵات، یاخود ململانێی کۆمەڵایەتی و ڕێز بێت، بە زیرەکی و بە جوانترین شێواز و بەڕێگەی هێما بۆ کردن و ئاماژە مەبەستەکە دەگەیشت، ئەمە لە کاتێکدا ((ئەو جۆرە نموونانەیان دروست کردو بەئەنقەست ئەو جۆرە حیکایەتانەی، کە گیاندار تیایدا ڕۆڵێکی سەرەکی و دیار دەبینێ بەکارهێنا، لەبەرئەوەی ئەوان نەیان دەتوانی بەبێ هانا بردنە بەر ئەو فێڵە ئەوەی دەیانەوێ داییرێژن و بیگێڕنەوە)) (کراب، 1967، 56)، لەڕیگەی ئەم جۆرە حەکایەتە زۆربەی سیفاتەکانی مرۆڤ لە بەخشندەیی و هاوکاری و لێبووردەیی و ئازایەتی، دراوەتە پاڵ ئاژەڵان، ئەمەش وایکردووە لەناو

گەل و كۆمەڵگەدا هەر كاتێك گوێبیستی ناوی گیاندارێك بین ڕاستەوخۆ وێنەی سیفەتەكەی لە بیرو مێشكماندا وێنا دەكەین.

هەندێكجار بە پێچەوانەوە كاتێك گوێبیستی سیفەتێك دەبین، دەیبەستینەوە بە ئاژەڵێك، هەروەكو چۆن كەسێك ئازاو بوێر بێت پێی دەڵێن شێر، ئەگەرنا، زۆرێك لە هۆكارو سیفەتەكان لەژیانی ڕاستەقینەی گیاندارانەدا بوونیان نییە و بەڵكو لەبەرئەوەیە كە ((گیاندار كراوە بە هۆكارێك بۆ لێكدانەوەی ململانێ خودی و دەرەكیەكانی مرۆڤ كە هیچ پەیوەندی بە هەقیقەت و ژینگە و ژیانی ڕاستەقینەی گیاندارانەوە نییە و لێی بەدوورن)) (غریب، 2013، 53)، مرۆڤ بە تێڕوانینی خۆی سیفەتە جۆراو جۆرەكانی بە ئاژەڵەكانی دەوروبەری بەخشیووە و هەر ئاژەڵەو ڕۆڵێكی پێ بەخشراوە و سیفەتێكی دەداتە پاڵ.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، حەكایەتی گیانداران ((خۆی لە خۆیدا لێكدەرەوە و هۆ دەرخەرەو، هەر دیاردەیەك لە گیانداران بەدی بكرێت لێكیدەداتەوە و هۆیەكەی دەردەخات، وەك ئەوەی هۆی ڕەنگی قەلەڕەش دەباتەوە بۆ مەسەلەی نەفرەت لێكردن لەلایەن خواوەندەوە و لەسەر زۆر بڵێی یان لەسەر پەیمان شكاندن و بەجێ نەگەیاندنی ڕاسپاردەكەی حەزرەتی نووح لەكاتی نیشتنەوەی تۆفانەكەیدا)) (لاین، 1973، 91)، بەم شێوەیە لە حەكایەتی گیانداراندا، هەر ئاژەڵە و تایبەتمەندییەكیان پێ بەخشیوە و هەڵگری پەیام و مەبەستێكە، بەڵام داود سلوم دەڵێت: ((دەتوانین تایبەتییەكانی حیكایەتی گیانداران بەوە جیابكەینەوە، هەندێكیان هیچ نامەیەكی كۆمەڵایەتی، یان فێركاریان لەخۆیاندا هەڵنەگرتووە، بگرە بۆ مەبەستی خۆشی و كات بەسەربردنی ڕووت هەڵبەستراون)) (سلوم، 1979، 10)، ئەمەش پێچەوانەی بیروبۆچوونی توێژەرانی بواری فۆلكلۆر، حەكایەتی گیانداران بێ پەیام و مەبەست دادەنێت و پێی وایە تەنیا بۆ خۆشی و بەسەربردنی كات گوتراوە، ئەمە لە كاتێكدا دەتوانین بڵێین حەكایەتی گیانداران هەڵگری چەندین پەند و واتا و مەبەست و پەیامە، هیچ حەكایەتێك بێ هۆ نەدراوەتە پاڵ ئاژەڵ، ئەمەش لەبەر ئەو بەركەوتەیەی، كە مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵان هەیانە، لەلای هەندێك لە نەتەوەكان تاڕادەیەكی وەها بە پیرۆزیان زانیوە، هەندێك لەو ئاژەڵانەیان بە خواوەندی خۆیان زانیوە و پەرستویانە و پارێزگاریان لێ كردووە، لەوەی خەڵك گۆشتەكەی بخۆن، لەمەوەش بوو بە بناغەی دروستبوونی ئەفسانە، هەر لە ڕێگەی حەكایەتی گیاندارانەوە خەڵك زیاتر زانیاری پەیدا كرد، دەربارەی جیهانی ئاژەڵان بەم هۆیەش كاتەكەیان بەرهەمدار كرد و وای لە گوێگران كرد بە ئاگایی و تامەزرۆییەوە لەگەڵ ڕووداوەكانی حیكایەتەكەدا بڕۆن، لەگەڵ ئەمەشدا كاتێكی پڕچێژی لەگەڵدا ببەنەسەر. بۆ نموونە لە حەكایەتی ((جێی كەسەر چاك نابێتەوە)، لە كتێبی (سەربردەی كوردەواری)دا هاتووە ((دەگێڕنەوە

ڕۆژێك شێرێك لەگەڵ هاوڕێیەکی دەدوێ، لە ناکاو هاوڕێیەکەی بەڕوو گرژیەوە پێی دەڵێت: دەمت دوورخەرەوە، تامی دەمت زۆر ناخۆشە، شێرەکە دەڵێ: باشە، دەڕوا، خەنجەرێك دێنێ و دەیداتە دەست هاوڕێیەکەی و پێی دەڵێ: خەنجەرێکم لێ بدە، هاوڕێیەکەی زۆر لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ: چۆن دەبێ؟، شێرەکەش دەیترسێنێ، بۆیە، ناچار خەنجەرێك لە شێرەکە دەدات، شێر دەڕوا چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت، برینەکەی چاك دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکەی و پێی دەڵێ: سەیری شوێنی برینەکە بکە ماوە؟، هاوڕێکەی دەڵێ: نەخێر شێر دەڵێ: جێی برین چاك دەبێتەوە، بەڵام جێگای قسە و کەسەر چاك نابێتەوە)) (گردەسۆری، 2006، 64).

**3-حەکایەتی خورافی (وڕێنە) :**

حەکایەتی خورافی بەشێکی تری حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی پێکدەهێنێت، چ ئەو حەکایەتانەی بۆ منداڵان دەگێڕدرایەوە، یاخود ئەو حەکایەتانەی لە دانیشتنی شەوانی دیوەخانەکان بۆ پاشا و گەورەکان دەگێڕدرایەوە، ئەو توانا و هێزە فراوان و لە ڕادەبەدەرەی، کە کەسایەتی سەرەکی (پاڵەوان) هەیەتی لەناو حەکایەتەکەدا، توانای بە دیهێنانی ئەو شتانەیان هەیە، کە لە جیهانی واقیعدا بەدەست هێنانی ئەستەمە، ئەمەش وا لە گوێگر دەکات هەمیشە گەشبینانە بیر لە ژیان بکاتەوە، هیوای لە دەست نەدات و کار بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی بکات.

حەکایەتی خورافی ((بەو جۆرە حەکایەتانە دەوترێ، کە خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێ، پاڵەوانەکانی لە جیهانی نەبینراودان هەمیشە بەرامبەر بەو کاروکردەوانەی دێنە ڕێگایان یاخود بەرامبەر بەهێزی نادیاری دژ بەخۆ لە ململانێدان)) (رەسول، 2003، 17)، لە حەکایەتی خورافیدا خەیاڵ پانتایەکی فراوانی داگیرکردووە، پاڵەوانی سەرەکی ڕووداوەکان بەرەو سەرکەوتن دەبات، ئەگەرچی دوای بڕینی ڕێگەیەکی سەختی پڕ مەترسیدار پێش بێت، بەڵام لە کۆتاییدا دەگات بە ئامانجەکەی و هەرگیز دەستەوەستان ناوەستێ لەبەرامبەر پێشهاتەکان، ئەم سامانە گەورەیەی فۆلکلۆری کوردی کە ((بەشێکی هەرە گرنگی سامانی نەتەوایەتیمانە و لە قاڵبی ئەدەبی خەیاڵی زانستی بەرجەستە بووە و پڕیەتی لە پەند و ئامۆژگاری و قارەمانێتی و سوارچاکی)) (سنجاوی، 2001، 121)، بیرکردنەوە و خەیاڵ کردن گرنگن بۆ مرۆڤ، تا لە ڕێگەیانەوە بگات بە ئامانجەکەی، ئەم گرنگیەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەشێك لەو خەیاڵانەی لە حەکایەتدا هەبوون، ئێستا بوون بە واقیع و لە ژیانی ڕۆژنەماندا دەیانبینین.

حەکایەتی خورافی زیاتر دەربارەی ئەو بابەت و ڕووداوانەیە، کە هێشتا لە ژیانی واقیعدا مرۆڤ پەی پێ نەبراوە، ئەم ڕێگریەی کاتێك واقیع لەبەردەم پاڵەواندا دایدەنێت، حەکایەتخوان هەرچی بەربەست هەیە لەبەردەم پاڵەوان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لای دەدات و دەیگەیەنێت بە

ئامانجەکەی، کەوایە ((حەکایەتی خورافی ئەو جیهانەیە، کە بەرامبەر جیهانی ڕاستەقینەمان ڕادەوەستێ و دەبێت بەتەواوکەری، چونکە پێچەوانەیە و کەم و کورتی و قورسایی جیهانی ڕاستەقینەمان ڕاست دەکاتەوە)) (غەریب، 2013، 110)، لە حەکایەتی خورافی مەحاڵ بوونی نییە و شوێن هەر جێگایەك بێت، وشکانی، یاخود دەریا، پاڵەوان دەتوانێت بیبڕێت بۆ گەیشتن بەو جێگەیەی کە مەبەستەکەی تێدا دێتە دی، هەندێك جار بەیارمەتی گیاندار و هەندێکجاریش کەرەستەی بێ گیان دەبنە هۆکاری ڕێخۆشکەر و پاڵپشتی لێ دەکەن و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەبن بە فریادڕەسی پاڵەوان.

مرۆڤ پێویستی بە توانای سەروو سروشت هەیە، چونکە حەکایەتی خورافی ((تەوەرەکەی بابەتێکی خەیاڵییە و سەروو توانای سروشتی کەوتووە، هەموو حەکایەتە خورافیەکان، پاژن لە پاشماوەی بیروباوەڕی زۆر کۆنەکان. لەگەڵ ئەوەشدا مەغزای زۆر قوڵیان هەیە. بە لێکۆڵینەوەی بەراورد ساغ بووەتەوە، ئەم جۆرە حەکایەتانە ناوەڕۆکی کۆنترین ڕۆنانی ئەدەبی پشت بە ئەفسانە بەستوون)) (زکی، 1979، 68)، بابەتەکانی حەکایەتی خورافی، بەشێوەیەکی خەیاڵئامێز ڕووداوەکان دەگەیەنێت بە کۆتایی، ئەم چڕبوونەوەی خەیاڵەش لە پێکهاتەی حەکایەتی خورافی وا دەکات جیایی بکاتەوە لە جۆرەکانی تری حەکایەت، زۆرێك لە توێژەران حەکایەتی خورافی بە درێژبوونەوەی ئەفسانە دادەنێن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا حەکایەتی خورافی ((هەوڵدانێکە بۆ گۆڕینی باری ناهەمواری ژیان واتە ئەو ئاواتانەی مرۆڤ دەیەوێت بیگاتێ لە دادپەروەری و ئاسوودەیی و یەکسانی و ....هتد لە چوارچێوەی خەیاڵدا دەری دەبڕێت)) (موکری، 1984، 55)، کەواتە حەکایەتی خورافی وا لە گوێگر دەکات بەخەیاڵ بگات بە هەموو ئەو شتانەی، کە لەژیانی ڕۆژانەدا ناتوانێت بەدەستیان بهێنێت. دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن دەڵێ: ((حەکایەتی خوڕافی(وڕێنە) ڕیشەی لە خەیاڵوەیە بۆ خەیاڵ، بەپێچەوانەی ئەفسانە کە ڕیشەی لە واقیعەوە بۆ خەیاڵە)) (حەسەن، 2019، کۆرسی ماستەر)، بەم پێیە حەکایەتی خوڕافی لە خەیاڵ دەست پێ دەکات و بە خەیاڵیش کۆتایی دێت، ئەمەش دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە لە جۆرەکانی تری حەکایەت.

لەکۆی هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە حەکایەتی خورافی ئەو جۆرە حەکایەتەیە زیاتر لە چوارچێوەی جیهانی خەیاڵدا دەخولێتەوە، ئەمەش بەمەبەستی دەرخستنی ئەو هێز و توانا شاراوەیەی لە جیهانی نەبینراودا هەیە، لەم جۆرە حەکایەتە جگە لە مرۆڤ کارەکتەری تریش ڕۆڵ دەگێڕن لە سەرکەوتنی پاڵەوانی ڕووداوەکە، وەکو گیاندارەکان لە جیهانی واقیعدا بەشێك لە چارەسەری ڕووداوەکان دەبێت بە خەون، پاڵەوانی ڕووداوەکە بۆ ئەوەی ئەو بەربەست و زەحمەتییە تێپەڕێنێت، پەنا بۆ کاری سەرسوڕهێنەر و لە عەقڵ بەدەر دەبات، لە

زۆربەی حەکایەتە خورافیەکاندا دەبێتە فریادڕەسی کۆمەڵەیەك، یاخود نەتەوەیەك. بۆ نموونە لە حەکایەتی (زمان بەرای سەرە) لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری)دا هاتووە ((دەگێڕنەوە، کابرایەك لە گوندێك بۆ شار دەچێ لە ڕێگادا تووشی سەری مرۆڤێك دەبێ، سەرەکە بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد زمان بەرای سەرە، کابرا بەم قسەیە سەری سور دەمێنێ و بە پڕەپڕ دەڕوا دەچێتەوە گوندی و زمانی خۆی پێ ڕاناگیرێ ودەچێتە لای ئاغای گوندی و دەگێڕێتەوە، ئاغا بڕوای پێ نایێ، بۆیە دەڵێتە کابرای وا دەچمە شوێنەکەی درۆ بێ دەتکوژم،کابرا دەڵێ: باشە،کە دەچێ دەبینێ سەرە بێ لاشەکەی لێیە، بەڵام هیچ قسە ناکات، بۆیە ئاغا لەوێ لە سەری کابرای دەدات، لە پاشان سەرەکە دێتە وەڵام و دەڵێ:ئەدی نەمگووت زمان بەڵای سەرە)) (گردەسۆری،2006، 18).

**4-حەکایەتی گاڵتەوگەپ:**

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری حەکایەتی گاڵتەوگەپ بکەین، لەوە تێدەگەین ئەم جۆرە حەکایەتە جگە لەوەی بۆ چێژوەرگرتن و بەسەربردنی کاتێکی خۆشە، لەگەڵ ئەوەشدا لە پشتی ئەم قسە خۆشانەوە مەبەست و ئامانجێك خۆی حەشارداوە، ئەم شاراوەیەش جا چ بەهۆی دەسەڵات یاخود پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی بێت، لە هەمان کاتدا بیرێکی باشە بۆ گەیاندنی بیروڕا، لەلایەکی ترەوە خۆ بەدوور گرتنە لە کێشە و گرفتەکان، بەم پێیە حەکایەتی گاڵتەوگەپ ((جیهانی گاڵتەو دڵخۆشییە، لەجیاتی جیهانی سەخت و پڕ لە کێشە و بەرەی کۆمەڵگە. هەروەها شیرازەی نێوان واقیع و ئەوەی کە لە باردایە و یان پێویستە ببێ ئەیپسێنێ، ئەو واقیعە بەچاوی گاڵتە پێ کردنەوە سەیر دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە هەر بە ڕواڵەت وایە، چونکە گەلێ لە گاڵتەو گەپ و قسەی خۆش جۆرە دەربڕینێکی شۆڕشگێڕانەیە دژی باری ناهەمواری ئەو گەلە، بەڵام لەژێر پەردەی گوێ نەدان و پێکەنیندا)) (موکری، 1984، 81)، حەکایەتخوان دەیەوێت خەمی ئەو جیهانە ئاڵۆز و پڕ ئارێشەیە، بە گێڕانەوەی حەکایەتی گاڵتە ئامێز بڕەوێنێتەوە، پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ گوێگر بنێرێت، یاخود هەندێکجار ڕەخنەگرتنە لە کەسی بەرامبەر بە شێوازێکی وا ئامانجەکە دەگات بە گوێگر و بەبێ ئەوەی دڵی گەرد بگرێت تێدەگات، یان لە ترسی دەسەڵات لە قاڵبێکی گاڵتەییدا ئازاری نەتەوەکەی دەدات بە گوێی دەسەڵاتدار.

حەکایەتی گاڵتەوگەپ لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا جیاوازە، لەگەڵ جۆرەکانی تری حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی، هەرچەندە حەکایەتی گاڵتە و گەپ ((چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بەجۆرێکی گاڵتە ئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی بە بەردا کراوە)) (جامباز، 1986، 6)، ئەگەرچی حەکایەتی گاڵتەوگەپ لە داڕشتندا چیرۆکێکی کورتە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەیەوێت بەشێوەی گاڵتەوگەپ پەردە

لەسەر كەم و كورتی و ناڕێكیەكانی ژیانی ڕۆژانەمان لا بدات، ئەمەش بە ئامانجی ڕێككردنەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە هەیە.

لێرەدا دەردەكەوێت حەكایەتی گاڵتە و گەپ گێڕانەوەیەكی گاڵتەئامێزە، کە بە كورترین چیڕۆك، گەورەترین مەبەست دەگەیەنێت، لەڕێگەیەوە خەندە و خۆشی دەخاتە دڵەكانەوە، ئەگەر بۆ ساتێكی كەمیش بێت مرۆڤ دوور دەخاتەوە لەو بارودۆخ و گوزەرانە ناهەموارە و هەستی كامەرانی پێدەبەخشێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو پەیام و مەبەستەی لەپشت ئەو گێڕانەوە هەیە، بە ئاسانی دەگەیەنێت بە گوێگر. بۆ نموونە لە حەكایەتی (سەرتاشم)، لە كتێبی (نمەك)دا هاتووە ((یەكێك لە پیاوێكی پرسی: هەفتەی چەند جار ڕیش دەتاشی؟ ئەویش گووتی: نزیكەی بیست جار لەیەك ڕۆژدا! گووتی: دارە تۆ شێتی، گووتی: نەخێر من سەرتاشم)) (گردەسۆری، 2021، 155).

**5-حەكایەتی ئەفسانەیی:**

حەكایەتی ئەفسانەیی بەرهەمی بیری ئەو كۆمەڵگەیەیە، كە بیرو بۆچوونی خۆیان لەسەروو باوەڕە هزریەكانی مرۆڤایەتی شرۆڤەیان بۆ ژیان و ڕووداوە گەردوونیەكان كردووە و بەدوای چارەسەر بۆ كێشە كۆمەڵایەتیەكان گەڕاون و لە شێوەی حەكایەت دایان ڕشتووە، ئەم جۆرە حەكایەتە ((بریتییە لەو هەستە دەرونیانە كە ئادەمیزاد بەشێوەی بەسەرهات و چیرۆك نیگاری كێشاوە، وەترس و ئارەزووی خۆی تیا دەربڕیوە و وەڵامێكی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە)) (ابراهیم، 1983، 10-11)، بەم پێیە حەكایەتی ئەفسانەیی دەربڕینێكی دەروونیە، دەربارەی ڕووداوەكانی گەردوون بۆ لابردنی ئاستەنگەكانی بەردەم ژیان، زۆربەی كات چینی چەوساوە بەسەر هێزی بەدكار سەردەخات، ئەمەش بە یارمەتی خەیاڵ، كەوایە ((ئەفسانەش جۆرێكی باڵای حیكایەتە، خەیاڵ بە فراوانی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. وریایی ئەو گەلانەش نیشان دەدات، كە سەرتا دایانهێناوە)) (حەسەن، 2010، 58)، لە حەكایەتی ئەفسانەیدا لەبری ئەو كەرەستە ئادەمیانەی، لە واقیعدا بوونی هەیە حەكایەتخوان پەنا بۆ كەرەستە خەیاڵیەكان دەبات، ئەمەش بۆ خێراكردنی كارەكان و بەدەستهێنانی ئەنجامێكی چاوەڕواننەكراو.

بەم شێوەیە حەكایەتی ئەفسانەیی ((كۆمەڵێك هەقایەتی كۆنن، هەموو شتەكانی ناویان لە {پاڵەوان-كەرەستە-كات- شوێن- ڕووداو} ئەفسانەیین، ڕاستەقینە نین)) (عەبدوڵڵا، 2014، 58)، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە كە هەموو ئەو كەرەستانەی لە بونیادی حەكایەتی ئەفسانەیدا هەیە، توانا و شێوەیان جیاوازە لەو كەرەستانەی ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بەڵكو هێزو توانایەكی لە

ڕادەبەدەریان پێ دەبەخشرێت، کە لە سەرووی توانا عەقڵیەکانە، بۆیە داوا لە حەکایەتخوان دەکرێت، کە ئەم جۆرە حەکایەتە ((بەشێوەیەکی هونەری و سەرنج ڕاکێش بگێڕنەوە بەمەبەستی تێگەیشتن لە دونیای خواوەند و سەربردەی خوڵقان و گەڕان بە دوای شیکردنەوەی گرێ کوێرە نهێنیەکانی گەردوون، وەکو حەکایەتی دێو و درنج و گیاندارانی قۆچدار و توقێنەر و نەفرەنجا و ئەژدیهای حەوت سەر و چەرخ و فەلەکی پیرەژنی مەکرباز و پەڕینەوە لە ئاوی کەسك و سۆر و مۆر و ڕەش و ...تاد، بەهیوای گەیشتنی مرۆڤ بەخەون و مرازەکانی، مادەم حەزەکانی مرۆڤیش وەك پێویست نایەتەدی، بێشك ئەو بەرهەمە بە میرات بەجێماوانەی لەگەڵ ڕۆژگاری خۆی دەباتە ئایندەیەکی هێشتان نەهاتوو بۆ گەیشتن لە کارەساتەکان و ناوەڕۆکی حەکایەتەکەن)) (سنجاوی، 2004، 43)، لە حەکایەتی ئەفسانەیدا گیانداران ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕن لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکان و یارمەتیدانی پاڵەوان، لێرەدا دەتوانین بڵێین سوود لە هێزی گیانداران دەبینرێت و زۆر جاریش بەمەرج یارمەتی پاڵەوان دەدات و بێ یارمەتی ئەو کارەکتەرانە، سەرکەوتنی پاڵەوان ئەستەم و مەحاڵ دەبێت، لە لایەکی تریشەوە پاڵەوان بەهاوکاری ئەم کارەکتەرانە شارەزای جیهان دەبێت، بێگومان بۆ تێگەیشتن لە گەردوون و ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی، چەند ڕەگەزێك هەن، لە نێو حەکایەتی فۆلکلۆریدا هەبوون دەیکەن بە حەکایەتی ئەفسانە وەکو دکتۆر مەولود حەسەن لە کتێبی گەڕان بەدوای نەمرییدا باسی کردووە:-

((1-پاڵەوان یان کەسییەتی ئەفسانەیی، وەکو پەری، فریشتە، لاکەرتك، مرۆڤی سەر حەیوان، حەیوانی سەر مرۆڤ،...زۆری تر.

2-کەرستەی ئەفسانەیی، ئەنگوستیلەی حەزرەتی سولێمان، کڵاوی سەفرە جن، بەرماڵی فڕین، ئاوێنەی جیهان بین، ئاوی حەیات،...هتد.

3-بیری ئەفسانەیی، گەڕان بەدوای نەمرییدا، بیری مرۆڤ کردن-بە-خواوەند- زۆری تر.

4-شوێنی ئەفسانەیی، ئەو شوێنەی مرۆڤ تێیدا نەپیر دەبێت، نەدەمرێ و نە کاردەکات و زۆری تر.

5-کاتی ئەفسانەیی، تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ لە چاوتروکانێکدا، ڕاوەستانی کات، گەڕانەوە بۆ دواوە بە سەدان و هەزاران ساڵ.

6-کاری ئەفسانەیی، چوونە ئاسمان، چوونە ژێر زەوی، دروستکردنی کۆشکێك لە خشتی زێڕ و زیو لە یەك شەودا،..هتد.

7-خوداوەندی پاڵەوان، ئەم ئەفسانەیە خوداوەندەکان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن و تایبەتە بە-اسطورة-ئەفسانەو خوداوەندان)) (حەسەن، 2020، 44)، لێرەوە دەتوانین بڵێین حەکایەتی ئەفسانەیی،

هەموو ئەو کەرەستە ماددی و مەعنەویانەی کە هەیە، بەرگێکی ئەفسانەیی بەبەردا دەکرێت، کە عەقڵ قەبوڵی ناکات و لە ژیانی ڕۆژانەماندا بوونی نییە، بەڵام لە حەکایەتی ئەفسانەیدا هەموو ئەو ڕووداوانە ئاسایین و بەشێوازێکی ئەفسووناوی ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە لە حەکایەتی (ئەحمەد کەرتك) لە کتێبی (هەنجیری چل تام) هاتووە ((هەبوو نەبوو پیاوێك هەبوو، دوو ژنی هەبوو، ژنێکیان دوو کوڕی هەبوو یەکیان ناوی محەمەد بوو ئەوی دیکەیان ناوی مەحموود بوو، ژنەکەی دیکە منداری نەدەبوو. ڕۆژێکیان هەردوو ژنەکەی نانیان دەکرد پیاوێکی پیریش لە دەرکەیدا و ژنە بێ مندارەکە چوو دەرکەی کردەوە و گۆتی فەرموو خارە چیت دەوێت؟ پیاوە پیرەکەش گۆتی: ئەگەر هەتانە خێرەکم پێ بکەن فەقیرم، ژنەکە گۆتی خێرت پێ دەکەم ئەتووش دووعام لۆ بکە خوا مندارەکم بداتێ چونکە ئەوە چەند سارە مێردم بە پیاوی خۆم کردییە هیچ مندارم نابێت! پیاوە پیرەکەش گۆتی: ها کیژم ئەو سێوەت دەدەمێ هەتا سارێکی دیکەی ئەو وەختە ئەگەر مندارت نەبوو چیم پێ دەرێی برێ، ژنەکەش دەرێ باشە خوا بکا وەبی، ژنەکە چەند نانێکی گەرم دەداتە پیاوە فەقیرەکە پیاوەکە دەڕوات ژنەکە سێوەکەی لەسەر بەرامبیلێ دادەنێت. جاشکێك لەولاوە دێت و قەمپارێکی لە سێوەکە دەدات دەبیات ژنەکە لەسەر نانی بە خێرایی دەیگاتێ کەرتەکی لێ دەستێنێتەوە، ژنە کەرتە سێوەکەی دەخوات سالێکی پێچوو و نەچوو کوڕێکی بوو ناویان لێنا ئەحمەد کەرتك. ئەو کوڕە گەورە بوو، بوو بە سوارچاکێکی زۆر چاك هەموو ڕۆژێ دەچووە ڕاوێ بەدەست بەتاڵی نەدەهاتەوە نێچیرەکی لەگەر خۆ دەهیناوە، چ مامز یا بزنە کێوی بایە هەرچیەکی بایە. دوو برایەکەی دیکە واتە زڕبرایەکانی محەمەد و مەحموود هەموو ڕۆژێ هەر قشپلیان دەهێناوە، بابی دەیگۆت کوڕەکانم ئەمە لە هەوێزێ چ زۆرە قشپل زۆرە ئەنگۆ لۆ قشپلی دەهێننەوە. بابیان ئەحمەدی خۆشتر دەویست لە دوو کوڕەکەی دیکەی، چونکە ئەحمەد کەرتك کوڕێکی زۆر ئازا و ئاقر بوو. ڕۆژێکیان محەمەد و مەحموود زۆر لە خۆیان بێزار بوون گۆتییان وا باشە ئەحمەدی بگرین بیهاوێینە ناو چاڵی قیرێ. دەرێن تەکبیریان کرد وای لێ بکەن، ڕۆژەك ئەحمەد کەرتك لە ڕاوێ دەهاتەوە، توورەگەك زێڕی دەهێناوە لۆ داك و بابی، محەمەد و مەحموود بە هەردووکیان ئەحمەد گرت و ئاوای ناو چاڵە قیریان کرد، زێڕ و شتومەکەکانی، محەمەد و مەحموود بردیانە لای بابیان، بابیشیان کەیفی خۆش بوو، گۆتی کوڕم ئەوەکو ئەوڕۆ وەکو جاران قشپلیان نەهیناوە. ئەوانیش گۆتیان بابە لەوەتەی ڕۆژەکەی پێت گۆتین چیتر قشپل نەهیننەوە، چی دیکە قشپلمان نەهیناوە. دەرێ ئێوارە داهات ڕۆژ ئاوابوو بابی گۆتی کوڕم ئەحمەدتان نەدیوە، محەمەد مەحموود گۆتیان نەخێر بابە، ئەمە نەمان دیتییە، ئەسپەکەی ئەحمەد کەرتك بە حیلە حیل هاتەوە لۆ لای بابی، ئەسپەکە هەر دەنوزاوە لە لای بابی ئەحمەد کەرتك، بابیشی لەگەر ئەسپەکەی بە پەلە چوون، وەکی چوون دەبینی ئەحمەد کەرتك کەتیتە ناو چاڵی قیرێ. ئەحمەد کەرتك هاوار

دەكات و دەرێ بابە مریشك و جوجكەی حەفت گوندان خڕ بكەنەوە لەگەڵ هەندێك گەنم بەسەر قیڕەكەی وەربكەن مریشك و جوجكەكانیش لەسەر قیڕەكەی دابنێن تاوەكو بچمە دەرەوە بابی ئەحمەد كەرتكی دەرهینا لە ناو قیڕەكەی پاش مانگێكی پێ چوو ئەحمەد كەرتك هەر لە مارەوە بوو، دوایێ گۆتی: بابە چی دیكە ناتوانم لە مارەوە بم دەچم لۆ ڕاوێ بابی دەرێ كوڕم مەچوو هیچ بزنە كیوی و مامزمان ناوێت، نانێك هەر هەیە ئێمە پێی بژین، ئەحمەد كەرتك دەچی لۆ ڕاوێ دەبینی مامزێك لەسەر شارە مێرووستانێك دەلەوەڕێت دەرێ دەیكوژم، پاسەوانێكیش لەوێ دانیشتبوو گۆتی: ئەم مامزە هی دێوی سپییە بزانێت كوشتیتە خوا بە خۆی بزانێت چیت لێ دەكات. ئەحمەد كەرتك مامزەكە دەكوژێت دەیبات لە ڕێیێ دێوی سپی تووشی دەبێت. دەرێ بۆن دێت بۆنی بزنی بێگانان دێت لەو حەوشە و بانان دێت دێوەكە دەبینێت ئەحمەد كەرتك مامزەكەی كوشتیە و دەیبات. ئەحمەد كەرتكی دەگرێت فڕەێ دەداتە ناعورەكی هەر دەڕوات، هەر دەڕوات لەناكاو دەكەوتە جێگایەك جێگایەكەش بنی دنیاییە. ئەحمەد كەرتك لە دەرگای مارێك دەدات زۆری تێنییە پیرەژنێك دێتە دەرەوە، دەرێت فەرموو كوڕم چیت دەوێت؟ ئەویش دەرێ داپیرە هەندێك ئاوم بدەرێ پیرەژنەكەش نایەوێت دری بشكێنێت دەچێت هەندێك میزی خۆی لۆ لەناو جامێك دەكات دەیداتێ، كە دەخوات دەرێ ئەو ئاوە لۆ ئەوەندە سوورە پیرێژنەكەش گۆتی: چیت لێ بشێرمەوە ئەوە میزی خۆمە لۆم تێكردووی، چونكە هیچ ئاومان نییە لۆ خواردنەوەش، لەبەرئەوەی نەهەنگێك هەیە ناهێڵێت هیچ ئاومان لۆ بێت هەموو ڕۆژێكیش دەبێت كیژەكی چاردە ساری ببێت بە خواردنی ئەو نەهەنگە. ئەحمەد كەرتك گۆتی شیرێكم بدێ ئێستا لۆتان دەكوژم. پیرێژنەكەش گۆتی: كوڕم مەچوو دەتخوات، ئەحمەد كەرتك شیرەكەی لەسەری خۆی بەست چووە ناو كونی نەهەنگەكە كە چاوی پێ كەت لە دووڕا هەلیمژی لۆ ناو دەوی شیرەكەی لەسەر دەوێرا تا كلكی كەرتی كرد. نەهەنگەكەی كوشت ئاو لۆ مارەكان ڕۆیشت و ئەحمەد گەڕایەوە لای پیرێژن.

پیرێژنەكەش ئەحمەد كەرتكی برد لۆ لای پاشا، پاشا گۆتی ئەتوو نەهەنگەكەت كوشت؟ ئەحمەد گۆتی: بەرێ پاشا. پاشا گۆتی، بخوازە ماری دنیایی ئەحمەد كەرتك گۆتی، دەمەوێ بمگەیینیە سەر دنیایێ، پاشا دووبارە لێی دووبارە كردەوە بخوازە ماری دنیایی، ئەحمەد هەر گۆتی دەمەوێ بمگەێنییە سەر دنیایی. پاشاكەش گۆتی: بەس ئەوەت نەگۆتبایە هەرچیت بگۆتبایە من ئامادە بووم، بەڵام دەتنێرمە لای سیمرخی هەموو ساڵێك فەرخەی دەكات، ئەو نەهەنگە لێی دەخوات، بزانی ئەتوو نەهەنگەكەت كوشتیە لە خۆشیان خەنی دەبی، دەتگەیەنیتە سەر دنیایی، ئەحمەد كەرتكیان برد لۆ لای سیمرخی گۆتی: باشە دەتگەیەنمە سەر دنیایی بەلام حەوت نوردییە نانم بداتێ لەگەر حەوت كەلەشی مەڕەكی هەر برەك ڕۆیشتم پشكێكی گۆشتم باوێ ناو دەوم لەگەر نانەكی. ئەحمەد كەرتكیش دەچێتە لای پاشا پاشا هەمووی لۆ ڕێك دێخی، ئەحمەد سواری سەر پشتی سیمرخ دەبێت

دەڕوات هەر بڕێك دەڕۆیشت پشكێك گۆشتی دەوێتە ناو دەوی سیمرخەكەی لەگەر نانێك. هەر ڕۆیشت نێزیك بوونەوە لە دنیایی، ئەحمەدی گەیاندەوە سەر دنیایی و سیمرخەكە گەڕایەوە، لای داك و بابی و بە یەكتر شادبوونەوە)) (گردەسۆری، 2008، 1-4).

**6-حەكایەتی كۆسە:**

ئەمەش جۆرێكە لە حەكایەتی فۆلْكلۆری كوردی، وەكو دكتۆر مەولود حەسەن دەڵێت(( حەكایەتی كۆسە جۆرە حەكایەتێكە، پاڵەوانەكەی كەسێكی ژیرە و لەڕووداو و پێشهاتەكان یەكسەر ڕێگاچارە دەدۆزیتەوە، عەقڵ بە شێوەیەكی خراپ و لە ئاستێكی بەرز بەكاردێنێ و بۆ دەرچوون لە كێشە و گەیشتن بە ئامانجەكانی لە هیچ خراپیەک و تاوانیک ناپەنگێتەوە، منداڵ و پیر و ژن و بێ گوناە دەكاتە ئامانج، ڕووداوكانی نێو حەكایەتی كۆسە، ڕووداوی كۆمێدی و تراژیدی ڕەش ئامێزن )) (حەسەن، 2019، كۆرسی ماستەر). لێرەدا دەردەكەوێت كۆسە هەموو شتێك بەكار دەهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی. بۆ نموونە لە حەكایەتی (پێنج فلوسی تێدایە) لە كتێبی (نمەك) هاتووە ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی كۆن لە نێو كوردەواریدا، لە ساڵانی حەفتایەكاندا حاجیەكی دوكاندار پێنج فلوسی خستبووە ناو حەڵاڵیەكەی كە لەسەری نابوو، لە كاتی فرۆشتنی شتێكی دوكانەكەی ئەگەر یەكێ بیگوتایە نرخەكەی گرانە، حاجی دوكاندار دەیگوت: بەو مەكەی تەوافم كردییە، كە ئەو حەڵاڵیەشم لەوێ كڕیووە پێنج فلوسی تێدایە، بەمجۆرە باوەڕی بە كڕیارەكە دەهێنا، ئەو مەبەستی لە سوێند خواردنەكەی بە ئەو پێنج فلوسەی، كە لە ناو حەڵاڵیەكەی داینەوە)) (گردەسۆی، 2021، 165).

**7-حەكایەتی هەیاس:**

حەكایەتی هەیاس جۆرێكی تری حەكایەتە، وەكو مەولود حەسەن دەڵێ:((هەیاس حەكایەتی بەكارهێنانی عەقڵە بە شێوەیەكی پەندئامێز و ڕوو لە چاكە لە بەرامبەر زوڵم و نەزانی دا، لە حەكایەتی هەیاس دا پاڵەوانی سەرەكی هە میشە هەیاسە و هەیاسیش بۆ خۆی نموونەی مرۆڤی عاقڵمەند و پەندئامیزە، هەیاس كەسایەتیەكی مێژوویە و لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی دا ژیاوە و لە زۆربەی حەكایەتەكانی هە یاس ئەم دووە لە بەرامبەر یەک دان .)) (حەسەن، 2019، كۆرسی ماستەر)، هەیاس هەمیشە وەكو كەسایەتیەكی دانا و ژیر لە ناو ڕووداوەكاندا دەردەكەوێت و چارەسەری گونجاو دەدۆزێتەوە. بۆ نموونە لە حەكایەتی (یاسا) لە كتێبی (نمەك)دا هاتووە ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی كۆن لەنێو كوردەواریدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەیاسی فەیلەسووف بەپێی یاسا حوكمی لە سێدارەدانی بۆ نزیكترین و خۆشەویسترین دۆستێكی خۆی دەركرد، لە ناو دادگا دەستی كرد بە گریان بۆی، پێیان گوت تۆ خۆت دادوەر و سەروەر بوویت دەتتوانی چۆنت بوێ

حوكمت دابوایە، بۆچی بۆی دەگری؟ لە وەڵامدا گوتی: من بۆ ئەو خۆشەویستەم دەگریم کە گیروگرفتی زەمانە بەم دەردەی برد و یاساش لەسەری کردم، کە من بەو چاوە تەماشای بکەم، کە نەمدیووە و نایناسم، یاسا لە من و لەویش گەورەترە)) (گردەسۆری، 2021، 247).

لە کۆتایدا بە پێویستی دەزانین شیکردنەوەیەکی ئاماری بۆ هەرسێ بەرهەمی کۆکراوەی (نمەك، سەربردەی کوردەواری، هەنجیری چل تام)ی جەمال گردەسۆری بکەین بۆ دیاریکردنی هەموو جۆرەکانی حەکایەت لە کۆی ئەم بەرهەمانەدا، بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت حەکایەتی ئاسایی بەربڵاوترین جۆری حەکایەتە لە هەموو حەکایەتەکانی تر کە (387) حەکایەتە، هەروەها حەکایەتی خوڕافی کەمترین جۆری حەکایەتە کە تەنیا (2) حەکایەتە، سەیری خشتەی ژمارە(1) بکە لە خوارەوە:

**خشتەی 1 جۆرەکانی حەکایەت لە کۆی بەرهەمەکاندا**

| | | |
|---|---|---|
| -1 | حەکایەتی ئاسایی | 387 |
| -2 | حەکایەتی گیانداران | 7 |
| -3 | حەکایەتی گاڵتەوگەپ | 52 |
| -4 | حەکایەتی ئەفسانەیی | 13 |
| -5 | حەکایەتی خوڕافی | 2 |
| -6 | حەکایەتی کۆسە | 24 |
| -7 | حەکایەتی هەیاس | 3 |
| کۆی گشتی حەکایەتەکان | | 488 |

# بەشی سێیەم

# شیکردنەوەی بەهاکان  لە حەکایەتە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆری)دا

## بەشی سێیەم: شیکردنەوەی بەهاکان  لە حەکایەتە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆری)دا

ئەم بەشە تایبەتە بە لێکدانەوە و پراکتیزە کردنی بەهاکان لە چەند حەکایەتێك لە حەکایەتە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆری)، هەروەها خستنەڕووی چەمکەکانی ژیان لە بەکارهێنانی ئەم بەهایانە لەناو حەکایەتەکاندا، لە لایەکی ترەوە شیکردنەوە و پیشاندانی کاریگەری ئەم حەکایەتانە لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاك و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، لە خوارەوە چەند نموونەیەك شیدەکەینەوە:

### 1-بەها کۆمەڵایەتییەکان:

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەگشتی و حەکایەت بەتایبەتی گرنگی زۆری بە بەها کۆمەڵایەتیەکان داوە، وەکو دادپەروەری و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و جوامێری و میواندۆستی و ...هتد، هەموو ئەمانە بەتەواوی لەناو حەکایەتە فۆلکلۆرییەکان ڕەنگی داوەتەوە، هەموو ئەو حەکایەتانەش بۆ ئەوە بووە، تاوەکو نەوەکانی داهاتوو پابەند بن بەو بەها کۆمەڵایەتییانە، هەروەها فێریان بکات و پەروەردەیان بکات لەسەر ئەو بەها بەرزانە تاوەکو بەدوور بن لە کاری نابەجێ، لەم توێژینەوەیەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر چەند بەهایەکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، سەرەتا بە بەهای دادپەروەری دەست پێ دەکەین وەکو بەهایەکی بەرزی کۆمەڵایەتی، لێرەدا دەردەکەوێت دادپەروەری چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ئاسودەیی تاك و کۆمەڵگە بە گشتی.

سەرەتا پێویستە چەمکی دادپەروەری بناسێنین لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، چونکە دادپەروەری بە بەهایەکی کۆمەڵایەتی گرنگ دادەنرێت بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئاسودە و ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری، ئەگەر بێت و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەیری بەهای دادپەورەری بکەین، دەبینین مرۆڤی دادپەروەر هەر زوو دەبێتە خۆشەویستی خەڵك و جێگەی متمانە و ڕێز، دادپەروەری دەبێت بە بەردی بناغەی دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز بۆ ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵەیەك یان نەتەوەیەك، کاریگەری دەبێت لەسەر هاوسەنگ ڕاگرتنی خێزان و کۆمەڵگە.

ئەدەبی هەر نەتەوەیەك ڕەنگدانەوەی کەلتور و دابونەریت و هەڵوێستی ئەو نەتەوەیە خۆیەتی، هەر دیاریدە و ڕووداوێك لەناو نەتەوەدا هەبێت، کاریگەری بەسەر ئەدەبیشەوە هەیە، چونکە هەموو داهێنانە ئەدەبیەکان لەلایەن ئەو کەسانەوە بەرهەم دەهێنرێن کە بەشێکن لەم کۆمەڵگەیە، سروشتی هەموو کۆمەڵگە و ئاین و نەتەوەیەك وایە، کە حەز بە دادپەروەری دەکەن لە قسەکردن و کردار و ڕەفتاریاندا، دادپەروەری بووە بە بەشێك لە هەموو ئەو لایەنە ماددی و مەعنەویانەی کە لە ژیانیاندا بەرجەستەی دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەس لە نێو کۆمەڵگە بەهەر هۆیەك بێت ناتوانن دادپەروەر بن.

چەمکی دادپەروەری، کەم تا زۆر لە پێکهاتەی هەموو ژانرەکانی ئەدەبدا بەدی دەکرێت و هەیە، ئەدەبی کوردیش بەدەر نییە لە نیشاندانی بەهای دادپەروەری، بەتایبەتی لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، چونکە حەکایەت زۆربەی کات گێڕانەوەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەیە کە لە ژیانی واقیعدا ڕوویانداوە، لە ووردبونەوەی حەکایەتەکاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە سەرەنجامی دادپەروەری گەیشتنە بە کامەرانی و بەختەوەری بۆ تاك و کۆمەڵگە، دادپەروەری ((بریتییە لەوەی هەر کەسێك مافی خۆی وەربگرێ، لە هەمان کاتدا دادپەروەری بەکاردەهێنرێت بۆ گوزارشت کردن لەپێوەرەکانی ڕاستی (حەق)، لە گرینگترین خاسیەتەکانی دادپەروەری بێلایەنی و ڕاستگۆییە، دوورە لە بەرژەوەندی تاکە کەسی)) (الجمال، 2018، 1)، کەواتە دادپەروەر تێدەکۆشێت لە پێناو بەرژەوەندی گشتی نەوەکو تاکە کەسی ئەمەش وادەکات بە بێلایەنی بمێنێتەوە، لەم سۆنگەیەوە تاکەکان مافیان پارێزراو دەبێت و جیاکاری ناکرێت لە نێوان ڕەگەز و ئاین و زمان...هتد، هەر لەم بارەیەوە دادپەروەری ((مەبەست لێی ئەوەیە هەموو کەسێك مافی خۆی بدرێتێ، بە بەها و ئاکار و سومبولەکان دادەنرێت، کە ئاماژەیەکە بۆ ڕەوڕەوەی ژیان، پیادەکردنی دادپەروەی لە نێوان مرۆڤەکاندا مەسەلەیەکی ڕێژەییە کە بەپێی بارودۆخ و کاتەکان گۆڕنکاری بەسەر دادێت)) (عەبدوڵڵا، 2017، 1)، چەسپاندنی دادپەروەری بەپێی سەردەم و بارودۆخەکان دەگۆڕێت، لە پێناو خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا نەوە دوای نەوە فێر دەکرێن، دادپەروەر بن لەگەڵ یەکتر لە کاروباری ڕۆژانەیاندا، دایڤد هیوم پێی وایە دادپەروەری ((سروشتی نییە و خۆڕسکانە سەرهەڵنادات، بەڵکو بەهۆی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنەمای بارودۆخ و ڕەوش و بەرژەوەندی گشتی سەر هەڵدەدات. بەواتایەکی تر دادپەروەری وەك دەزگایەك و سیستەمێك سەرهەڵدەدات)) (پۆلادی، 2005، 91)، کەوایە دادپەروەری خۆرسك نییە، بەڵکو بە گوێرەی ڕەوش و بارودۆخ و سەردەمەکەی وەکو سیستەمێك دادەڕێژرێت.

بەگوێرەی پەیوەندی نێوان تاکەکان، لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیشداو بەتایبەتی حەکایەت، بە چەندین شێوە باس لەو بەهایە کراوە و بە بەهایەکی بەرز داندراوە، وەکو لە حەکایەتی (یاسا لە من و لەویش گەورەترە) لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لەنێو کوردەواریدا، ڕۆژێ لە ڕۆژان هەیاس بەپێی یاسا حوکمی لە سێدارەدانی بۆ نزیکترین و خۆشەویسترین دۆستێکی خۆی دەرکرد، لە ناو دادگا دەستی کرد بە گریان بۆی، پێیان گوت تۆ خۆت دادوەر و سەروەر بوویت دەتتوانی چۆنت بوێ حوکمت دابوایە، بۆچی بۆی دەگری؟ لە وەڵامدا گوتی: من بۆ ئەو خۆشەویستەم دەگریم کە گیروگرفتی زەمانە بەم دەردەی برد و یاساش لەسەری کردم کە من بەو چاوە تەماشای بکەم کە نەمدیووە و نایناسم، یاسا لە من و لەویش گەورەترە)) (گردەسۆری، 2006، 71).

ئەگەر لەم حەکایەتە ووردبینەوە ئەوا دەبینین هەیاس ڕۆڵی دادوەر دەبینێ و حوکمێکی دادپەروەرانە دەردەکات لەسەر خۆشەویسترین هاوڕێی، ئەویش بڕیاری لە سێدارە دانیەتی، ئەم بڕیارەش وادەکات دڵتەنگ بێت بۆ هاوڕێکەی، کاتێك خەڵکەکە لێی دەپرسن بۆچی دەگری؟ لە کاتێکدا بڕیار لە دەستی خۆت بوو، هەیاس وەڵام دەداتەوە کە دادپەروەری لە کارەکەی وای کرد، پەیوەندی هاورێیەتی نەبووە ڕێگر لەبەردەم دەرکردنی بڕیاری دروست، بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت، پەیوەندی هاورێیەتی لەبەرچاو نەگرت، ئەم هەڵسوکەوتەی هەیاس بووە جێی سەرسامی خەڵکەکە. ئەو حەکایەتە فێرمان دەکات پێویستە دادپەروەر بین لە کاروباری ڕۆژانەمان و هیچ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی کارمان تێ نەکات، هەروەها هەست وسۆز بەسەرماندا زاڵ نەبێت لە دەرکردنی بڕیاری دروست، لە لایەکی ترەوە پێویستە بەکردەوە دادپەروەری بچەسپێنین و یاسا سەروەر بێت لە ناو کۆمەڵگە تاوەکو هەموو کەسێك یەکسان بێت لەبەرامبەر یاسا، ئەو کات مافی هەموو تاکەکان پارێزراو دەبێت.

هەروەها لە حەکایەتی (حوکمی قەرەقوش) لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی قەرەقوشدا، جارێکیان پیاوێك لەبن دیواری ماڵێك دادەنیشێ، لە پڕ دیوارەکەی بەسەردا دەکەوێ و دەمرێ، برای کابرای مردوو شکایەت لەلای قەرەقوش دەکات، دەڵێ: برایەکم لە بن دیواری ماڵی فڵان کەس دانیشتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دیواری حەوشەکە زۆر چروك بوو، بەسەریدا ڕما و مرد، حاکم لە دوای خاوەن ماڵ دەنێرێ، خاوەنەماڵ دێت، حاکم لێی دەپرسێ: بۆچی دیواری ئەم حەوشەیەت هێندە چروك دروست کردووە، برای ئەم کابرایە لە بنی دانیشتووە دیوارەکە ڕماوە بەسەریدا و کابرا مردووە، خاوەن ماڵ دەڵێ: حاکمم خۆش بێ، من تاوانبار نیم فلان بەنناى دیوارەکەی دروست کردووە، ئەو تاوانبارە، حاکم لە دوای وەستاکە دەنێرێ ئەویش دێت، حاکم لێی دەپرسێ: بۆ ئەم دیوارەت چروك دروست کردووە، برای ئەم کابرایە لە بنی دانیشتووە دیوارەکە بەسەریدا ڕماوە و کوشتوویەتی، وەستا دەڵێ: حاکمم خۆش بێ، من تاوانبار نیم، لە کاتی ئیش کردن لە دیوارەکە کیژی پاشا بێرە داهات جل وبەرگی هێندە جوانی لەبەردا بوو منیش سەیرم دەکرد بەهۆی ئەوە خافڵام بۆیە وا چروك بووە، حاکم لە دوای کیژی پاشای دەنێرێ و ئەویش دێت و حاکم لێی دەپرسێ: بۆچی فلان ڕۆژ جل و بەرگی هێندە جوانت لەبەر کردووە، ئەم وەستایە بەهۆی ئەم جوانیەوە خافڵاوە و دیواری ماڵی فلان کەسی وا چروك دروست کردووە، برای ئەم کابرایە لە بن دیوارەکە دانیشتوە و لەبەر چروکی ڕماوە بەسەریدا و کوشتوویەتی، کیژی پاشای دەڵێ: حاکمم خۆش بێ، من تاوانبار نیم، ئەم جل و بەرگانەم لە دوکانی فلان جوو کڕیووە، حاکم لە دوای جوو دەنێرێ و جوو دێت، حاکم ڕووداوەکەی لە سەرەتاوە بۆ دەگێڕێتەوە و لە ئەنجامدا جووەکە تاوانبار دەکات کە بووەتە هۆی مردنی کابرا، حاکم ئەمری ئیعدامی بۆ دەردەکات، دەڵێن

لەبەرئەوەی جووەی دوکاندار هێندە بەژن درێژ دەبێت ناتوانن ئیعدامی بکەن بۆیە بڕیار دەدات و دەڵێتە خزمەتکارەکان بڕۆن جووەکی کورتتر بهێنن جوو هەر جووە، ئەوانیش جووەکی تر دەهێنن و لە جیاتی ئەو ئیعدامی دەکەن)) (گردەسۆری، 2006، 53-54).

لەم حەکایەتەدا حوکمی نادادپەروەری دەبینین، وەکو لە حەکایەتەکەدا دەردەکەوێت، حاکم بڕیارێکی نادروست دەدات دەربارەی ئەو کەسەی لە بن دیواری ئەو ماڵە دەمرێت، چونکە دەبوایە خۆی پێش ئەوەی دابنیشێت جێگەکەی هەڵبسەنگاندایە، حاکم لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەموو کەسەکان دەکات تا دەگاتە کوتاڵفرۆشی خاوەن دوکان، لێرەدا حاکم بڕیارێکی نادادپەروەرانە دەدات بۆچی جلی جوانی فرۆشتووە بە کچی پاشا، هەر بەم هۆیەوە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەکات، کە کەسێکی جوولەکە بووە، دواتر بڕیارێکی تری تەواو نادادپەروەرانە دەدات کاتێك دەبینێ ئەو کەسە باڵای بەرزە ناتوانن لە سێدارەی بدەن، بۆیە دەڵێت: کەسێکی تر بێنن لە هەمان نەتەوە، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی یاسا و دادوەرییە، لێرەدا زۆر بە ڕوونی نادادپەروەری ڕەش هەستی پێ دەکرێت، لە ئەنجامدا بۆتە هۆی کوشتنی کەسێکی بێ تاوان، بۆیە ئەم ڕووداوە تاوەکو ئێستاش لە بیروهۆشی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ماوەتەوە و لە هەر شوێنێك نادادپەروەری هەبێت دەڵێن حوکمی قەرەقوشە.

هەروەها سزا تەنها بۆ کەسی تاوانبارە و نابێت کەسی تر لە شوێنی ئەو سزا بدرێت بەهەر هۆکارو بیانووەك بێت، لە لایەکی ترەوە فێرمان دەکات نابێت زوو بڕیار لەسەر کەسێك بدەین بەڵکو دەبێت زۆر ژیرانە و دادپەروەرانە بێت تاوەکو بڕیاری دروست بدەین. هەر لەبارەی قەرەقوش ((ناوی تەواوی (أبو سعيد قراقوش بن عبدالله الاسدي)یە و بە (بهاءالدين قرقوش) ناسراوە، کاربەدەستێکی دەوڵەتی ئەیوبییەکان بووە، لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی، دواتر بۆتە قازی لە میسر و وڵاتی شام، ئەگەرچی حاکمێکی بەهێزی سەردەمی خۆی بووە و سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەسەدەدین شێرکۆ پشتیان پێبەستووە، بەڵام کەسایەتی مەجازی ئەو لە مێژوودا بە کەسێکی توند و خاوەن بڕیاری سەیر و سەمەرە ناسراوە و تەنانەت بوەتە ڕەمز بۆ توندیی)) (هەڵەبجەیی، 2020، 1)، قەرەقوش وەکو حاکمێك لە میسر بەهۆی بڕیارە سەیرو سەمەرەکانی ناوبانگی بە دونیادا بڵاودەبێتەوە.

لە نموونەیەکی تردا، لە حەکایەتی (پێچکی ناخۆم) لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە نێو کوردەواری، کابرایەك خاوەنی دوو ژنان دەبی، بە ناوی نەجیە و خەجێ ڕۆژەك دەرێ دەچمە ڕاوێ کەروێشکێکی دەگرم، سەلك بۆ خەجێ، پێچك بۆ نەجیەی، نەجیەش دەرێ ئەمن پێچکی ناخۆم، کابراش دەرێ دەبی بیخۆی، ئەویش دەرێ وەڵلا نایخۆم، بەم

جۆره دەبێته دەمەقاڵێ و شەڕ هەڵدەگیرسێ، پیاوەکە دەست دەداتە چەکوشەکێ لەسەری نەجیەی دەدات و خین بەسەریدا دێتە خوارێ، بەبێ ئەوەی کابرا بچێتە ڕاوێ)) (گردەسۆری، 2006، 48).

لەم حەکایەتە بە ڕوونی نادادپەروەی ئەو کەسە دەردەکەوێت کاتێك جیاوازی دەکات لە دابەشکردنی خۆراك بۆ هەردوو خێزانەکەی، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی ڕیساکانی ئاینی و بەها کۆمەڵایەتیەکانە، نابێت جیاوازی بکرێت لە نێوان خێزانەکاندا، لە ئەنجامی ئەو نادادپەروەریە ژنە و پیاوەکە دەبێتە شەڕیان بەمەش ئاژاوە دروست دەبێت تا دەگاتە ڕادەی لێدان لە ژنەکەی، لێرەدا فێرمان دەکات ئەگەر دادپەروەر بین ئەوا بە دوور دەبین لە کێشە و گیرو گرفت هەروەك چۆن ئەو کەسە ئەگەر دادپەروەر با هیچ کام لەم ڕووداوانە ڕوویان نەدەدا.

یەکێکی تر لە بەها کۆمەڵایەتیەکان ڕاستگۆییە، ڕاستگۆیی لە زۆر بەرهەمی ئەدەبیدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا، چونکە حەکایەت هەڵقوڵاوی ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵگەیە، وەکو پێشینان وتوویانە ((ڕاست بە بەڕێی شێردا بڕۆ)) (زراعی، 2010، 323-324)، ئەم پەندە کوردییە پێمان دەڵێت کاتێك ڕێگەی ڕاستیت گرت و باوەڕت بە ڕاستی خۆت هەیە، ئەوا هیچ کۆسپێك ناتوانێت ببیتە ڕێگر لە گەیشتن بە ئامانجەکانت، لەئەنجامدا بە دەستهێنانی ئامانجەکە دەبێتە مایەی ئاسوودەیی دەروون و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە، خوودیش دوور دەبیت لە ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ، وەکو لە پەندی پێشیناندا هاتووە ((ڕاستی ئامانجی پاك بەدەست دەهێنیت)) (عوسمان، 2008، 114)، گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست هێنانە دی ئامانجەکەتە، لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی، بە چەندین شێوە باس لەو بەهایە کراوە و بە بەهایەکی بەرز داندراوە.

وەکو لە حەکایەتی (چوار برا)دا لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری) هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، لە گوندێکدا چوار برا هەبوون، هەر چواریان خاوەن دەغڵ و دانێکی زۆر بوون، هەر چواریشیان بەیەکەوە دەژیان، لەگەڵ ئەوەشدا دایك و باوکیان نەمابوو، بەڵام بەهۆی بەردەوام بوونی ژیانیان بەیەکەوە ئەمە بوو، لەگەڵ یەکدا گەلێك پاك بوون و فرت و فێڵیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، دەڵێن هەموو ساڵێك دەغڵ و دانیان لەسەر جۆخین ڕوو دەکرد، مێروستان لە دەغڵەکانی دەوروبەری ئەو چوار برایە، دەغڵیان دەکێشایە سەر قۆمەتە دەغڵەکانی ئەو برایانە. چەند ساڵ بەم شێوەیە بەردەوام بوو، تا هاوینەك دەبینن ئەم جارە مێرووستان دەغڵ لەسەر قۆمەتەکانی برایەکان دەکێشێتەوە بۆ قۆمەتە دەغڵی دیکە، برا گەورەکەیان بانگی برایەکانی کرد و گوتی: هۆی ئەمە شتێك هەیە، دووانیان وتیان: بەخوا چیمان نەکردووە، ئەویتر گوتی: من ئەوێ ڕۆژێ هێلکەم کری، کە سەیرم کرد چەند هێلکەیەك گەرەتر بوو، ئەوانم بۆ ماڵی خۆم دانا،

برا گەورەکە گوتی: کەواتە هەر ئێستا ماڵەکە بکەینە چوار بەش و لەمەو دوا هەر کەسە و بۆخۆمان کار بکەین، هەرچەندە برایەکە گوتی: جاریکی دیکە شتی وا ناکەم، برا گەورە گوتی: تازە تەواو ماڵەکەیان کردە چوار بەش و لە یەك جیابوونەوە)) (گردەسۆری، 2006، 9).

لە شیکردنەوەی ئەم حەکایەتە دەردەکەوێت، کە بەهۆی ڕاستگۆیی و نیاز پاك بوون ئەو چوار برایە بەیەکەوە ژیاون، واتە بەیەکەوە ژیان لە ناو کوردەواریدا ڕەگی داکوتاوە، بۆیە ئەم چوار برایە  هەموو ئیش و کار و داهاتیان بەیەکەوە بووە و بەیەکسانی دابەشیان کردووە، تا ئەوکاتەی جارێك برایەکیان چەند هێلکەیەکی کڕی و هێلکە گەورەکانی بۆ ماڵی خۆی دانا و ئەوانی تری بۆ براکانی، لەو کاتەدا برا گەورەکەیان تێبینی ئەوەی کرد ئەو ساڵە خەرمانی گەنمەکەیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و کەمی کردووە لەچاو بەرهەمی پێشووتر، بۆیە هەستی کرد هۆکارێك هەیە، پرسیاری کرد لە براکانی و یەکێك لە براکانی بەڕاستگۆیی ڕووداوەکەی بۆ باس کردن، بۆیە برا گەورەکەی بڕیاریدا ماڵەکە دابەش بکەن و هەریەکەیان بەجیا بژین.

سەرەنجام بووە هۆی پەرتەوازەیی ئەم خێزانە و لێکترزانی ئەم چوار برایە، بۆیە ئەو برایەیان پەشیمان بووەوە لەوەی کردوویەتی، دیوێکی تری ئەم حەکایەتە ئەو باوەڕە ئاییینیەمان  بۆ دەردەخات، کە نابێت ناپاکی و فێڵ لە کار و پیشەدا هەبێت، ئەگەرنا ئەو کارە بەرەکەتی لەناو نامێنێت، لەلایەکی ترەوە، دەسەڵات و توانای برا گەورە نیشان دەدات لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، کاتێك ئەم برا گەورەیە توانای بەخێو کردن و سەرپەرشتی کردنی براکانی گرتۆتە ئەستۆ کاتێك دایك و باوکیان لە ژیاندا نەماون. لێرە تا ڕاستگۆیی و پاکی لە نێوانیاندا هەبوو، هەر چوار برا پێکەوە بوون و لە لایەن خەڵکەوە ڕێزیان لێ دەگیراو خۆشەویست بوون، بەڵام کە برایەکیان خۆپەرستی لێ پەیدا بوو، هەر چوار لێکدابڕان و هەر یەك بەلایەك داچوون. واتە ڕاستگۆیی کۆیکردبوونەوە، فێڵکردن لێکی دابڕین، با ئەو فێل کردنە کەم و بچوکیش بێت، چۆن هەموو کارێك بە چاك و خراپیەوە لە بچووکی و کەمیەوە دەست پێ دەکات.

هەر لە بارەی بەها کۆمەڵایەتیەکان چەند بەهایەکی تری کۆمەڵایەتی شیدەکەینەوە، وەك لە حەکایەتی (لەوەندەی کەمتر نەدەی) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، خوشك و برایەك بەهۆی گرفتێك قسەیان لەگەڵ یەکتر نەبوو ڕۆژێك خوشکەکەی چیغی ماڵی دەفرۆشت لە حەوشەی ماڵی خۆی لەگەڵ کڕیار دەنگی دەهات لەوکات برایەکەی بەو کۆڵاندا تێدەپەڕێ گوێی لە دەنگیان دەبێت هەر لە کۆڵانەوە دەڵێ لەوەندە پارەی کەمتر نەفرۆشی بە گوێم بکە، نەوەك فێڵت لێ بکات هەرزان فرۆشی نەکەی)) (گردەسۆری، 2021، 28).

ئەم حەكايەتە ئاماژە بە خۆشەويستى نێوان ئەندامانى خێزان دەكات.لە نێو كۆمەڵگەی كوردی پەيوەندی خێزانی زۆر بەهێزە و هەمووان وابەستەی خێزانن،وەكو لەم حەكايەتە دەردەكەوێت خۆشەويستی براكەی بۆ خوشكەكەی، ئەگەرچی ئەو دوانە لە يەكتر ڕەنجاون، بەڵام هەر پشتی خوشكەكەی دەگرێت و نايەوێت زەرەر بكات.

كەواتە دەكرێت هەندێك جار ڕەنجان ڕوودات لە نێوان ئەندامانی خێزانەكان، بەڵام ئەوە هەرگيز بە مانای لێكترازان و پشتيوانی نەكردنی يەكتر نايەت، بەڵكو هەميشە لە پشتی يەكترەوەن، لە لايەكی تر باس لە كارێكی فۆلكلۆری كوردی دەكات، بريتييە لە كاری چيخ دروستكردن، چيخ لە قاميش و داوی موو دروست دەكرا و بۆ زۆر مەبەست بەكار دەهات، وەكو لە دەوری ڕەشماڵ و بۆ دروستكردنی ژوور بۆ كاروبەرخ...هتد، بەڵام ئەم كارە ئێستا زۆر كەم بۆتەوە تەنها ڕەوەند و كۆچەريەكان بەكاری دەهێنن كاتێك دەچن بۆ گەرميان و كوێستان. لەم حەكايەتەوە دەردەكەوێت هيچ شتێك كاريگەری نابێت لە سەر پەيوەندی خۆشەويستی نێوان ئەندامانی خێزان. لێرە دەردەكەوێت پەيوەندی خوشك و برا -بەها-ی خۆی هەيە و لە كاتی پێويست پشتی يەك دەگرن و يارمەتی يەكتر دەدەن.

لە نمونەيەكی تری بەها كۆمەلايەتيەكان، لە حەكايەتی (مێرووی شين) لە كتێبی (سەربردەی كوردەواری)دا هاتووە، ((دەگێرنەوە لە سەردەمی كۆن لە نێو كوردەواريدا،كابرايەك لە گوندێكدا، دوو ژنی هەبوو، بۆ ئەوەی خۆی خۆشەويست بكات لە لايان بە نهێنی هەريەكە و مێروويەكی شينی دابوو بە ژنەكان، هەروەها لەلای هەريەكەيان وتبووی تۆم خۆشدەوێ بۆيە ئەم مێرووە شينەم بەتۆ بەخشيووە، بەڵام لەلای كەس باسی مەكە ئەوانيش هەريەكەی بە دڵخۆشييەوە وتيان باشە بەڵێن بێ لای كەس باسی نەكەم، دەڵێن زۆرجار لە نێو مەجليس لە كابرايان دەپرسی كامە ژنت خۆشتر دەوێ، كابراش دەيگووت ئەوەی مێرووە شينەكەم پێ بەخشيووە، ژنەكانيش دڵخۆش دەبوون، چونكە هەريەكەی لای خۆيەوە بە خۆی تێدەگەيشت)) (گردەسۆری، 2006، 81).

ئاشكرايە مێرووی شين ياخوود هەر پارچە خشڵێكی ڕەنگ شين لە نێو كۆمەڵگەی كوردەواريدا، گرنگی و تايبەتمەندی خۆی هەيە، لە كۆندا زۆربەیماڵەكان هەڵياندەواسی، چ بە مەبەستی جوانكاری بێت ياخود بۆ مەبەستی چاوەزار، ڕەنگی شين بە گشتی ڕەنگێكی سەرنج ڕاكێشە، لە لای ئافرەتان جێگەی بايەخە. ئەم حەكايەتە باس لە كەسێك دەكات دوو ژنی هەيە، ئەو كەسە هەڵدەستێت بە پێدانی مێرووی شين بە هەر دوو ژنەكەی بەشێوەيەكی يەكسان و دادپەروەر، ئەمەش وەكو ئاماژەيەك بۆ خۆشەويستی هەردوو خێزانەكەی.ئەم كەسە بەم هەڵوێستەی توانيوويەتی

دڵی هەردوو خێزانی ڕابگرێت، کە ئەمەش هەڵوێستێکی جوامێرانەیە و سیفەتێکی دادپەروەرانەیە. بەشێك لەو پیاوانەی دوو ژنیان هەیە ناتوانن دادپەروەر بن لە گەڵیان، بۆیە کێشە دەکەوێتە نێوانیان و دووبەرەکی دروست دەبێت، بەڵام ئەو پیاوە بەم کارەی تەبایی ماڵەکەی پاراستووە و هەردوو ژنەکەی وەك یەك خۆشویستووە و بەم کارەی-بەها-ی خۆشەویستی خۆی و نێوان ژنەکانی پاراستووە.

ئەم حەکایەتە بۆتە نموونەیەکی جوانی یەکسانی و دادپەروەری، وادەکات گوێگر بیرکردنەوەی دەربارەی ئەو بابەتە بگۆرێت و ئەوانەشی کە جیاوازی دەکەن بە خۆیاندا بچنەوە، لە هەمان کاتدا دەبێتە دەرخەری ئەو ڕاستیەی دادپەروەری و گرنگی پێدان دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی خێزان.

هەروەها لە حەکایەتی (شتی بچووك پیاوەتی گەورەی پی دەکرێ) لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری) باس لە بەهای هاوڕێیەتی دەکات، کە تێیدا هاتووە، ((دەگێرنەوە دوو برادەر ماوەیەکی زۆر یەکتریان نەبینیبوو، یەکێکیان زۆر دەوڵەمەند خاوەن مەڕو ماڵاتێکی زۆر بوو ئەویتریش دەست کورت، برادەرە هەژارەکە لە بەر نەبوونی و نەداری لە کاتی دۆ دەچێتە لای برادەرەکەیی وبۆ داواکردنی دوو بزن کە دۆیەکەی بخوات، بەڵام دەگاتە حەوشەی ماڵێ دەبینی خەریکی پێگرتنەوەی کەڵەبابێکە، لە دڵی خۆیا دەڵێ پێی کەڵەبابێك دەگرێتەوە چۆن دوو بزن دەدات بە من دۆیەکەی بخۆم، هەر کە گەیشتنە یەك بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕی دەکات و گیسکەکی بۆ سەردەبڕێ و ئێوارە لە کاتی نان خواردنەکە کابرا کە سەیری ئەم هەموو گۆشتە دەکا لە پێشی پێدەکەنی، ئەویش لێی دەپرسی بۆ پێدەکەنی، برادەری میوان دەڵێ: ئەوی ڕاستی بی بۆ دوو بزن هاتم بۆ دۆ خواردن، بەڵام کە سەیرم کرد پێی کەڵەباب دەگرییەوە زۆر پەشیمان بوومەوە لە هاتنەکەم ئێستاش، کە دەبینم ئەم هەموو گۆشتەم لە پێشە، برادەرەکەی بە خەندەیەك دەڵێ: دوو بزنت پێ دەدەم هەر بۆ خۆت هەروا دەڵێ: مرۆڤ بە ئاگاداری شتی بچووك پیاوەتی گەورەی پێدەکرێ)) (گردەسۆری، 2006، 43).

لەم حەکایەتە لە ڕێگەی پشاندانی نموونەی هاوڕێی ڕاستەقینە، زۆر ڕاستی گەوهەریمان دەربارەی ژیان بۆ دەخاتە ڕوو، وەك ڕوون دەبێتەوە شتە سادەو بچووکەکان دەبن بە بەردی بناغەی شتە گەورە و گرنگەکان، چونکە هەموو شتێك لە کەمەوە زۆر دەبێت، زۆرجار بەم شتە سادانە دەبینە هۆی دڵخۆشکردنی کەسانی دەوروبەرمان. لێرەدا خاڵێکی تری جەوهەریمان بۆ دەردەکەوێت، ئەویش بە ڕواڵەت بڕیاردانە، واتە بێ بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی کارەکە، کە بۆچی بەم شێوەیە ئەم کارە ئەنجام دەدات؟ هەر بە بینینی کارەکە بێ تێرامان و لێکدانەوە، ،حوکمێکی لە بارەیەوە دەدەین.

لەم حەکایەتە دەردەکەوێت هاوڕێکەی بە شتی بچووك توانی کاری گەورەی پێ ئەنجام بدات، بە هۆیەوە توانی پێشوازیەکی گەرم لە هاوڕێکەی بکات لە جیاتی مریشك گیسکی بۆ سەر بڕی و دوو بزنیشی بە دیاری پێ بەخشی، ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو بڕوایەی کە لە هەنگاوی سادەو بچووکەوە دەتوانین بە ئامانجی گەورە بگەین. لەم بەسەرهاتە ئەوە بەدەردەکەوێ هاوڕێیەتی-بەها-ی خۆی هەیە، لای هاوڕێی ڕاست و پاك، بۆیە لە کاتی پێویستی بەهانای یەکەوە دەچن.

(جێی کەسەر چاك نابێتەوە) یەکێکی ترە لە حەکایەتەکانی کتێبی (سەربردەی کوردەواری) کە تێیدا هاتووە، ((دەگێڕنەوە ڕۆژێك شێرێك لەگەڵ هاوڕێیەکی دەدوێ، لە ناکاو هاوڕێیەکەی بەڕوو گرژیەوە پێی دەڵێت: دەمت دوورخەرەوە، تامی دەمت زۆر ناخۆشە، شێرەکە دەڵێ: باشە، دەڕوا، خەنجەرێك دێنێ و دەیداتە دەست هاوڕێیەکەی و پێی دەڵێ: خەنجەرێکم لێ بدە، هاوڕێیەکەی زۆر لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ: چۆن دەبێ؟، شێرەکەش دەیترسێنێ، بۆیە، ناچار خەنجەرێك لە شێرەکە دەدات، شێر دەڕوا چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت، برینەکەی چاك دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکەی و پێی دەڵێ: سەیری شوێنی برینەکە بکە ماوە؟، هاوڕێکەی دەڵێ: نەخێر شێر دەڵێ: جێی برین چاك دەبێتەوە، بەڵام جێگای قسە و کەسەر چاك نابێتەوە)) (گردەسۆری، 2006، 64).

ئەم حەکایەتە لە سەر زمانی گیانداران گێڕدراوەتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا وانەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتیمان فێر دەکات، ئەویش ڕوو شکاندنە،وا دەکات گوێگر پەندی لێ وەربگرێت، هەر کاتێك کەسێك ئامۆژگاری کەسێکی تر دەکات، دەبێت زۆر بە حەکیمانە و ژیرانە پەیامەکەی بە کەسی بەرامبەر بگەیەنێت، بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر پەیامەکە بە دڵخۆشییەوە وەربگرێ و جێبەجێی بکات، وەك لەم حەکایەتە دەردەکەوێت شێرەکە ڕاستەوخۆ بە هاوڕێکەی ناڵێت دڵت شکاندم بە قسەکەت، بەڵکو هەوڵدەدات بە کردار بۆ هاوڕێکەی بسەلمێنێ، کە کاریگەری قسەی ناخۆش هەر لە بیرەوەریدا دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێت زۆر وریای دەربڕینەکانمان بین لە کاتی قسەکردن لە گەڵ دەوروبەرەکەمان.

ئەم حەکایەتە وانەیەکی مەزنی تێدایە بۆ مرۆڤەکان، کە هەرگیز هەستی کەس بریندار نەکەین، بەڵکو دەبێت بە ڕێزەوە ئەوەی مەبەستیەتی بە بەرامبەر بگەیەنێت، چونکە وەك دەرکەوت، ئازاری دەروونی، زۆر پڕ ئێش و کاریگەرترە، درێژخایەن ترە لە ئازاری جەستەیی.

لە نموونەیەکی تردا هاتووە بە ناوی (کەر تەڵاقی نییە) ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لەنێو کوردەواریدا، لە گوندێکدا کابرایەك کوێر دەبێت، بەم کوێرییەی دەچێتە گوندەکانی دەوروپشتی گوندەکەیان، خەڵکی گوندەکە زۆر لەلایان سەیر دەبێت چۆن بەم کوێرییەی دەچێتە ئەو هەموو گوندە بەبێ ئەوەی لە ڕێگا لابدات و بکەوێتە کەندێك، بۆیە پیاوانی گوندەکە ئەوانیش تەڵاق دەخۆن بەچاو

نوقاندن بچنه گوندێك وەك ئەو كوێرە، دەڵێن سەرجەمیان چاویان دەنوقێنن و دەڕۆن و لە ڕێگا دەكەونە نێو كەندێك و نابێ كەسیش چاوی هەڵبێنێ، چونكە گەر چاویان هەڵبێنن تەڵاقیان دەكەوێ، دەڵێن لەو كاتەدا كوێرەكە لە گوندەكە دەگەڕێتەوە و گوێی لە دەنگی پیاوەكان دەبێت و دەچێتە لایان و دەڵێ: ئێوە كێن، ئەوانیش سەربردەی خۆیان دەگێرنەوە، جا بە كوێرەكە دەڵێن بڕۆ بانگی مەلا بكە چارەیەكمان بۆ بدۆزێتەوە، چونكە چاومان هەڵبێنین تەلاقمان دەكەوێ، كوێرەش دەچێتەوە گوندەكەوە و سەربردەی پیاوەكان بۆ مەلا دەگێڕێتەوە، مەلا دەچێ بە پیاوەكان دەڵێ: چاوتان هەڵێنن و ئینجا بە زەرین وەك گوێدرێژ بەرەو گوندەكە بگەڕێنەوە، بەم جۆرە تەڵاقتان چا دەبێت، چونكە ئەگەر لە كەر، كەرتر نەبن واناكەن كەریش تەڵاقی نییە)) (گردەسۆری، 2006، 79).

ئەو حەكایەتە گاڵتەئامێزە لە ناوەڕۆكدا هەڵگری چەندین پەیامی كۆمەڵایەتییە، تیایدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكات لە نێو گۆمەڵگەدا ئەویش بریتییە لە لاسایكردنەوەی خەڵكی، كە ئەمەش هەندێك جار دەبێتە هۆی دروست بوونی كارەسات، چونكە هەر كەسە و خاوەن بەهرەی تایبەت بە خۆیەتی و هیچ كەس لەویتر ناچێت، وەكو دەبینین ئەو كەسە كوێرە بە بەهرە و توانایی تایبەتی خۆی دەتوانێت بەڕێگادا بڕوات بەڵام كەسەكانی تر چونكە ئەو توانایەیان نییە ناتوانن ئەو كارە بكەن، لە لایەكی تر ئاماژە بە كێشەی تەلاق دەكات، كە وەكو شتێكی باو هەمیشە پیاوان سوێند بە تەڵاق دەخۆن، لە ئەنجامی ئەو كارەش دەبێت پرس بە مەلایەكی ئایینی بكەن تاوەكو بزانن تەڵاقیان كەوتووە یان نەكەوتووە، كە ئەمەش خوەكی خراپە لەناو كۆمەڵگەدا هەیە. لە خاڵێكی تردا باس لە چاكە كردن دەكات، ئەگەرچی ئەو كەسانە لاسایی ئەو پیاوە كوێرە دەكەنەوە بەڵام لە كۆتاییدا پیاوە كوێرەكە بە هانایەنەوە دێت و یارمەتیان دەدات، تاوەكو لەم كێشەیە ڕزگاریان بكات.

لە حەكایەتی (دوو كەسی دوژمن دار) هاتووە ((دەگێڕنەوە، دووپیاوی باوك كوشتەی یەكتری هەبوون، ئەم دوو پیاوە هەردەم بە دوای تۆڵە سەندنەوە لە یەكتری دەگەڕان تاكو لە جێگایەك بڕەخسێ هەریەكە و تۆڵەی خوێنی باوكە كوژراوەكەی بكاتەوە، ڕۆژێك یەكێكیان دەبینێ وا دوژمنەكەی لە دووری گوندی بە تەنیا و ڕووت و قوتی لەناو گۆمە ئاوێكە و خەریكی خۆشووشتنە، دوژمنەكەی لێی نزیك دەبێتەوە و تڤەنگەكەی لێ سوار دەكات و پێی دەڵێ: زۆر لەمێژە چاوەڕوانی هەڵێكی ئەوهام تا بتكوژم و تۆڵەی باوكمت لێ بكەمەوە هەر هێندەش ماوەت پێ دەدەم تاوەكو دێیە دەرەوە و جلەكانت لەبەر دەكەی، جا كابرای ناو ئاو هاتە دەرەوە و خەریكی لەبەركردنی جلەكانی بوو گوتی: دەزانم ئێستا تۆ بەئاسانی دەتوانی من بكوژی؟! بەڵام دڵنیابە، مەجالێكی لەوەش باشتر بۆ من ڕێككەوت تاكو بتكوژم، با بۆت بگێرمەوە، ڕۆژێك زۆر بە نهێنی هاتمە حەوشەی ماڵەكەتان تاكو بتكوژم، منیش ئاوا تڤەنگم لێ سوار كردی، بەڵام كە تەماشام كرد تۆ زۆر نەخۆش بووی، لە ناوجێگادا كەوتبووی ژن و منداڵەكانت لە چوار دەورتدا دانیشبوون و

بۆت دەگریان، منیش لەم دەرفەتە باشەدا ویژدانم ڕێگای پێنەدام بتکوژم، بۆیە وازم لەم کارە هێنا و فیشەکی بەر تڤەنگەکەم دەرهێناو ڕۆیشتم و بەجێم هێشتی، چونکە ڕەحم و بەزەیم پێت داهاتەوە، کابرا کە گوێی لەم قسانەی دوژمنەکەی بوو، چۆنی گوت، ئەوها بوو، بۆیە ئەویش تڤەنگەکەی فڕێداو چوو بۆ لای، باوەشیان بەیەکتریدا کە هیچی تر دوژمنایەتی یەکتری نەکەن، لەو کاتەوە بوونە دوو برای دڵسۆز و باوەڕپێکراوی یەکتری)) (گردەسۆری، 2006، 60).

لەم حەکایەتەوە دەردەکەوێت دیاریدەی کوشتن و تۆڵە سەندنەوە هەر لە کۆندا لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، ئەو دوو کەسە هەردووکیان بەدوای تۆڵە سەندنەوەن. ئەم حەکایەتە نیشانمان دەدات پێش ئەوەی بڕیار لەسەر کەسێك بدەین پێویستە گوێی لێ بگرین،هەروەها وروژاندنی هەستی بەرامبەر کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بڕیاری کەسەکە و گۆڕینی بارودۆخەکە، کاتێك ڕووداوەکە بۆ کەسی بەرامبەر دەگێڕێتەوە، هەستی کەسەکە دەجوڵێنێت و وای لێدەکات پەشیمان ببێتەوە لە کوشتنی، لە کاتێکدا ئەو دوو کەسە دوژمنی یەکترین. لەلایەکی تر کاتێك مرۆڤ ڕاستیەکانی بۆ دەردەکەوێت دەروونی ئارام دەبێتەوە و کارە باش و ڕاستەکە هەڵدەبژێرێت، بۆیە لە کۆتاییدا ئەم دوو کەسە ئاشت دەبنەوە و بڕیار دەدەن واز لە دوژمنایەتی یەکتری بهێنن.

لە حەکایەتی (چۆن دڵت دێت) هاتووە ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی زوو لەنێو کوردەواریدا، لە ڕۆژێکی سەرمای زستان لە گوندێکدا پیاوێك دەچێتە سەر خانوو. تا هەندێك باگوردان بگێڕێ تاوەکو حانووەکە دڵۆپەی نەکات، پیاوە بەو سەرمایە زۆر دەمێنێتەوە دایکەکەی لەژوورەوە لانکەی کوڕەزاکەی دەهەژێنێ، لەبەرئەوەی کوڕەکەی زۆر دەمێنێتەوە بەو سەرمایە دایکەکەش چەند بانگی دەکات بێتە خوارەوە سەرمایە دڵی بۆ دەسوتا، ئەویش هەر دەڵێ وادێم بەڵام نایەتە خوارەوە، بۆیە دایکەکەی لانکەکەی دەهێنێتە دەرەوە، کوڕە کە لانکەکەی دەبینی هاوار دەکات و دەڵێ دایە چۆن دڵت دێت ئەم منداڵە بهێنیە دەرەوە نازانی جەرگی منە، دایکەکەش دەرێ ئەی تۆش جەرگی من نیت هەر هاوار دەکەم نایتە خوارەوە)) (گردەسۆری، 2006، 88).

ئەم حەکایەتە باس لە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دایك و ڕۆڵەکەی دەکات، ئەم حەکایەتە پێمان دەڵێت خۆشەویستی دایك بۆ منداڵەکانی پیر بوونی نییە و لە هەموو تەمەنێك هەر بە بەهێزی دەمێنێتەوە، ئەگەر لەم حەکایەتە ووردبینەوە ئەوا دەبینین هەرچەندە کوڕەکە گەورە بووە بەڵام دایکەکە هەر دڵی پێوەیە و نایەوێت کوڕەکەی سەرمای ببێت، هەوڵ دەدات بەکردەوە بۆ کوڕەکەی بسەلمێنێت چەندی خۆش دەوێت کاتێك لانکی منداڵەکەی دەهێنێتە دەرەوە، تاوەکو کوڕەکە تێبگات بۆیە هێندە بانگی دەکات چونکە لە خەمی ئەویەتی و نایەوێت سەرمای ببێت.

لە حەکایەتی (نان نانی حەمە ئاغای بارەکەڵای قادر ئاغای) هاتووە ((دەگێرنەوە حەمە ئاغای کۆیە، خزمەك هەبوو ناوی قادر بوو، بەقادر ئاغا بانگ دەکرا، ئەم قادر ئاغایە بەبەردەوام لە دیوەخانی حەمە ئاغای بوو، کەمیوان دەهاتە دیوەخانێ حەمە ئاغای، ئەوەی چەند رۆژە ماوەتەوە، یاخود هاتیە نانی خواردییە و رۆییە، لەکاتی رۆیشتنیان قادر ئاغا بەرێی دەکردن و دەیگوت یاخوا بەخێربێن سەرچاوی قادر ئاغای دیوەخان دیوەخانێ خۆتانە ئەوانیش زۆر مەمنوونی قادر ئاغای دەبوون هەرچەندە نانەکە نانی حەمە ئاغای بوو، خەڵکەکە مەمنوونی قادر ئاغای دەبوون، بۆیە گوتراوە:

نان نانی حەمە ئاغای

بارەکەڵای قادر ئاغای)) (گردەسۆری2021، 40).

نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی هەر لە کۆنەوە بە سەخاوەت و میواندۆستی بەناوبانگە. حەمە ئاغای کۆیە یەکێك بوو لە کەسایەتییە دیار و ناودارەکانی ناوچەی کۆیە، کە هەمیشە دەرگای دیوەخانەکەی بەرووی میواناندا کراوە بووە، کە ئەمەش وایکردووە ناو ناوبانگی تاوەکو ئێستا بمێنێتەوە. لەلایەکی تر ئەم حەکایەتە باس لە سیفاتێکی خراپ دەکات، بریتییە لە خۆهەڵکێشان و چاکە کردن بە ماڵی خەڵکی، کە ئەمەش کارێکی نارەوایە، وەکو لەم حەکایەتەدا دەردەکەوێت خزمەتکارەکە خۆی بە ماڵی خاوەن ماڵ(حەمە ئاغا) هەڵدەکێشێ و خەڵکی سوپاسی دەکەن، بۆیە ئەم وتەیە وەکو توانج وتراوە لە ناو خەڵکیدا.

**2-بەها ژیارییەکان:**

وەکو لە بەشەکانی پێشوو ئاماژەمان پێ کرد بەها ژیارییەکان گرنگی خۆیان هەیە لە ژیانی تاکدا، مرۆڤ وەکو کارەکتەری سەرەکی لە پێشکەوتن و داهێنان، بەردەوام هەوڵیداوە ژیانێکی شایستە بۆ خۆی دابین بکات، مرۆڤ هەمیشە لە بیرکردنەوە دایە بۆ گۆڕینی سیستەمی ژیانی خۆی، هەموو ئەمانەش لە رێگەی بەکارهێنانی عەقل و ژیری مرۆڤەوەیە، هەموو میللەتێك خاوەن ژیاری تایبەت بە خۆیەتی چونکە ((ژیار و شارستانیەت بە درێژایی مێژوو مرۆڤەکان دروستیان کردووە. وەمێژووی هەموو ژیار و شارستانەیەکان مێژووی بیر و هزرەکانە، چونکە ئەگەر تاکە کەسێکی زیرەك و لێهاتوو بیر و هزرێکی بەهێز و ناوازە بخاتە ناو خەڵکەوە و بەرجەستەی بکات، دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی جوڵە بە هزرەکە بکەن و کاری بۆ بکەن)) (جندية، 2011، 34)، بەها ژیارییەکان لە تاکە کەسێکەوە سەرچاوەی گرتووە و دواتر بەناو کۆمەڵگەوە بڵاو بۆتەوە، ئەگەر ئێمە بەراوردی ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکان بکەین بە سەدەیەك پێش ئێستا لەوە تێدەگەین

مرۆڤایەتی بە چەندین قۆناغی دژوار و سەختدا تێپەڕیووە تاوەکو گەیشتووە بەم ژیانە ژیارییەی ئێستا، بەشیکی گەورە لەم گۆڕانکاریانەش لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بوو.

گەلی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی تر بێبەش نەبووە لەم گۆڕانکاریانە، بۆ نموونە لە حەکایەتی (ڕادیۆی من گۆرانی خۆشتر دەزانێ) هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، لە کوندێکدا چەند ماڵێك ڕادیۆیان هەبوو، یەکێك لە خاوەن ماڵەکان بە بڕواوە دەیگوت ڕادیۆی من گۆرانی خۆشتر دەزانێ، زۆر جار کە ڕادیۆیەك گۆرانیەکی پەخش دەکرد، ئەو دەیبردە سەر ئێزگەیەکی دیکە چونکە ئەو کات ئێزگەی کوردی مەهاباد، بەغدا، تاران، کرماشان، ....هتد، هەبوو)) (گردەسۆری،2021، 104)، ئەگەر ئەم حەکایەتە بەوردی شیبکەینەوە، دەبینین کە هەر لەسەرەتایی دەرکەوتن و پەیدابوونی ڕادیۆ، تاکی کورد هەوڵی داوە بەدەستی بخات و بێبەش نەبێت لەم ئامێرە، هەر زوو بە زوو خەڵکی بەکاریان هێناوە و سوودیان لێ بینیووە، چ بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و میزیك بوو بێت یاخود بۆ هۆشیاری و بابەتە کۆمەڵایەتی و نیشتیمانیەکان بوو بێت.

لەم بارەیەوە هەر لە سەرەتاوە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد هەوڵیان داوە بۆ دامەزراندنی ئێزگەی کوردی لە شارە جیاجیاکاندا بە تایبەتی بەغداد، مهاباد،...هتد، ئەم ڕادیۆ کوردیانە دەورێکی باڵایان هەبوو لە پەخشکردنی بابەتی فۆلکلۆری و ڕەسەنایەتی و گۆرانی و میوزیکی کوردی، تا وای لێهات بوو بە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کورد، لە ڕێگەیەوە پەیامەکانی خۆیان دەگەیاند بە گوێگری کورد، ئەم حەکایەتە پێمان دەڵێت تاکی کورد هەر لە زووەوە بەشدار بووە، لە بەکارهێنانی ئامێرەکان بەتایبەتی ڕادیۆ وەکو ئامێرێکی گەیاندن نەوەکو تەنها لە شارەکان بەڵکو لە گوندە دوورە دەستەکانیش بەکاریان هێناوە، ئەمەش بۆ ئاگادار بوون لە ڕووداوەکانی جیهان و زانینی بۆنە ئاینی و نەتەوەییەکان بەتایبەت بۆ دیاریکردنی ڕۆژەکانی جەژن سوودیان لێ وەرگرتووە، لەلایەکی تر پێمان دەڵێت هەموو ماڵێك نەیتوانیووە ئەم ئامێرەی دەست کەوێت، بۆیە لە گوندێك تەنها چەند کەسێك هەیبووە و هەمووان لە دەوری کۆبوونەتەوە و گوێیان لێگرتووە. هەروەها ڕادیۆ ڕۆڵی ئەوەی هەبووە، کە بەها کۆمەڵایەتیە جیاجیاکانی ناوچە کوردستانیەکان لێك نزیك بکاتەوە.

لە نموونەیەکی تری ژیاریدا لە حەکایەتی (لای عامودەکە و ماڵ سابیر) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، خاوەن ماڵێك بەناوی سابیر لە گوندێکی شاری هەولێردا، بار دەکەنە شاری هەولێر، دوای چەند ڕۆژێك دایکی دەچێتە سەردانی ماڵی کوڕەکەی لە شار و دوای چەند ڕۆژێك لەوێ دەگەڕێتەوە گوند، خەڵکی گوند لێی دەپرسن ماڵی

سابیری کوڕت لە کام شوێنە، ئەویش دەڵێ لە کۆڵانەکە و لای عامودەکە و ماڵ سابیر))، (گردەسۆری، 2021، 146).

ئەم حەکایەتە جیاوازی ژیانی گوند و شار پیشاندەدات، ناوەڕۆکی ئەم حەکایەتە وێنای هۆشیاری خەڵکی گوندەکان بەراوورد بە شارەکان دەکات، چونکە لەو سەردەمیدا خەڵکی گوندەکان تەواو دابڕا بوون لە خوێندەواری و هەموو جۆرە پێشکەوتنێك، بە پێچەوانەی خەڵکی شارەکان، هەربۆیە ئەم ئافرەتە بەتەمەنە هیچ لە شارستانیەت و پێشکەوتنی ژیانی شار نازانێت، کاتێك پرسیاری ناونیشانی ماڵی کوڕەکەی لێ دەکەن، ئەویش زۆر بە سادەیی وەڵام دەداتەوە، ئەمە لە کاتێکدا شارەکان دابەشکراون بەسەر گەرەك و کۆڵان و ژمارەی دەرگای ماڵەکان، هەموو ئەمانەش ئاسانکاری تەواون بۆ هەر کەسێك بیەوێت ناونیشانی کەسێکی تر بزانێت، بە پێچەوانەوە ئەم دابەشکارییە لە گوندەکاندا بەدی ناکرێت، کەواتە ئەم حەکایەتە جیاوازی ژیانی شار و گوند پیشاندەدات وەکو بەهایەکی ژیاری شارستانی.

لە نموونەیەکی تری بەها ژیارییەکاندا بەناوی (هەولێرەکە لە کوێیە) هاتووە ((دەگێرنەوە، لە گوندێك کابرایەکی بەتەمەن دەبێت بەناوی حەسەن، ڕۆژێك ڕوو لە کوڕە گەنجێکی ئاقڵمەند دەکا و دەڵێ: زۆر لام سەیرە ئەوە چەندین ساڵە دەچمە هەولێرێ شوێن نەماوە نەگەڕێم، بەڵام تا ئێستا نەمزانیووە هەولێرەکە لە کوێییە هەر دەڵێن ئەمە کورانە، ئەمە ئازادییە و ئەمە مەنتکاوەیە بەم جۆرە ئەی باشە هەولێرەکە لە کوێیە؟

گەنجی ئاقڵ پەنجەی لەسەر سەری دادەنێ و دەڵێ: ئەمە چی تووە ئەویش دەڵێ سەرمە، ئەمجارە پەنجەی لەسەر چاوی دادەنێ دەڵێ: ئەی ئەوە، ئەویش دەڵێ چاومە، بەمجۆرە پەنجەی لەسەر زۆربەی ئەندامەکانی لەشی دادەنێ لە ناوەکانی دەپرسێ، ئەویش وەڵامی دەداتەوە، ئینجا دەڵێ: ئەی باشە حەسەنەکە لە کوێیە، بەم جۆرە مام حەسەن دەڵێ: لەڕاستی دڵم ئاوی خواردەوە تێی گەیشتم)) (گردەسۆری، 2006، 41).

لە لێکدانەوەی ئەم حەکایەتەدا دەردەکەوێت، پێویستە مرۆڤ لە بابەتە فکریەکان ژیری بەکاربهێنێت و تەواو بیربکاتەوە بۆ ئەوەی بگات بەڕاست و دروستی بابەتەکە. لە خاڵێکی تردا پێمان دەڵێت پیویستە نموونەی زیندوو بەکار بهێنین تاوەکو کەسی بەرامبەر بەئاسانی لێمان تێبگات، هەروەها ئەم حەکایەتە نیشانمان دەدات ژیری و ئاقڵمەندی پەیوەندی بەتەمەنەوە نییە، واتە تەمەن و ئەقڵ وابەستەی یەکتر نین بەڵام ئەزموون و تەمەن پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە.

**3-بەها ڕەوشتییەکان:**

ڕەوشت و ئاکاری جوان بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، بەها ڕەوشتییەکان وادەکات تاکەکانی کۆمەڵگە وەکو یەك خێزان بە تەبایی بەیەکەوە بژین، نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی بە چەندین ڕەوشتی بەرز و جوان لە نەتەوەکانی تردا جیادەکرێتەوە، ئازایەتی و وەفاداری و میواندۆستی و ڕێزگرتن و شەرم و ....هتد.

هەموو ئەو ئاکارە پەسەند و جوانانە لە باو باپیرانەوە بۆ نەوەکان ماوەتەوە، ئەو ڕەوشتە بەرزانە سەرنجی نەتەوەکانی تری ڕاکێشاوە، ڕەوشت بەرزی وا لە مرۆڤ دەکات ببێتە کەسێکی دیار لەناو کۆمەڵگەکەی خۆی، وا دەکات خەڵکی ڕێزی لێ بگرن و متمانەی پێ بکەن لە کاروبارەکانیاندا، لەم توێژینەوەیەدا چەند ڕەوشتێکی بەرز لەم حەکایەتانەدا باس دەکەین وەکو شەرم کردن و ئارامگرتن، بۆ نموونە لە حەکایەتی (کوا باولی جلەکانم؟) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، دوو گوند ژن بە ژنی لەگەڵ یەکتردا دەکەن، لەکاتی گواستنەوەدا سوار ئەسپەکان هێندە سوڕانێ دەکەن، دیارە وەك دابونەریتێك هەر یەکەی لە دوای گۆڕینەوە سەری ئەسپی بووك خەزور دەیگرێ بەڵام لەبەر هێندە سوار ئەسپانێ باوکی بووکێ سەری ئەسپی کچەکەی دەگریت و بەرە و ماڵ دەگەڕیتەوە، کاتێ دەگەنەوە ماڵ کچەکەی دەڵێ: باوکە ئەی کوا باولی جلەکانم، ئینجا باوکە بۆی ڕوون دەبێتەوە بەهەڵە سەری ئەسپی کچەکەی گرتووە چونکە کچە شەرمی کردووە بڵێ باوکە بۆ منت گەڕاندەوە ماڵەوە تاوەکو دەگاتەوە ماڵ ئینجا ئەم قسەیە دەکات)) (گردەسۆری، 2021، 70).

ئەگەر شیکردنەوە بۆ ئەم حەکایەتە بکەین، دەبینین کە ئافرەتی کورد هێندە بە حەیا و شەرم بووە، تەنانەت نەیگوتووە بە باوکی بۆ کوێم دەبەی؟ کاتێ باوکی بەهەڵە جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاوە بۆ ماڵەوە، کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت ژنی کورد چەندە ڕێز لە دایك و باوکی دەگرێت و هەرگیز بە ڕوویاندا هەڵناشاخێت، یاخود لە فەرمانی باوکی ناتوانێت دەرچێت، ئەو کچە کلتوری بەهای شەرم دەپارێزێ و لەم کاتە هەستیار و چارەنوسازەدا ئارام دەگرێ و زوو هەڵناچێ، تا دەگاتەوە ماڵەوە دەنگ ناکات و بەڕووی باوکی هەڵناهێنێ. کەواتە پەیوەندی پتەوی ئەندامانی خێزانی کورد یەکێکی ترە لەم خاسیەتانەی کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، سۆز و خۆشەویستی و ڕێز بەیەکەوەی گرێداون و ناتوانن بێ یەکتر بژین، هەروەها خاڵێکی تر لەم حەکایەتەوە دەردەکەوێت ئەویش بریتییە لە شێوازی زەماوەندی ژن هێنان و بووك گواستنەوە لەسەردەمی کۆندا، ئەو کات ژن هێنان بە پشتی ئەسپ یاخود ماین بووە و هەروەها نەریتی ژن بە ژن بووە، بەڵام هەموو ئەمانە لە ئێستادا نەماوە.

لە نموونەیەکی تری بەهای ڕەوشتیدا کە باس لە ئارامگرتن دەکات، لە حەکایەتی (سەرت ناشکێ) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە دەڵێت: ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، دوو پیاو لەسەر جۆگەیەکی ئاو، شینایی دەکەن، ڕۆژێك لە دانیشتنێك لەگەڵ یەکتر کە هەر یەکە و باسی ژیانی خۆیان دەکەن، یەکێکیان دەڵێ: ئەمن لە ژیانمدا سەرم نەشکاوە، کابرایەکەی دیکە لە دڵی خۆیدا سوێند دەخواو دەڵێ: وەڵاهی دەبێ ڕۆژێك سەرت بشکێنم، دەڵێن دوایی هەر یەك دەڕۆن بۆ سەر جۆگە بۆ کاری شینایی ئاودانیان، کابرای سوێند خواردوو هەنجەتی بە کابرایە دەگرێ و دەڵێ: وەڵا ئەمڕۆ ئاوت نادەمێ، بەبێ ئەوەی خۆی مشەوەش بکات دەڵێ باشە ئاوم ناوێ، ڕۆژی پاشتر دیسان دەڵێ: وەڵاهی ئەوڕۆش ئاوت نادەمێ، دیسان کابرا بەبێ ئەوەی خۆی مشەوەش بکات چونکە ئەوەندە بەتەحەمول دەبێ، بۆیە دیسان خۆی مشەوەش ناکات و دەڵێ ئەمڕۆش ئاوم ناویت، بۆ ڕۆژی سێیەم کابرای سوێند خواردوو دەڵێ: ئەمڕۆ ئاوت دەدەمێ وەرە شینابییەکەت ئاو بدە، بەخوای تۆ لە ژیانتدا سەرت ناشکێ)) (گردەسۆری، 2021، 122).

لە گێڕانەوەی ئەم حەکایەتە ڕەوشتێکی جوان فێری گوێگر دەکات ئەویش نەرم ونیانی و ئارامگرتنە، ئەگەر لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گفتوگۆی ئەم دوو کەسەووردبینەوە یەکێکیان هەوڵ دەدات ئەویتریان بێزار بکات و توڕەی بکات، بۆیە شەڕی پێ دەفرۆشێت، بەڵام کەسی بەرامبەر زۆر بە هێمنی وەڵامی دەداتەوە و هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی ناڕێکی نابێت، ئەمەش نەوەکو یەکجار بەڵکو دووبارەشی دەکاتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات ئەو کەسە نواندن ناکات و ئەمە ڕەوشتی ڕەسەنی خۆیەتی، لە کۆتایدا پیاوەکە بۆی دەردەکەوێت ئەو کەسە بۆیە تووشی هیچ کێشەیەك نەبووە، چونکە کەسێکی زۆر ئارامگرە، لەم حەکایەتەوە دەردەکەوێت هەر کەسێك ڕەوشتی ئارامگرتنی هەبیت بە دوور دەبێت لە هەموو جۆرە کێشەیەك و بە ئاسوودەیی ژیان دەکات.

لە حەکایەتێکی تردا بەناوی (خەم لەوە ناخۆم درۆ دەکات) هاتووە ((دەگێڕنەوە لەنێو کوردەواریدا، لە گوندێك کابرایەك هەبوو، زۆر دەچووە دیوەخانی ئاغای گوند، دادەنیشت درۆی گەورەی دەکرد، دەڵێن ئاغا زۆر لێی بێزار دەبێت و ڕۆژێك کە ئەو لەوێ نابێت، ئاغا ڕوو لە دانیشتووانی دیوەخان دەکات و دەڵێت: براینە ئەم جارەیان درۆ بکات بەسەرخۆیدا دەشکێنمەوە و دەڵێم بەسیەتی وازبهێنە لە درۆکردن، دانیشتووەکانیش دەڵێن: ئاغا پێویست ناکا خۆت سەغڵەت بکەی تازە فێر بووە و تەرکی ناکات دواتریش چ زیانیکی بۆت نییە و ئێمەش گەلێك پێی پێدەکەنین، خەم لەم کەسانە مەخۆ، ئاغاش دەڵێ: خەم لەوە ناخۆم کە درۆ دەکات، خەم لەوە دەخۆم کەوادەزانێ بە درۆکانی بڕوا دەکەم)) (گردەسۆری، 2006، 68).

ئەم حەکایەتە چەند خاڵێکمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بریتییە لەوەی کەسی درۆزن کەسێکی خۆشەویست نابێت و وادەکات خەڵکی ڕقی لێ ببێتەوە، هەروەها ئەو کەسە دەبێتە مایەی گاڵتە پێکردن و توانج لێدان، هەروەها ئەو کەسەی درۆ دەکات ڕێزو شکۆی کەم دەبێتەوە و متمانەی لە دەستت دەدات، وادەکات کەسایەتی لاواز ببێت، کەواتە درۆ کردن نەوەکو هەر لای خودای گەورە قەدەغە کراوە بەڵکو لە نێو کۆمەڵگەش ڕەتدەکرێتەوە.

لەحەکایەتێکی تردا هاتووە بەناوی (کە شەرم شکا) ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن گاوانێك کیژە پاشایەك دەخوازێ، دوای چەند ڕۆژەك گاوان بە ژنەی دەڵێ: بڕۆ نان کۆبکەوە، کیژە پاشاش دەڵێ: من کیژە پاشام شەرم دەکەم، گاوان دەڵێ: باشە تەنیا هی جیرانان بینە ئەویتر بەخۆم کۆی دەکەمەوە، کیژە پاشاش دەڵێ: باشە، کە نانی ماڵە جیرانان دەینێ شەرم دەشکێ، بۆیە دەڵێ: مادام ئەو نانەم هینا، با تازە پیاوەکەم ئەزیەت نەکێشێ ئەوانی تریش کۆدەکەمەوە، بەم جۆرە دوای ئەوە ڕۆژانە کیژە پاشا خۆی نانی گاوانی کۆدەکاتەوە)) (گردەسۆری، 2006، 48).

ئەم حەکایەتە باس لە چەند خاڵێك دەکات، یەکێك لەوانە جیاوازی چینایەتییە، کە ئەمەش تا ئەمڕۆ بەدی دەکرێت، بریتییە لە جیاوازی نیوان ژیانی کچە پاشا و کوڕە گاوانەکە، لەلایەکی تر باس لە پیشەیەك دەکات بریتییە لە گاوانی بەرامبەر بە نان، بەڵام ئێستا ئەم پیشەیە بە تەواوی نەماوە. هەروەها باس لە نەمانی شەرم دەکات، ئەگەرچی کچە پاشاکە کۆکردنەوەی نانی بەشەرم زانیووە چونکە ئەم کارە لەگەڵ کەسایەتی ئەو نامۆ بووە بەڵام پاش ئەوەی لای جیرانەکان نان کۆدەکاتەوە شەرمی نامێنێت دواتر هەموو ڕۆژ نانەکان کۆدەکاتەوە.

لە نموونەیەکی تری بەها ڕەوشتییەکاندا هاتووە بەناوی (خودا فێری لای نەخۆشت بکات) ((دەگێڕنەوە، کابرایەك هەبوو لە میوانداری زۆر دادەنیشت، شەوێك دەچێتە سەردانی نەخۆشێك، نەخۆشەکەش هەرچەندە نەخۆشیەکەی بە ئازار دەبێت، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە کابرا پاڵ ناکەوی، دوای دانیشتنەکی ئێجگار زۆر ئینجا دەڵێ: وا هەڵدەستم بەڵام توخوا دوعای بەخێرم بۆ بکە، نەخۆشەکەش دەڵێ: خودا فێری لای نەخۆشت بکات)) (گردەسۆری، 2006، 46).

ئەم حەکایەتە باس لە کارێکی پیرۆز دەکات بریتییە لە سەردانی کردنی نەخۆش، ئەگەر هاتوو ئەم کارە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك نەکرا ئەوا دەبێتە هۆی بێزار کردنی نەخۆشەکە. لە لایەکی تر باس لە ڕێزگرتن لە میوان دەکات ئەگەرچی ئەو کەسە نەخۆشە بەڵام لەبەر ڕێزی ئەو میوانە نایەوێت پاڵکەوێت هەرچەندە ئازاریشی هەیە.

لە حەکایەتی (سمێڵی چەور)دا هاتووە ((لە کوردەواریدا دەگێڕنەوە کابرایەکی هەژار هەبوو، حەزی نەدەکرد خۆی وانیشان بدات کە هەژارە گۆزەیەکی هەبوو پڕی ڕۆنی کردبوو، هەر کە دەهاتە دەرەوە سمێڵی بەم ڕۆنە چەور دەکرد، گەرچی زۆربەی جەمی نانی هیشکی دەخوارد، دەڵێن: ڕۆژێك لەنێو مەجلیسێك دانیشتبوو، کوڕێکی بچوکی دەبێت دێتە مەجلیسەکە و دەڵێ: بابە ئەو گۆزەیەی کە دەست و سمێڵت پێ چەور دەکەی پشیلە خۆی لێداو شکاندی، ئینجا دانیشتوەکان سەیرێکی یەکتریان کرد و ژیانی پیاوەیان بۆ ڕوون بۆوە و هەریەکە و بەگوێرەی توانای خۆی یارمەتیدا)) (گردەسۆری، 2006، 46).

ئەم حەکایەتە باس لە دوو سیفاتی ناشیرنی مرۆڤەکان دەکات، ئەم دوو سیفاتەش لەلای خودا و لە ناو کۆمەڵگەش ڕەتدەکرێنەوە، یەکێك لەو سیفاتانەش بریتییە لە لوت بەرزی، ئەگەرچی ئەو کەسە هەژارە بەڵام پێی شەرمە بڵێ هەژارم تاوەکو خەڵکی یارمەتی بدەن، بەڵکو خۆی وەکو کەسێکی دەوڵەمەند نیشان دەدات. یەکێکی تر لەو سیفاتانە فێڵ کردنە لە خەڵك بەڵام ئەمەش تاسەر بۆ کەس نییە و لە کۆتاییدا هەر ئاشکرا دەبێت وەکو چۆن ئەو کەسە لە کۆتاییدا ئاشکرا بوو کەسێکی هەژارە.

لە حەکایەتی (سەربردەی مەلایەك)دا هاتووە ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لەنێو کوردەواریدا، مەلایەك تازە چوو بوو بۆ شارێك، ماوەی چەند مانگێك دەچووە سەر گۆڕی باوکی پاشای شارەکە قورئانی دەخوێند، کەس لێی نەپرسی تا ڕۆژێك بە کوتکان کەوتە لێدانی گۆڕەکە، خەبەر دەگاتە پاشا، پاشاش ئەمر دەکات مەلای بانگ دەکات بۆ کۆشك، پاسەوان مەلای دەگرن و دەیبەنە بەردەمی پاشا، مەلاش سەربردەی خۆی دەگێڕێتەوە، پاشا ئاقڵمەند دەبێ و لەمەبەستی مەلا تێدەگات، بۆیە داوای لێبوردنی لێدەکات و خەڵاتیشی دەکات)) (گردەسۆری، 2006، 69).

ئەم حەکایەتە دەیەوێت چەند پەند و وانەیەکمان فێر بکات، لەوانە نابێت تەنها بە ڕوواڵەت لە شتەکان بڕوانین، هەر شتێك مەبەست و ئامانجێکی لە پشتە. لەلایەکی تر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کە کاری چاکە کەم خەڵك دەیگەیەنێت بەڵام کاری خراپ زوو بڵاودەبێتەوە، هەر کاتێ خراپەیەکیان لە یەکێ بینی ئیتر لێی گەورە دەکەن و باسی دەکەن. وانەیەکی تری کۆمەڵایەتیمان فێر دەکات ئەویش ئەوەیە هەر کاتێك هەڵەیەك ڕوویدا دەبێت بەدواداچوونی بۆ بکەین و لێپرسینەوە ئەنجام بدەین ئینجا بڕیاری لەسەر بدەین.

لە حەکایەتی (زمانی لەبنڕا دەرهێنا) هاتووە ((دەگێڕنەوە سەردەمانی زوو، منداڵێکی هەتیو لەگەڵ داپیرەی دەژیا، ڕۆژێ هێلکەیەك دەدزی و دەیهێنێتەوە ماڵێ، بە داپیرەی دەڵێ: ئەم هێلکەیەم دزیوە داپیرەی دەڵێ: چاکت کرد، بەم جۆرە منداڵی هان دەدا، تا وای لێهات بوو بە دزێکی نەفۆرا، چەند

ساڵێکی پێ دەچێت، دەگیرێت و فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، کوڕە دەڵێ: پێش ئەوەی لە سێدارەم بدەن، یەك داپیرەم هەیە، پێم خۆشە بۆم بانگ بکەن و بیبینم، داپیرەی بۆ دەهێنن و کوڕە پێی دەڵێت: داپیرە دەوەرە پێش، داپیرە لێی نزیك دەبێتەوە، دەڵێ دەزمانت دەربێنە، ئەویش زمانی دەردێنێ، کوڕە زمانی دەگرێ و لە بنڕا دەری دەهێنێ و پێی دەڵێ: بەم زمانە هانت نەدابام، ئاوام بەسەر نەدەهات)) (گردەسۆری، 2006، 65).

ئەم حەکایەتە کۆمەڵێك بنەمای پەروەردەیی تێدایە، پێمان دەڵێت کارە گەورەکان سەرەتا لە کارە بچوکەکانەوە دەست پێ دەکات، وا دەکات ئەو کەسە ڕابێت لەسەر کارەکەی، هەروەها دەریدەخات هاندان لەسەر کارەکان و ڕەفتارەکان چ باش بێت یاخود خراپ چەندە گرینگە. لەلایەکی تر نەبوونی سزا وا لەو کەسە دەکات بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕەفتارە. هەموو ئەمانە کۆمەڵێك بنەمای گرینگی پەروەردەیین، کە پێویستە لە کاتی پەروەردەکردنی منداڵ ڕەچاو بکرێت تاوەکو نەوەیەکی تەندروست و ڕەفتار جوان بەرهەم بێت و بە دوور بێت لە لادان و سەرەڕۆیی، لە کۆتاییدا منداڵەکە خۆی سزای داپیرەی دەدات چونکە نەیتوانیوە بە باشی پەروەردەی بکات.

**4-بەها ڕۆشنبیرییەکان:**

ڕۆشنبیری خود(کەسی): هەموو تاکێك پێویستی بە مەعریفەیە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی شیاو و پتەو لەگەڵ ژیان دروست بکات. ڕۆشنبیر بەرهەمهێنەری مەعریفە و بیرە، هەر وەکو لە شێوازی پێکهاتنەکەیەوە دەردەکەوێت، کە لە دوو وشەی سادەی واتا بەخش پێکهاتووە (ڕۆشن+ بیر) واتا بیری ڕۆشن و ڕوناك. کەسی ڕۆشنبیر هەمیشە خوێندنەوە و بۆچوونی تایبەتی بۆ پێشهاتەکان هەیە و جیاواز بیر دەکاتەوە، ژیان بە دەرفەت دەزانێت و هەموو ساتەکانی لا گرنگە، هەروەك چیخۆف دەڵێت: ((ئەوە بەس نیە بۆ ڕۆشنبیر، کە تەنها لاپەڕەکانی پیکویك(ڕۆمانیکی چارلس دیکینزە) بخوێنێتەوە، یاخود بەشێك لە فاوست (ڕۆمانێکی گۆتەیە) وەك ناوی خۆی بزانیت، ئەوەی لەسەر ڕۆشنبیر پێویستە، کاری بەردەوامە، شەو و ڕۆژ، بەبێ وەستان، خوێندنەوەی بەردەوام، لێکۆڵینەوە و ویست، چونکە هەر ساتێك کە تێدەپەڕێت، بۆ ئەو گرنگە)) (چیخۆف، 2014، 1)، کەواتە خوێندنەوەی پەرتووك بەتەنها تاکە پێوەر نییە بۆ بوون بە کەسی ڕۆشنبیر، لەگەڵ ئەمەشدا لێکدانەوەی ئاگاییانە و بەرهەمهێنان لە بیردا دەکات.

وەکو لە حەکایەتی (کچێکی ئاقڵ) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، (( دەگێرنەوە پاشای شارێك شەوێك بە نێو گەڕەکەکان دەگەڕێ بۆ ئەوەی ئاگاداری ژیان و گوزەرانی شار بێ، دەبینێ کچێك بە تەنیا لەبەر چرایەك دانیشتیە دورمان دەکات، دەچێتە لای دوای سڵاو لێی دەپرسێ کوا باوکت کچە دەڵێ: دۆست بکات بە دوژمن، دەڵێ ئەی دایکت دەڵێ چووە یەك بکات بە دوو، دەڵێ ئەی خۆت

خەریکی چیت، دەڵێ: سێ دەکەم بە یەك، دوای ئەمە پاشا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، هەر چەندە بیر دەکاتەوە لە وەڵامی کچە تێناگات، بۆیە بەیانی دەگەڕێتەوە لای کچە و لێی دەپرسێ، لە وەلامەکانی دوێنێ تێنەگەیشتم، کچە دەڵێ: لە وەڵامی دۆست دەکات بە دوژمن، ئەوە باوکم بۆ قەرز چوو بووە لای دۆستێك دۆستەکەش قەرزی پێنادات، چونکە باوکم هەژارە دەزانێ نیەتی قەرز بداتەوە واتە وەك دوژمن دەبێت، بۆ وەڵامی دایکم: ئەویش مامانە چوو بوو بۆ لای ئافرەتێکی دوو گیان، بۆ وەڵامی خۆم، سێ کۆنە کراسی دڕاوم هەبوو، خەریکی ئەوە بووم لە هەر سێ کراسەکە کراسێك دروست بکەم، لە دوای ئەمە پاشا بۆی ڕوون دەبێتەوە ئەم کچە زۆر ئاقڵە، بۆ خۆی دەخوازێ و سامانێکی زۆریش بە باوکەکەی دەبەخشێ)) (گردەسۆری، 2006، 44).

ئەگەر لێکدانەوە بۆ وەڵامەکانی ئەو کچە بکەین، دەبینین کە ئەو کچە بەشێوەیەکی زۆر حەکیمانە و ژیرانە وەڵامی پرسیارەکانی پاشا دەداتەوە و وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر قسە لەگەڵ پاشا دەکات، واتە وەڵامەکانی ئەو کچە سادە نین و لێکدانەوەی قوڵی دەوێت بۆ تێگەیشتن، بۆ نموونە کاتێ وەڵامی پرسیاری یەکەمی پاشا دەداتەوە و دەڵێت: (چووە دۆست بکات بە دوژمن)، لێرەدا دەیتوانی ڕاستەوخۆ بڵێت چووە بۆ ماڵی فلان کەس، واتە بەرهەمهێنان لە واتای وشەکاندا دەکات بەشێوەیەکی ڕەمز پێمان دەڵێت کاتێ داوای قەرز دەکەیت دەبیت بە کەسێکی نەویستراو تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە هاوڕێشت بێت، بەهەمان شێوە بە ناڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری دووەم و سێیەمی پاشا دەداتەوە، کەواتە بە زمانێکی سادە داهێنان لە دەربڕین دەکات و بەشێوەیەکی ئاگاییانە و ژیرانە وەڵام دەداتەوە، کە ئەم توانایەش تەنها لە کەسی ڕۆشنبیردا هەیە، ئەم ژیربێژییەی ئەو کچە، لە ئەنجامدا بووە هۆی سەرسامی پاشا و بڕیاریدا بۆ خۆی بیخوازێ و بیکاتە هاوسەری ژیانی، بەمەش کچەکە بەهۆی ڕۆشنبیری و بەکارهێنانی ژیری توانی ژیانێکی شایستە بۆخۆی دابین بکات، لەملاشەوە بووە هۆی سەرچاوەی سامان بۆ باوکەکەی، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کەسی ڕۆشنبیر تەنها سوود بەخۆی ناگەیەنێت بەڵکو سوودی بۆ دەورووبەریشی دەبێت.

لە نمونەیەکی تردا لە حەکایەتی (خەونی پاشا) لە کتێبی (نمەك)، ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئاستی ڕۆشنبیری تاك لە تێگەیاندنی بەرامبەر چ کاریگەرییەکی مەزنی دەبێت، وەك لە حەکایەتەکەدا هاتووە ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، پاشایەك خەونێك دەبینی لە خەونەکەی هەموو ددانەکانی دەکەوێت تەنها یەك ددانی دەمێنێت بۆیە دەنێرێتە لای چەندین مەلای خەون لێکدەرەوە ئەوانیش دەڵێن پاشام خۆش بێت گوزارشتی ئەو خەونە ئەوەیە خزمەکانت هەمووی دەمرێت تۆ بەتەنها دەمێنیتەوە، پاشا ئەمر دەکات لەسەری هەموویان بدەن، من بۆ بەتەنها بمێنمەوە، کاتی ئەو هەواڵە بڵاودەبێتەوە مەلایەکانی دیکە لە ترسان هەڵدێن، دەڵێن کاتێ مەلایەك ئەو هەواڵە

دەبیستێ و کە دەبینی ئەو هەموو مەلایە هەڵاتوون، دەڵێ من دەچم بۆ لای پاشا و خەونەکەی بۆ لێکدەدەمەوە، دەڵێن زۆربەی خەڵك و ناسیاوەکان دەڵێن مەچۆ پاشا لەسەرت دەدات، مەلایەکە دەڵێت خەمتان نەبێت هەر دەچم بۆیە دەچێتە کۆشکی پاشا و دەڵێ پاشام خۆش بێت من دەزانم گوزارشتی خەونی بەڕێزت چیە، پاشا دەڵێ ئەگەر نەزانی لەسەرت دەدەم، مەلایەکە دەڵێ ڕازیم، مەلا بە پاشایەکە دەڵێ لەبەرئەوەی تۆ پاشایەکی هێندە باشی بۆیە خوای گەورە تۆی زۆر خۆش دەوێت، تەمەنی تۆی زۆر درێژ کردووە دوای مردنی هەموو خزمەکانت ئینجا تۆ دەمری، پاشا بەم وەڵامە زۆر دڵخۆش دەبێت و دەڵێ ڕاست دەکەی، بۆیە خەڵاتێکی باشی دەکات و دواتر دەیکات بە وەزیری دەستە ڕاستی خۆی، بەم جۆرە مەلایەکان ڕزگاریان دەبێت و هەر یەکەی دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان)) (گردەسۆری، 2021، 207).

لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم حەکایەتە بەدەردەکەوێت، کەسی ڕۆشنبیر دەبێتە فریادڕەسی خۆیی و کۆمەڵگە بەگشتی، لەم حەکایەتەدا مەلایەکە بەهۆی بیرتیژی و لێزانی خۆی هەموو مەلاکانی لە دەربەدەری و مردن ڕزگار کرد، ئەمە جگە لەوەی کە دەستکەوتێکی مەزنی بۆ خۆی بەدەستهێنا، کە بوو بە وەزیر، یەکێکی تر لە ئەنجامەکانی ئەم حەکایەتە ئەوەیە، کەسی ڕۆشنبیر بەهۆی پشت بەستن بە توانا و ئیدراکی خۆی لە هیچ هەڕەشە و مەترسیەك سڵ ناکاتەوە و بێ باکانە هەنگاو دەنێت، تەنانەت لە سەختترین بارودۆخەکانیشدا پەی بە ڕیگا چارەکان دەبات، هەمیشە چارەسەرێکی گونجاو و لۆژیکی لەبیریدا هەیە و دەتوانێت خۆی لە مەترسیەکان ڕزگار بکات، وەکو چۆن ئەو مەلایە هەمان مانای خەونی پاشای بە جۆرێکی گەشبینانە بۆ پاشا لێکدایەوە و پاشای بەم لێکدانەوە جوانە سەرسام کرد، لێرەدا دەتوانین بڵێن ئەم جۆرە لە هزر و بیر تەنها لای کەسی ڕۆشنبیرە.

هەر لە بارەی بەها ڕۆشنبیریەکان لە حەکایەتی (کورسی) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، لە ساڵانی حەفتایەکان کوڕە گەنجێکی قوتابی گوندێك لە شاری هەولێر لە ئامادەیی پیشەسازی دەیخوێند، لە بەشی ناوخۆ بوو، ڕۆژانی پێنج شەممە دەگەڕایەوە گوند، خۆی زۆر بە کەسێکی ڕۆشنبیر دەزانی هەر بەو هۆیەوە کورسییەکی کڕی بوو، هێنابوویەوە بۆ گوند لە سەری دادەنیشت، دەڵێت لە کاتی وەرزی هاوین دوای دروێنەی دەغڵ و دان ئەوانیش خاوەن مەڕو ماڵات بوون، لە کێشانەوەی قەسەر بە کەر و عارەبانە ئەو کوڕە گەنجە قوتابییە کورسییەکەی خستبووە ناو عارەبانەکە و لەسەری دادەنیشت، تەنها بۆ ئەوەی پێی بڵێن کەسەکی ڕۆشنبیرە)) (گردەسۆری، 2021، 251)

وەك ئاشكرایە لە كۆتاییەكانی سەدەی ڕابردوو ڕێژەی خوێندەواری زۆر دابەزیبوو بە تایبەتی لە ناو خەڵكی گوندەكان، چونكە ئەو كاتە بەشێكی زۆر لە گوندەكان وێران كران یاخود قوتابخانەكانیان داخرابوون،بۆیە ئەو كاتە هەر كەسێك خوێندەواری هەبوایە لە گوندەكان، خۆی پێ كەسێكی ڕۆشنبیر بوو بەراورد بە خەڵكەكەی تر، ئەم حەكایەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە، كە ئەو كاتە خەڵكی كەمتر گرنگی بە خوێندن و خوێندەواری دەدا. وەكو لە حەكایەتەكە دەردەكەوێت سیفاتی كەسی ڕۆشنبیر جیاوازبووە لە خەڵكی ئاسایی، وا باو بووە تەنها خەڵكی ڕۆشنبیر لە سەر كورسی دادەنیشێت،چونكە لەسەر كورسی دانیشتن هێمای تێگەیشتن و ڕۆشنبیری هەبووە، بۆیە ئەم كورە قوتابیەش خۆی پێ كەسێكی ڕۆشنبیر بووە، ویستوویەتی بەم كورسییە بە خەڵكی گوندەكە پیشان بدات، كە ئەو كەسێكی ڕۆشنبیرە، ئەم كارەی ئەو قوتابییە بۆتە جێی سەرنجی خەڵكی گوندەكە.

لە حەكایەتێكی تر بەناوی (نەكەی بڤەیە) ((هاتووە دەگێرنەوە، پیاوێكی بەتەمەن قەیرە كچێكی بەتەمەن دەخوازێ، لە پاش چەند ڕۆژەكی لە دانیشتنێكدا كابرا دەستی بۆ ئاگرێك دەبا، ژنەش دەڵێ: نەكەی بڤەیە كابراش دەڵێ: ژنەكە هەرچەندە بڵێی بڤەیە، بەخوای تەمەنمان ڕۆییی ناگەڕێتەوە و پیربووین)) (گردەسۆری، 2006، 69).

ئەم حەكایەتە دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، كە لە پرۆسەی هاوسەرگیری پێویستە تەمەنی كوڕ و كچەكە لێك نزیك بن بۆ ئەوەی بەختەوەر و ئاسودە بژین. لەلایەكی تر باس لە تێپەڕبوونی كات و تەمەنمان دەكات، كاتێ ڕۆیی ناتوانین بیگەڕێنینەوە، هەر شتەو لە كاتی گونجاوی خۆیدا جوان و باشە، هەروەكو لە كوردەواریدا دەڵێت(كەنگر و ماست بەوەختی خۆی)، وەكو ژنەكە بە زمانی منداڵان لەگەڵ پیاوەكەی دەدوێت، كە ئەمەش بۆ ئەو تەمەنەی ئەو ناگونجێت.

**5-بەها كەلتوورییەكان:**

كەلتوور وەكو بەشیكی گرنگی ئەدەبی گەلان، كاریگەری هەیە لەسەر تاكەكانی هەر كۆمەڵگەیەك، بەها كەلتوورییەكان پێك دێت لە كۆمەڵێك دەستوور و دابونەریت، كە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەكی تر جیا دەكاتەوە، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی ڕێكخستنی ژیان و گوزەرانی ئەو گۆمەڵگەیەیە، گۆمەڵگە تاكەكانی ناچار دەكات، ئەم بەها كەلتووریانە جێ بە جێ بكەن، وەكو سیستەمێك بۆ بەردەوامی ژیان. بەها كەلتوورییەكان لە نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەكی تر جیاوازە.

نەتەوەی کوردیش چەندین کەلتوور و داب و نەریتی خۆی هەیە، کە بە هەزاران ساڵە نەوە دوای نەوە پارێزگاری لێ دەکات، هەر لە جل وبەرگ، زەماوەندکردن، پرسەدانان (شینگێڕان)، میوان دۆستی، هەرەوەزی،...هتد، حەکایەتیش وەکو بەشێکی سەرەکی ئەدەب بەدەر نییە لە باسکردن و گێڕانەوەی ئەم بەها کەلتووریانە، گێڕانەوەی ئەم بەها کەلتووریانە زیاتر بە مەبەستی ئاشناکردن بە نەوەی نوێیە، هەروەها پاراستن و زیندوومانەوەیانە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. بۆ نموونە لە حەکایەتی (پارەم ناداتێ)لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەوارییدا، منداڵێکی کچ کە هەر کاتێ میوانیان دەهات داوای لە دایکی دەکرد پارەی پێ بدات، چەند جار ئامۆژگاری دەکرد لەلای میوان داوای پارە نەکات بێسوود بوو، ڕۆژێك دایکی بە باوکی کچەکە دەڵێ ئامۆژگاری بکە لە لای میوان داوای پارە دەکات، باوکیشی بانگی کچەکەی دەکات و پێی دەڵێ کچم لە لای میوان داوای پارە لە دایکت مەکە، ئەویش دەڵێ باوکە ئەگەر لەلای میوان داوای پارە نەکەم پارەم پێ نادات)) (جەمال گردەسۆری،2021،72).

ئەم حەکایەتە ئاماژە بە کەلتوورێکی کورد دەکات، ئەویش شەرمکردنە لای میوان، ئەمە وەك کەلتوورێکی باو منداڵ داوای هەرچی لە دایك و باوکی لەلای میوان بکات ئەوا لەبەر ڕێزی میوانەکە ناچارن بۆی جێبەجێ بکەن، تەنانەت ئەگەر منداڵ هەڵەیەکیش بکات ئەوا لێی دەبوورن و سزای نادەن، بەهۆی ئەم کەلتوورە لێرەدا دەردەکەوێت ئەو منداڵە ڕاهاتووە لەسەر ئەم خووە و دووبارەی دەکاتەوە، چونکە دەزانێت بۆی جێبەجێ دەکەن، دەتوانین بڵێین ئەم کەلتوورە تا ئێستاش بەردەوامە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، تەنانەت ئەگەر خاوەن ماڵیش بۆی جێبەجێ نەکات، ئەوا میوانەکە بۆی جێبەجێ دەکات.

هەروەها لە نموونەیەکی تری بەها کەلتووریەکاندا لە حەکایەتی (هەرێ نەنێ) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەوارییدا، لە ناوچەیەك عادەتیان وابوو کە هەر کەسێ دەمرد سەریان لە خەنەی دەنا ئینجا لە قەبریان دەنا، دەڵێن پیرەژنێك لە ترسی ئەم عادەتە دەڕوا بۆ ناوچەیەکی دیکە، لەوێش عادەت وابووە هەر کەسێك بمردبا سەریان لە ترخێنە دەنا، پیرەژن هەرکە دەگاتە ناوچەکە دەمرێ، دەڵێن سەری لە ترخێنە دەنێن و ئینجا لە قەبری دەنێن لەم کاتەشدا پیاوێك دەڵێت:

هەرێ نەنێ، هەرێ نەنێ

قایل نەبووی بە گۆر خەنێ

هەتا لێیان نای بە ترخێنێ)) (گردەسۆری، 2021، 31).

ئەم حەکایەتە باس لە دوو کەلتووری جیاواز لە دوو ناوچەی جیاوازدا دەکات، کە لە ناشتنی مردوودا هەیانە، ئەم حەکایەتە دەرخەری ئەو ڕاستییە پێویستە هەر کەسە و شانازی بە کەلتووری خۆیەوە بکات، لە دوورەوە بە کەلتووری دیکەوە سەرسام نەبێت، بەڵکو پابەند بێت بەو کەلتوورەی لە ناوچەکەدا هەیە، لەم حەکایەتەدا ئافرەتە بەتەمەنەکە لە دژی کەلتووری ناوچەکەی خۆیان، دەچێتە ناوچەیەکی دیکە، بێگومان کەلتووری ئەو ناوچەیەش جیاوازە، ئەم ڕووداوەش دەبێتە جێگای تێرامان، کە ئەویش هەر کەس بە کەلتووری خۆیەوە جوانە و هەروەها جیاوازی کەلتووری ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی ترمان پیشان دەدات.

لە نمونەیەکی تر لە بەها کەلتووریەکان لە حەکایەتی (با من ئاگام لێ نەبێ) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا ، باوکێك کچەکەی بەمێرد دابوو، لەبەر ئەوەی زۆر جوان بوو پارەیەکی باشی وەرگرتبوو، هەندێك لە پارەکەی بەجلوبەرگیان دابوو، ئەوی دیکەی دابوو بە ژنەکەی و پێی گوت: بەو پارەیە سابوون و تایت و خواردن بکڕە بەڵام من ئاگام لێ نەبێ)) (گردەسۆری، 2021، 97).

ئەم حەکایەتە باس لە کەلتوورێکی کوردی دەکات، کە بریتییە لە خواردنی پارەی مارەیی کچ لە کاتی بەشوودان، ئەم نەریتە تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو هەستی پێ دەکرا، کاتێك کچێك شووی دەکرد، ئەوا لە لایەن ماڵی باوکی کچەکە بڕێك لە پارەکەی لێ دەگێڕدرایەوە بە بیانووی ژن هێنان بۆ کوڕەکەیان یاخود هەر شتێکی تر، وەکو لەم حەکایەتە دەردەکەوێت ئەم باوکە دوای ئەوەی بەشێك لە پارەکەی لە کچەکەی وەردەگرێت، بە خێزانی دەڵێت: کەلوپەل و خواردنی پێ بکڕە با من ئاگام لێ نەبێت، ئەمەش وەکو ئاماژەیەك بۆ حەڕام بوونی ئەو پارەیە، واتە ئەو پیاوە فێڵی کردووە، وایزانیوە ئەگەر وابڵێت حەڵاڵ دەبێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم نەریتە کوردییە تەواو پێچەوانەی دین بوو، هەندێك باوك یان کەس و کاری نزیکی کچە بەشیك لە شیربایییەکەیان خواردووە و بۆ ئەم مەبەستەش هەنجەتێکیان دروست کردووە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ئەم کەلتورە بەتەواوی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا نەماوە و خەڵکی خۆیان لی بەدوور دەگرن.

هەر لە بارەی بەها کەلتوورییەکان لە حەکایەتی (کفتە) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، شوانێك لە ڕۆژی ژن گواستنەوەی لە لای مەڕ دەبێت، لە ماڵێش بۆ ئامادەبوانی خزم و دۆستانی ماڵی زاوا نیوەڕۆ کفتەی لێ دەنێن و بۆ ئێوارە کفتەیەك نامێنێت، هەمووی خوراوە، دەڵێن ئێوارە زاوا دەگەڕێتەوە ماڵ و دەڵێ بۆ میوانان لە نیوەڕۆ چێشتی چیتان لێنا بوو، ئەوانیش دەڵێن کفتە، دەڵێ ئەی بەشی من، دەڵێن هەموو خوراو هیچ نەما

شتێکی دیکە بخۆ ئەویش زۆر عاجز دەبێت، دەڵێن زووکە نانەکەت بخۆو بچۆ لای بووك، زاوا دەڵێ بە خوا ناچم، کێ کفتەی خواردووە با ئەو بچێتە لای بووك.)) (گردەسۆری، 2021، 218).

ئەم حەکایەتە بە شێوەیەکی گاڵتەوگەپ باس لە دابو نەریت و کەلتوورێکی کۆنی کوردەواری دەکات، ئەویش ئامادەکردنی شیوی بوکێ و خواردنی کفتەیە. لە سەردەمی کۆندا وا باوبوو لە کاتی بووك گواستنەوە و زەماوەندەکاندا خواردنی کفتە دەدرا بە میوانەکان، بێگومان ئەم کەلتوورە لە نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازە، هەر بۆیە ئەم خواردنە جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. زۆربەی جار زاوا لە ڕۆژی بووك گواستنەوە لە ماڵ نەدەبوو، وەکو لەم حەکایەتە دەردەکەوێت زاوا لە ماڵ نەبووە ئەو ڕۆژە. لە ئێستادا ئەم کەلتوورە کوردییە بە تەواوی گۆڕاوە، لە جیاتی خواردنی کفتە خواردنی تر جێگەی گرتوتەوە. کەوایە حەکایەت دەبێتە هۆکارێك بۆ زیندوو هێشتنەوەی کەلتوور و ئاشناکردنی بە نەوەی تازە. ئەگەر بە ووردی سەیری ڕووداوی ئەم حەکایەتە بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە لە نێو پێویستیەکانی مرۆڤ خواردن لە پێش هەموو شتێکەوەیە، ئەوەتە شوانەی تازە زاوا کفتە خواردنەکەی لا گرنگتر بووە لە چوونە لای بووکێ!

(بەچاوی من تەماشایی بکەن) لە کتێبی (نمەك) یەکێکی ترە لە بەها کەلتوورییەکان هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، کوڕە گەنجێك لە گوندێکدا ئەشقی کیژە بە تەمەنێك دەبی، داوای لە ماڵی خۆیان دەکات بۆی بخوازن، خزم و کەس و کاری و خێزانی ماڵەوەیان پێی دەڵێن ئەم کیژە بە تەمەنەت (قەیرە) بۆ چییە، کوڕە دەڵێ ئەنگۆ بە چاوی خۆتان تەماشای مەکەن، بە چاوی من تەماشای بکەن.)) (گردەسۆری،2021، 174).

ئەم حەکایەتە ئاماژە بە خۆشەویستی کوڕێك دەکات بۆ کچێك کە لە تەمەندا جیاوازن، لە نێو کەلتووری کوردیدا زۆرجار تەمەن دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خۆشەویستی، وەکو لەم حەکایەتە دەردەکەوێت کەس و کاری کوڕەکە دژی ئەم هاوسەرگیریەن، چونکە کچەکە لە کوڕەکەیان گەورەترە، لە کاتێکدا ئەم جیاوازییە لە لای زۆرێك لە نەتەوەکان ڕەچاو ناکرێت، لێرەدا کوڕەکە دەیەوێت لەم کەلتوورە لابدات و گوێ بە قسەیان نەدات. لە لایەکی تر کوڕەکە پێداگری دەکات لە خۆشەویستەکەی و هەوڵ دەدات کەس و کارەکەی ڕازی بکات، تەنانەت هەوڵ دەدات بیرکردنەوەی ئەوانیش بگۆڕێت و دەیەوێت ئەوانیش وەکو ئەو کچە ببینن و لە چاوی ئەوەوە سەیری کچە بکەن. لەم حەکایەتەوە فێردەبین، خۆشەویستی پەیوەندی بە تەمەنی ئەو دوو کەسەوە نییە.

هەروەها لە حەکایەتی (سەفەر) لە کتێبی (نمەك) باس لە کەلتووری باوەڕ بوون بە خەون دەکات، کە تێیدا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، ئاغای گوندێك

بەیانیەك زوو لە خەو هەڵدەستێ و خۆی ئامادە دەکات بۆ سەفەرکردن، حەرەسەکەی پێی دەڵێ: ئاغام خۆش بی بۆ کوێ دەچی؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: دەمەوێ سەفەر بکەم، حەرەسەکەی پێی دەڵێ: سەفەر مەکە لە بەر ئەوەی ئەمشەو خەونێکی ناخۆشم بینیووە نەوەك تووشی گرفتێك بی،یاخود شتێکت بە سەر بێت، ئاغاکەش بە گوێی دەکات و سەفەرەکەی ناکات، بەڵام حەرەسەکەی دەردەکات لە بەرئەوەی بۆی ڕوون دەبێتەوە حەرەسەکەی شەو حەرەسیاتی نەگرتووە، چونکە خۆی دەڵی خەونم دیتووە)) (گردەسۆری، 2021، 90).

ئەم حەکایەتە باس لە یەکێك لەو نەریتانەی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی باو بووە دەکات، کە بریتییە لە پشت بەستن بە خەون. واتە لە سەردەمی کۆن زۆرجار بڕوای تەواویان بە ڕوودانی خەون هەبووە، بەتایبەتی لە کاتی سەفەرکردن. ئەم نەریتەش جگە لە کورد لە ناو نەتەوەکانی تریشدا هەبووە، هەر کاتێك یەکێك لە ئەندامانی خێزان خەونێکی ناخۆشی بدیتایە، ئەوا ئەو کەسەی نیازی سەفەرکردنی هەبوو، سەفەرەکەی هەڵدەوەشاندەوە و دوای دەخست بۆ کاتێکی تر. ئاشکرایە ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن، هیچ پەیوەندی بە خەونەوە نییە، مەرج نییە هەموو خەونێك ڕاست بێت و ڕوو بدات، خۆشبەختانە ئەم کلتورە خەریکە بە تەواوی نامێنێت و خەڵکی پشتی پێ نابەستێت. لە دیوێکی تری ئەم حەکایەتە باس لەوە دەکات، کە پاسەوانەکە شەو خەوتووە، واتە ئەرکی خۆی بەتەواوی جێبەجێ نەکردووە، لە ئەنجامی گێڕانەوەی خەونەکەی، پاشا بۆی دەردەکەوێت شەو لە جیاتی پاسەوانی خەوتووە، کەواتە لێرەدا زیرەکی پاشا دەسەلمێنێت.

یەکێکی تر لە بەها کەلتووریەکان شیدەکەینەوە لە حەکایەتی (کچەکەت پێ نادەم) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، ژنێکی بێوە ژن یەك تاقە کوڕی دەبێت، دەیەوێ ژنی بۆ بێنێت و وای بە باش دەزانی بچێت داخوازی کچی برای بکات، ژنە دەچێت بۆ ماڵی براکەیی و بە براکەی دەڵێت حەز دەکەم ئەم کچەی بدەی بە کوڕەکەم، براکەشی دەڵێ پێت نادەم ،ژنەکە دەڵێ بۆچی، براکەی دەڵێ لە ڕووی ڕەوشت ئاقڵم کوڕەکەت ناگرێ، کە پێمدا ڕۆژێك گرفتێك بوو قسە لە گەڵ کێ بکەم، خوشکەکەی دەڵێ بەشکم بە هۆی ژن هێنان ئاقڵ دەبێت و دەبێت بە پیاو، براکەی دەڵێ کەی دڵنیا بووم بۆتە پیاو پێی دەدەم)) (گردەسۆری، 2021، 228).

ئەم حەکایەتە باس لە چەند کەلتوورێکی کۆنی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، یەکێك لەم کەلتوورانەش داواکردنی کچی خزم و کەس بووە بۆ یەکتری. لە کۆندا وایان بە باش زانیووە خزم هاوسەرگیری لە گەڵ خزم بکات، چونکە بڕوایان وابووە خزم دڵسۆزترو بە وەفاترە وەك لە خەڵکی بێگانە. یەکێکی تر لەم کەلتورانە کە تێبینی دەکرێت، ئەویش بە شوودانی کچە بێ ئەوەی

ڕای وەربگرن، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ماف و ئازادییەکانی تاکە. لە کۆندا باوکەکە وەڵامی داواکاریەکانی کچەکەی داوەتەوە و بڕیاری هاوسەرگیری بۆ داوە، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بڕیاری کچەکەیان. ئەم کەلتورە تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو لە نێو کۆمەڵگەی کوردی هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە لە سەردەمی ئێستادا بە تەواوی نەماوە.

لە لایەکی تر ئەم حەکایەتە باس لە گوێڕایەڵی منداڵ دەکات بۆ دایك و باوکی، واتە لە کۆندا دایك و باوك هەر بڕیارێکیان دابوایە، ئەوا منداڵەکانیان پێی پابەند دەبوون، چونکە دەیانزانی هەمیشە دایك و باوك چاکەی ڕۆڵەکانیان دەوێت و حەز دەکەن ڕۆڵەکانیان ئاسوودەو بەختەوەربن. لێرەدا دەتوانین بڵێین حەکایەت ڕۆڵی هەیە لە ئاشناکردنی نەوەی نوێ بە داب و نەریت و کەلتوری باوباپیرانمان. هەروەها لەم حەکایەتە دەردەکەوێت، بەهای عەقڵ لە بەهای خزمایەتی گرنگترە، بۆیە براکەی کچەکەی خۆی نادات بە کوڕی براکەی.

لە شیکردنەوەی بەرهەمێکی تر لە حەکایەتی (تەماحکاری) لە کتێبی (سەربردەی کوردەواری)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، پیرە پیاوێکی بە ساڵاچووی دەوڵەمەند، خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆری ماڵی دنیایێ، دەچێتە خوازبێنی کچێك، کچە لەسەرەتا ڕازامەند نابێ، بەڵام دایك و باوکی کە تەماحکاری بەرچاوی گرتبوون دەچنە بن گوێی کچە و پێی دەڵێن نەکەی دەبەنگ بی، ڕەزامەند بە، ئەو فرسەتە لە کیس خۆت مەدە، ئەو پیرە پیاوە عومری پیرە مەرێکی ماوە، بۆ خۆت دەبیتە خاوەنی سەر و سامانێکی زۆر، کچە لە ڕێی ئەو تەماحکارییە ڕازی بوو، ساڵێك تێپەڕی نەمرد، تا سەرئەنجام پیرەمێرد تەرمی هەرسێکیانی بەڕێ کرد، کچە و دایك و باوکی کچە، پیرەمێرد هەر ساغڵەم مایەوە)) (گردەسۆری، 2006، 10).

ئەم حەکایەتە باس لە بەشودانی کچ دەکات لە پێناو پارە و سامان، ئەگەرچی کچەکە لە سەرەتادا ڕازی نابێت، بەڵام دایکو باوکی هانی دەدەن و دەوڵەمەندی پیاوە بەتەمەنەکە دەکەنە هۆکاری خۆشبەختی و ئاسودەیی، کەواتە ئەم دایك و باوکە ماڵی دنیایان لا گرنگتر بوو، لە خواست و ویستی کچەکەیان، بۆیە ئەویش ڕازی دەکەن، ئەم نەریتە ئەگەرچی بە نەریتێکی خراپ وەسفکراوە، بەڵام تائێستاش لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە.

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زیاتر لە کڕین و فرۆشتن دەچێت وەکو لە شوکردن، چونکە لەم جۆرە شوکردنە هیچ گوێ نادرێ بە سۆز و خۆشەویستی و تەمەن تەنها دەوڵەمەندی دەکرێتە پێوەر، کە زۆرجار بە شکست کۆتایی دێت.

لە نمونەیەکی تری بەها کۆمەڵایەتیەکان لە حەکایەتی (کەرە دێزە) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، کەرە دێزکە دەیگوت دەچمە سەر چیایی خۆم هەردەدێرم هەتاوەکو خاوەنەکەم زەرەر بکات)) (گردەسۆری، 2021، 168).

ئەم حەکایەتە لەسەر زاری گیانداران گێردراوەتەوە، کە باس لە سیفاتێکی ناشیرنی مرۆڤەکان دەکات. ئەم سیفاتەش بریتییە لە زیان گەیاندن بە خۆت و دەوروبەرەکەت لە ئەنجامی هەڵچون و توڕەبوون، ئەم گێڕانەوەیە سیما و خەسڵەتێکی پەند ئامێزی لە پشتەوەیە، هەندێکجار کەسێك دەبێت بە هۆکاری کردنەوەی دەرگای خێر و خۆشی بۆ کەسێکی نەدار و دەست کورت یاخود لە کێشەیەك ڕزگاری  دەکات، بەڵام بۆ تەنها جارێك لە هەڵوێستی ئەو کەسە هەڵدەچێت و بڕیاری زەرەری ماددی و مەعنەوی دەدات، لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەم جۆرە کەسە دەوترێت (کەری دێز)، چونکە هەڵگری هەمان سیفەتی ئەم گیاندارەیە، ئەم وتەیە تا ئێستاش لە ناو خەڵکی بەکاردێت. لەم حەکایەتەوە دەردەکەوێت، هەندێ جار مرۆڤەکان جۆرێك لە هەڵچوون لە ناخیاندا چەکەرە دەکات، ئەگەر هەموو شتەکان بە دڵی ئەو نەبێت، ئەوا بە جۆرێك هەڵدەچێت بڕیار دەدات زیان بە کەسی بەرامبەر بگەیەنێت، تەنات ئەگەر بە لە ناوچوونی خۆشی بێت.

لە حەکایەتی (بەخۆی ئیشی خۆی دەزانێ) هاتووە ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لەنێو کوردەواریدا، لە گوندێکدا دایکێك و کوڕە گەنجێك بەیەکەوە دەژیان، دایکە داوا لە کوڕە دەکات ژن بێنێ، کوڕەش دەڵێ دایە ژن بەچی بێنم، بە خۆت دەزانی کەم دەرامەتین، دایکەش دەڵێ کوڕم مادامەکی ژن بە ژنەك ببینەوە خۆم ژنت بۆ دەکەم، کوڕەش ڕازی دەبێت و دەچێتە لای خزمانی ژن بە ژنەکی بۆ بدۆزنەوە، زۆربەی خزمەکانیش نا ڕازی دەبن و دێنە لای دایکی و دەڵێن چۆن دەبێ تۆ بە ژن بدات، دایکی کوڕەش دەڵێ: کوڕەکەم بەخۆی ئیشی خۆی دەزانێ)) (گردەسۆری، 2006، 83).

ئەم حەکایەتە باس لە نەریتێکی کۆنی کوردەواری دەکات، بریتییە لە ژن بە ژنێ، واتە ئەوەی بیویستایە ژن بێنێت دەبوو خوشکەکی خۆی بدات بە لایەنی بەرامبەر، ئەگەر خوشکی نەبا دەبوو خوشکەزایەکی یان برازایەکی تەنانەت هەندێکجار دایکی خۆی بەژن دەدا، بەڵام لە ئێستادا خۆشبەختانە ئەم دابونەریتە بەتەواوی نەماوە، لەلایەکی تر ئەم حەکایەتە پێمان دەڵێت لە کۆندا شوکردنەوەی ئافرەتی بەتەمەن شەرمە بوو، زۆر جاریش ڕێگری لێ دەکرا، وەکو چۆن لەم حەکایەتە دەردەکەوێت خزم و ناسیاوەکانی حەز ناکەن ئەو کوڕە دایکی بەژن بدات و شوو بکاتەوە.

لە حەکایەتی (ئەمساڵ هەوێردە زۆرە) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەوارییدا، لە گوندێکدا پیاوێك زۆر ڕەزیل دەبێت، دەڵێن ڕۆژێك لە کاتی ساوار

کوڵاندنی ماڵەوەیان زۆربەی منداڵانی دراوسێیەکانیان کۆ دەکاتەوە و پێیان دەڵێ با بچین بۆ دەشت دەڵێن ئەمساڵ هەوێردە زۆر هەیە بیانگرین بەم جۆرە زۆربەی منداڵانی گوند لەگەڵ خۆی دەیباتە دەرەوەی گوند ئەو بەو مەبەستەی بووە کاتێ ساوارەکە دەکوڵێ کە پێی دەگوترێ دانولە منداڵ داوای خواردنی دەکەن تاوەکو منداڵەکان دوورخاتەوە و هەتاوەکو ئەوان لە دەشتێ دەگەڕێنەوە ساوارەکە دەکوڵێت و دەیخەنە سەربان و لەبەر چاوانی منداڵەکان نامێنێ واتە هیچ منداڵێك ناتوانێ دانولە لە ماڵیان ببات)) (گردەسۆری،115،2021).

ئەم حەکایەت لە ناوەڕۆکدا کارێکی فۆلکلۆری کوردی پیشان دەدات، ئەویش ساوار کوڵاندنە، ئەم نەریتە هەر لە زووەوە نەتەوەی کورد پێی ئاشنا بووە و بەمەبەستی خواردنێکی کوردەواری بەرهەمی هێناوە، تاوەکو ئەمڕۆش نەوە دوای لەسەری بەردەوامن، ئەگەرچی گۆڕانکاری بەسەر شێوازی ئامادەکردنیدا هاتووە، لە نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییدا ساوار کوڵاندن چەندین بەهای فۆلکلۆری لە خۆگرتووە، لەکاتی کوڵاندن منداڵان بەڕیز دەوەستن، تاوەکو هەندێك لەو ساوارە(دانولە) بۆ خواردن وەربگرن، دوای ئەوە ووشك دەکرێتەوە و ئینجا بە هەرەوەزی دەکوترایەوە، هەر لەکاتی ساوار کوتانەوە، پیاوەکان کۆمەڵێك گۆرانی فۆلکلۆری کوردی دەگوترایەوە، هەروەها کۆمەڵێك کەرەستەی فۆلکلۆری تێدا بەکار دەهات، وەکو (کوتك و جۆنی و ...هتد)، کەواتە ئەم حەکایەتە چەندین بەهای فۆلکلۆری بە گوێی گوێگردا دەچرپێنێ و بیریان دەخاتەوە، لەوانە کاری فۆلکلۆری و هەرەوەزی و گۆرانی فۆلکلۆری....هتد.

ئەگەر لە لایەکی ترەوە ئەم حەکایەتە شیبکەینەوە، دوو ئەنجاممان دەست دەکەوێت:

1-کابرای خاوەن ساوار زۆر ڕەزیل و چاو تەنگ بووە، نەیویستووە هیچ منداڵێك دانوولەیان بخوات، پیدانی دانوولە بە مندالان کلتورێکی کوردەواری کۆنە.

2-دوور نیە، کابرای خاوەن ساوار، هەژار بووبێ و ساوارەکەی بەشی ئەوەی نەکردبێ، تا منداڵەکان وەك دانوولە بەشی خۆیان ببەن و منداڵەکانی بەم فێڵە لە ساوارەکە دوور خستۆتەوە.

لە نموونەیەکی تر لە بەهای فۆلکلۆری کوردی بریتییە لە حەکایەتی (عادەتی بووکان هەر وایە) لە کتێبی (سەربردەی کوردەواریدا) تێیدا دەڵێت: ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەوارییدا، ژنەك چوار مێردی کردبوو، لە پێنجەمین مێرکردنیدا لە ڕۆژی بوکێنیدا کە سواری ئەسپی دەکەن دەگریێ، دەڵێن ئەتوو لە پاش چوار مێردانداا بۆ دەگریێ، ئەویش دەڵێ: عادەتی بوکان هەروایە باتێك نەچی)) (گردەسۆری،70،2021).

ئەم حەکایەتە لە ڕوواڵەتدا جۆرێك لە گاڵتەوگەپی پێوە دیارە، بەڵام لە ڕاستیدا چەند بەها و نەریتێکی فۆلکلۆری کوردی پیشان دەدات، ئاشکرایە بەر لە پەیدابوونی ئۆتۆمبێل وڵاغە بەرزە

بەکار دەهات بۆ ڕاییکردنی سەرجەم کاروبارەکانیان، لەنێویشیاندا زەماوەندەکانی ژن و ژن خوازی و بووك گواستنەوە، هۆکارێکی تر ئەوە بوو، بەشێکی زۆری دانیشتوان لە ناوچە شاخاوییەکان دەژیان، ئەمەش کارێکی ئەستەم بوو بۆ بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و هۆیەکانی گواستنەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەو نەریتە بە تەواوی نەماوە و ئۆتۆمبێل شوێنی گرتۆتەوە، لە خاڵێکی تردا باس لە نەریتێکی کۆنی بووك دەکات، ئەویش گریانی بووکە لە ڕۆژی زەماوەند و گواستنەوە، ئەم دیاریدەیە کەم تا زۆر ماوە و بەدی دەکرێت. دیاردەی گریانی بوکان زیاتر بۆ لایەنی بەهای وەفاداری دەگەڕێتەوە، کەواتە ئەم گریانە وەکو وەفایەکە بۆ ماڵی باوکی و ئەو چەند ساڵەی تێیدا ژیاوە. دەتوانین بڵێین لە ڕێگەی حەکایەتەوە ئاشنا دەبین بە بەشێك لە بەها فۆلکلۆریەکان و هەروەها پیشانی نەوەکانی ئێستایان بدەین، ئەمەش لە پێناو پاراستنی ڕەسەنایەتی و دابونەریتی باوباپیران.

هەر لە بارەی بەها فۆلکلۆریەکان لە حەکایەتی (تائوف) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا،کابرایەکی ترێ فرۆش بە چەندین قەرتارە ترێ دەچێتە گوندێك و لە ماڵێك دەبێتە میوان بۆ فرۆشتنی ترێیەکانی، دەڵێن چەند پیاوێك گەنم یان جۆ دەبەن ترێی پێ دەکڕن، پیاوێکی ڕەزیل چەندین جار سەری قەرتارەکە هەردەداتەوە، ترێیەکەش زۆر باش دەبی، زۆریشی حەز لێ دەبی، بۆیە دەڵێ تائوف لەو ترێیە باشەیە، پیاوێکیش لەوێ دەبی و پێی دەڵێ:دەك تائوفت دادڕێ لەبەر ڕەزیلی و قرچۆکیت، دەبڕۆ لە ماڵی ئێمە هەندەك گەنم یان جۆ بێنە و بە ترێ بدەو تێری بخۆ))  (گردەسۆری،2021، 164).

ئەم حەکایەتە لە ڕواڵەتدا باس لە پیاوێکی ڕەزیل دەکات لە بەرامبەردا باسی پیاوێکی سەخی دەکات، کە بە ماڵی خۆی ترێ بۆ پیاوە ڕەزیلەکە دەکڕێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا باس لە کارێکی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی دەکات، بریتییە لە فرۆشتنی ترێ بە گەنم یاخود جۆ، فرۆشتنی میوە بە گەنم یاخود جۆ مێژوویەکی کۆنی هەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. ئاشکرایە دانیشتوانی کوردستان دابەشبوون بەسەر دوو ناوچەدا، ناوچەی شاخاوی و ناوچەی دەشتایی و زورگەکان. ناوچە شاخاویەکان زیاتر خەریك بوون بە باخداری ، چونکە لە ناوچە شاخاویەکان بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ زۆر کەم بوو، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان لە گەنم و جۆ، بە پشتی وڵاخ بارە ترێیان دەبرد بۆ گوندەکانی ناوچە دەشتاییەکان، ئینجا لە بری پارە ترێیەکەیان یاخود هەر میوەیەکی تر بە گەنم یاخود جۆ دەیانفرۆشت، ئەویش لە بەرامبەر هەر پێوانەیەك لە ترێیەکە گەنم یاخود جۆیان وەردەگرت. لەسەر هەر بارە ترێیەك بەشێك هەبوو پێیان دەگوت سەربار،ئەمەش بۆ ئەوە بوو ئەو گوندەی لێی دەماوە، دەیدا بە ماڵە خانەخوێیەکەی،ئەم کارە تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو،

بەڵام لە ئێستادا بە تەواوی نەماوە. کەواتە دەتوانین بڵێین حەکایەت سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی فۆلکلۆرو ڕەسەنایەتی هەر نەتەوەیەك.

هەروەها لە حەکایەتی (قورقەپانێ) لە کتێبی(نمەك)دا هاتووە، ((دەگێرنەوە لە سەردەمی کۆن لە نێو کوردەواریدا، ژن و مێردەك هەبوو لە سەر ئیش و کاری ماڵێ هەموو دەمێ مشت و مڕیان بوو، کابرا دەیویست زۆربەی ئیشەکان ژنەکە بیکات، ژنەش دەیویست کابرا زۆربەی ئیشەکان بکات، لەو مشتومڕە ڕۆژێك وایان بڕیاردا کە قورقەپ بکەن کێ قسەی کرد دەدۆڕێنی دەبی ئەو زۆربەی ئیشەکان بکات، ژنە بە فێڵی چوونە سەر کانی و ئاوهێنان بۆخۆی تێرووپڕ قسەی دەکرد، کابراش لە ماڵێ مابۆوە،دەڵێن ڕۆژێك دەروێشەك دێتە ماڵیان و گوتی السلام وعلیکم، کابرا هیچ وەڵامی نەدایەوە، سێ جار دوبارەی کردەوە کابرا هەر سەری دەلەقاند، کابرای دەروێش گوتی بە خوای هەبی و نەبی ئەو پیاوە کەڕو لاڵە دەڵێ سەرم بتراشە واچاکە سەری بتراشم، سەری دەتراشی، ئینجا گوتی السلام و علیکم ، کابرا دیسان سەری بۆ لەقاند، دەروێش گوتی بەخوای ڕدێنی زۆر هاتییە ئەوە دەڵێ ڕدێنم بتراشە، ڕدێنی بۆ دەتراشی، دیسان گوتی السلام و علیکم، دیسان کابرا سەری بۆ بادا، گوتی با برۆشی بۆ بتراشم، لەوسەین و بەینەی بوو ژنە بە سەر ئەو بەزمەدا دێتەوە، مێردەکەی بەمجۆرە دەبینی هەر لە دوور ڕا گۆتییە مێردەکەی ئەیەڕۆ ئەوە بۆ وەها ئەتکیان کردی، کابرا بە قسە هات گوتی دۆڕاندت، دەبی ئەتو کەری ببەستیەوە وئالیکیان بدەیی و هەموو ئیشەکان بکەی)) (گردەسۆری، 2021، 177).

ئەم حەکایەتە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز باس لە پەیوەندی نێوان ژن و مێردێك دەکات، ئەم ژن و مێردە کێشەیان هەیە لەسەر ئیش و کاری ماڵەوە، ژنەکە بە مێردەکەی دەڵێت: تۆ ئیش و کارەکان بکە، مێردەکەشی بە ژنەکەی دەڵێت: تۆ بیکە، لە کاتێکدا پێویستە هەردوولا بە هاوبەشی کارەکە بکەن. لە لایەکی تر ئەم حەکایەتە باس لە یارییەکی کۆنی فۆلکلۆری کوردی دەکات، بریتییە لە (قورقەپانێ)، ئەم یارییە لە نێوان دووکەس یان زیاتر دەکرێت، پێویستە هەموویان بێدەنگ بن و کەسیان قسە نەکەن، هەر کاتێك یەکێك دەستی بە قسە کرد، ئەوا ئەو کەسە دۆراو دەبێت و ئەویتر دەبێتە براوە، ئەم یارییە فۆلکلۆرییە تاکو ئێستاش هەر ماوە، هەروەها ژنەکە فێڵ لە مێردەکەی دەکات و لە دەرەوە بۆ خۆی قسە دەکات، کاتێك دەچێتە سەر کانی بۆ ئاو هێنان، کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ کارێکی فۆلکلۆری، لە سەردەمی کۆن ژنان بە شان ئاویان دەهێنا لە سەر کانی بۆ ماڵەوە بە کۆزە یاخود تەنەکە،بەلام ئەم کارە لە ئێستادا نەماوە و ئامێری کارەبایی شوێنی گرتۆتەوە. لەم بەسەرهاتە-بەها-ی گفت نەشکاندن هەیە، هەرچەندە لە ئەنجامی دەنگ نەکردنەکە پیاوەکە سەر و ڕیش و برۆی دەتراشرێ، کە ئەمە بۆخۆی لەناو خەڵك وەك ئەتك کردن دێتە بەرچاو.

**6-بەها ئایینییەکان:**

بەها ئایینیەکان یەکێکە لەو بەهایانەی کە لە گشت ئایینەکاندا دەبێتە هۆی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە. میللەتی کورد وەکو میللەتێکی باوەڕدار، زۆربەی پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکات لەدوای ئەویش ئایینی مەسیحی و یەزیدی و زەردەشتی، کەواتە پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام شوێنکەوتەی ئەو بەها و ئاکار و ڕەوشتانەن، کە ئایینی ئیسلام بە پەسەندی داناوە، هەروەها خۆیان بەدوور دەگرن لە بەها و ڕەوشتە ناپەسندەکان، کە لە ئایینداا دیاری کراوە، هەموو ئەو بەرزانە بۆ ئەوەیە مرۆڤەکان بەیەکەوە بەختەوەر بژین، لە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و ئاسوودە.

بەها ئایینیەکان کۆمەڵێك بەهای بەرزن مرۆڤی باوەڕدار پێیانەوە پابەند دەبێت. لەبەرئەوەی حەکایەتەکان هەڵقوڵاوی بیری کۆمەڵگەیە، بۆیە زۆرێك لە بەها ئایینیەکان لەناو حەکایەتەکان بەرچاو دەکەوێت، لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر دوو بەهای ئایینی ئەوانیش (سوپاسگوزاری بەرامبەر خودای مەزن و حەڕام و حەڵاڵ)ە، وەکو لە حەکایەتی (بۆڵە بۆڵ) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەوارییدا، لە گوندێك پیاوێك لەبەر هەژاری پێڵاوی نەبوو، ڕۆژێك لە گوندەکەی خۆیان بە پێ خواسی دەچووە گوندێکی دیکە لە ڕێگادا دڕکی لەپێ ڕادەچوو دەستی بە بۆڵە بۆڵ دەکات و بەو هۆیەوە زۆر دڵتەنگ دەبێت، دەڵێت لە ڕێگادا تووشی پیاوێك دەبێت هەردوو پێی نییە، ئینجا لە بۆڵەبۆڵەکەی پەشیمان دەبێتەوە و سوپاسی خوا دەکات و دەڵێ: خودایە زۆر سوپاس هەرچەندە هەژارم بەڵام پێیەکانم هەن)) (گردەسۆری، 59،2021).

ئەگەر شیکردنەوەیەکی ئایینی بۆ ئەم حەکایەتە بکەین فێرمان دەکات، مرۆڤ دەبێت هەمیشە سوپاسگوزاری بەخششەکانی خودای دلۆڤان بکات، ئەگەرچی لە هەندێك بارودۆخدا مرۆڤ تووشی چەندین هەوراز و نشێوی سەخت دەبێتەوە، بەڵام هەموو ئەوانە نابێت ببێتە هۆی لەبیرکردنی چەندین بەخششی گەورە، کە خودای مەزن بە ئەوی بەخشیوە و بە بەندەکانی تری نەداوە، یاخود نابێت لەو کاتەدا بێ ئومێد بین، بەڵکو دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین و تێبکۆشین بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانمان. لە لایەکی ترەوە لەم حەکایەتەدا دەبینین پیاوەکە لەبەر هەژاری ناسوپاسگوزارە، ئەگەرچی هەژاری و دەوڵەمەندی تەنها لە دەستی خودای باڵا دەستە، بەڵام لە کۆتاییدا دەبینێت پیاوێکی تر لاقی نییە، ئینجا پەشیمان دەبێتەوە و تێدەگات کارێکی هەڵەی کردووە و دەگەڕێتەوە سەر ڕێگا ڕاستەکە و دەبێتە بەندەیەکی سوپاسگوزار.

لەبارەی حەڕام و حەڵاڵ لە حەکایەتی (دەبڵێ حەڵاڵە) لە کتێبی (نمەك)دا هاتووە، ((دەگێڕنەوە لەسەردەمی کۆن لە نێو کوردەوارییدا، ڕۆژێك لە گوندیکدا خاوەن مەڕێك مەڕێکی

نەخۆشی دەمرێت ، خاوەن مەڕ وادەزانێت هێشتا نەمردووە سەری دەبڕێت، بەڵام کاتێ سەری دەبڕێت هیچ ناجوڵێت کەواتە مردارە و دەبێ فڕێ بدرێ، برایەکی مەلای گوند دەبێت، کابرا کوڕێکی دەنێرێتە لای مامی و پێی دەڵێ باوکم مەڕێکی نەخۆش بوو سەری بڕی بەڵام نەجولا ئایا مردارە یان حەڵاڵە، مەلا دەڵێ مردارە، کورە دەچێتەوە لای باوکی و پێی دەڵێ مامم گوتی مردارە، کابرا بە خۆی دەچێت و بە مەلای دەڵێ برام ئەو گۆشتە بۆ خەسار بێت دەبڵێ حەڵاڵە، مەلا دەڵێ خوای گەورە وا دەفەرمووێ چۆن دەتوانم دژی خوابم)) (گردەسۆری، 113،2021).

ئەم حەکایەتە وانەیەکی گرنگی ئایینیمان فێر دەکات، ئەویش دەربارەی حەڵاڵ و حەڕام بوونی گۆشتی مردارەوەبووە. لە دیوێکی تر ئەم حەکایەتە پێمان دەڵێت هەر لە کۆنەوە مەلا و زانا و پیاوی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بوونەتە ڕابەر و پێشەوای خەڵکی، نەوەك هەر لە بابەتە ئانییەکان بەڵکو لە زۆر بابەتی کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی و کاری هەرەوەزیدا. لێرەدا پیاوەکە بۆ دڵنیابوون لە حەڵاڵی گۆشتەکەی پەنا دەباتە بەر مەلای گوندەکە، کە برای خۆیەتی، بەڵام ئەو پەیوەندیە خزمایەتیە نابێتە هۆی گۆڕینی فتوای مەلاکە، گۆشتەکە حەڕام دەکات چونکە مەلا بە گوێرەی قورئان بڕیار دەدات. ئەم حەکایەتە چەندین وانەی بەنرخی تێدایە، کە نابێت گۆشتی ئاژەڵی مردارەوەبوو بخورێت هەروەها نابێت بۆ بەرژەوەندی خۆمان بنەما ئایینییەکان بگۆڕین و بەکاریان بهێنین. لە کۆتایشدا دەبێت فتوا لە کەسی شارەزا وەربگرین.

لە حەکایەتی (هەقی خۆی وەرگرتەوە) هاتووە ((دەگێڕنەوە، گایەك گاوانەکەی دەداتە بەر قۆچان و زۆر بە ئازار دەیکوژێ، چەند گاوانەك کە لە دەوروبەریان دەبن دەیبینن، بەڵام ناوێرن لێی نزیك ببنەوە واتی دەگەن گایەکە هاربووە، بۆیە تەنیا توانای ئەوەیان لە دەست دێت بەغاردان بچنەوە گوندەکە و خەبەر بدەن و بڵێن گایەك هاربووە و فلان گاوانی داوەتە بە قۆچ، کۆمەڵکی زۆر لە پیاوانی گوند بەچەکەوە دێن بۆ ئەوەی گایەکە بکوژن، بەڵام هەر کە خەڵکەکە دەگەنە لای گاڕانەکە دەبینن گایەکە زۆر هێمنە و خەریکی لەوەرە و گاوانەکەش گیانی دەرچووە و ئازارەکی زۆریشی بینیوە، پیاوەکان بەم ڕووداوە سەرسوڕمان دەبن و هەریەکە و قسەیەکی بەڕای خۆی دەکات، بەڵام پیاوەکی بەتەمەن دەڵێ براینە، ئەم ڕووداوەتان لا سەیر نەبێ ئەمە هەقی خۆی وەرگرتەوە داڵغەیەك دەیگری و دەڵێ: من لە یادمە چل ساڵ لەمەوبەر ئەم گاوانە بە چ ئازارێك باوکی خۆی کوشت بۆیە ئەو سزایەی هاتۆتەوە ڕێ)) (گردەسۆری، 2006، 39).

ئەم حەکایەتە باس لە کارێکی ناپەسەند و خراپ دەکات، بریتییە لە زوڵم و ستەم کردن، هەرکاتێك کەسێك ستەم لە کەسێکی تر دەکات دەبێت ئەوە بزانێت ڕۆژگارێك لە ڕۆژان سزای ئەو کارەی وەردەگرێتەوە چ زوو یان درەنگ. هەروەها لە لایەکی تر باس لە ئازاردانی باوك دەکات،

که ئەمە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان و خودای گەورە سزای قورسی بۆ داناوە وەکو دەبینین خودای بالادەست بە گایەك سزای ئەو کەسە دەدات.

لە حەکایەتی (ئاش) هاتووە ((دەگێرنەوە لەسەردەمی کۆن لەنێو کوردەواریدا، لە گوندێك کابرایەك هەبوو بەناو کەمئەقڵە، رۆژێك پیاوێکی گوند بۆ تاقیکردنەوە لە پیاوەکە دەپرسێ چەند خوا هەیە؟ ئەویش دەڵێ: یەك، دەڵێ چۆن دەزانی، دەڵێ بەئاشەکەی حاجی حوسێنی لەبەر ئەوەی تاوەکو حاجی حوسێن مابوو، بەتەنیا ئیشی بەئاشەکەی دەکرد هیچ گرفتێك نەبوو، لەوەتەی مردووە، ئاش کەوتۆتە بەردەستی کوڕەکانی و هەر ڕۆژەی یەکێك ئیشی پێ دەکات، هەردەم تێکدەچێت و گرفتی زۆرە)) (گردەسۆری، 2021، 62).

ئەم حەکایەتە لە ڕواڵەتدا باس لە بوونی خودا دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەوەمان پێ دەڵێت، کە هیچ کارێك بە باشی بەڕێوە ناچێت بەبێ سەرپەرشتیار، کەواتە لە هەموو کارێك پێویستە کەسێك سەرۆکایەتی بکات، واتە تەنها کەسێك بەرپرسیار بێت نەوەکو هەر کەسە و لەڕاستەخۆی کارێك ئەنجام بدات ئەو کاتە کارەکە تێك دەچێت و بە باشی بەڕێوەناچێت، وەکو پێشینان وتوویانە ((شیوی زۆر کابان یان سوورە یان بێ خوێیە))، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو کەسە بۆ بوونی خودا نموونە بە ئاشی حاجی حوسێنی دەهێنێتەوە چونکە خاوەنەکەی نەماوە و هەر ڕۆژە و کەسێك ئیشی پێدەکات بۆیە زوو زوو تێك دەچێت. کەواتە بە نموونەیەکی زیندوو بۆ کەسی بەرامبەر دەسەلمێنێت کە یەك خودا هەیە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

1-بەشێکی زۆر لە زانا و فەیلەسووفەکان پێیان وایە ئامانج لە ژیان بەدەستهێنانی بەختەوەرییە. هەندێکی تریش وای دەبینن ژیان بریتییە لە پێچەوانەکەی.

2-بەهایەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە، کە بە پێی نەتەوە و شوێن و سەردەم گۆڕانکاری بەسەر دادێت لەنێو حەکایەتەکانیش ئەمە دەرکەوتووە.

3- لە حەکایەتەوە فێر دەبین، کە کەسی دادپەروەر هەمیشە دەبێتە خۆشەویستی خەڵك و وادەکات خەڵکی چاوی لێ بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە کەسی نادادپەروەر دەبێت بە نموونەیەکی خراپ لەناو کۆمەڵگە. هەروەها فێرمان دەکات پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان نابێت کار بکەنە سەر یاسای دادپەروەری.

4-بە تێڕوانینی زۆربەی ئایینەکان ژیان ئامانجدارە، بریتییە لە کردنی کاری چاکە، بۆ ئەمەش هەر ئایینە و کۆمەڵێك دەستور و یاسا لە خۆدەگرێت، تاوەکو مرۆڤ لە ڕێگەیەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

5-لە حەکایەتە کۆکراوەکانی (جەمال گردەسۆری)دا حەکایەتی ئاسایی لە جۆرەکانی تری حەکایەت بەربڵاوترە و زۆربەی حەکایەتەکان پێکدەهێنێت.

6- خۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان بەهای خۆی هەیە لە نێو کۆمەڵگە و لە کاتی پێویست پشتی یەك دەگرن، کە ئەمەش بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە لەناو حەکایەتەکاندا.

# سەرچاوەکان

## 1-سەرچاوە کوردییەکان:

### أ-کتێب


- ئۆشۆ (2013). نهێنییەکانی ژیان، و/ ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی تاران- ئێران.

- بایەزیدی، مەلا محمود (1982). داب و نەریتی کوردەکان، و/ د. شکریە رسول، دەزگای رۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

- بن عبدالله، شیخ عبدالعزیز (2017). ئیسلام بەرنامەی ژیانە، و/ محمد عبدالرحمن لطیف، کتێبخانەی زانستی بەسوود، کەلار.

- بێخاڵی، سەید مەولود (2013). ئەفسانەو داستان لە فۆلکلۆری کوردەواریدا، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

- پاڵس، دانیال ل. (2007). حەوت تیۆری دەربارەی ئایین، و/ ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی کۆمپانیای نێوەند، سلێمانی.

- پۆلادی، کەمال (2005). مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئاوا، و/ ئازاد وەڵەدبەگی و سیروان جەبار زەندی، بەرگی دووەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

- جامباز، طارق (1986). تێکستی هەشت چیرۆکی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی علاء، بەغداد.

- حەیران، ئەحمەد (2012). کانی خومارۆکێ قەفتێك لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- حەسەن، مەولود ابراهیم (د) (2020). گەڕان بەدوای نەمریدا، چاپخانەی تاران، چ1، سلێمانی.

- حەسەن، فەرهاد عەزیز (2012). ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بە پێی ئاڤێستاو دەقە پەهلەوییەکان، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

- حەسەن، محەمەد فەریق (2010). مەملەکەتی ماسی- حیکایەتی فۆلکلۆری، چاپخانەی ئاراس، چ3، هەولێر.

- حوسێن، هیمداد (د) (2007). ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی (دەق و لێکۆڵینەوە)، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،چ1، کەرکوك.

- دیورانت، ویل (2007). سەربردەی فەلسەفە، و/ تاریق کاریزی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

- رضایی، عبدالعظیم (2018). مێژووی ئاینەکانی جیهان، و. کمال محمد رشید، چاپخانەی أذرفر، تاران.

- رەسول، شوکریە (د) (2003). حەکایەتی خورافی کوردیی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، چاپخانەی ئینستیوتی کەلەپوری کورد، هەولێر.

- رەسول، شوکریە (د) (2005). حیکایەتی گیانداران، چاپخانەی شڤان، چ1، هەولێر.

- رەسول، عیزەدین مستەفا (د) (1970). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد.

- ڕەفیق، فاروق (2009). فەلسەفەی ژیان، چاپخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری، سلیمانی.

- زێر، ئاڕ. سی. (2015). سەرهەڵدان و ئاوابوونی زەردەشتگەریی، و/ شەماڵ تەرغیبی، چاپخانەی پەنجەرە، چ1، تاران.

- سەمارە، ڕانیا (2008). ئەفسانە و ئەدەب، و/حسین سابیر عەلی، چاپخانەی شەهاب، چ1، هەولێر.

- سیوەیلی، ڕێبوار (2002). نەتەوە و حەکایەت، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، هەولێر.

- شاهرۆخ، کەیخەسرەو (2016). ئاوێنەی باڵانوێنی ئایینی یەکتاپەرستی_زەردەشتی، ،و/فەرهاد عەبدولحەمید (پەهلەوان)، چاپخانەی تاران، چ1، سلێمانی.

- شوان، ابراهیم احمد (د) (2001). سۆفیگەری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،چ1، هەولێر.

- شوان، ابراهیم احمد (د) (2019). تەفسیری لێکدانەوەکانی ئایەتەکانی قورئانی، چ1.

- شەریف، محەمەد کریم (1985). هەقایەتی کوردەواری، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد.

- شێخانی، سعدالله اسماعیل (1987). تێکستی چەند هەقایەتێکی فۆلکلۆریی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بغداد.

- عەباسییان، ئەحمەد (2015). فەلسەفەو ئاینی زەردەشت، و/ رەزا مەنوچەری، چاپخانەی پەنجەرە، چ1، تاران.

- عەبدوڵڵا، ئیدریس (د) (2014). ئەدەبی میللی و فۆلکلۆریی، بەرگی سێ یەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- عەزیز، حمید (1979). سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- علی، حسێن سابیر (2013). باخی قەڵات، چاپخانەی شەهاب، چ1، هەولێر.

- عوسمان، کاروان (2008). پەندەباوەکان، چاپخانەی گەنج، چ1، سلێمانی.

- عیسی، هاوژین سلێوە (د) (2009). بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی دەزگای چاپی سەردەم، چ1، سلێمانی.

- غەریب، سازان جەوهەر (2013). پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی (ناوچەی گەرمیان)دا، چاپخانەی کارۆ، چ1، کەرکوك.

- کاپریز، فرانك س. (2012). دەروونزانی و ڕفتار، و/ سۆران خورماڵی، چاپخانەی گەنج، چ6، سلێمانی.

- کاکەیی، فەلەکەدین (2011). روناهی زەردەشت، چاپخانەی رۆکسانا، چ2، هەولێر.

- کامیل، مەجدی (2013). سوقرات ، و/ نەریمان عەبدوڵا خۆشناو و محەمەد وەسمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ2، هەولێر.

- کامیل، مەجدی (2019). ئەفلاتوون، و/ سەلاح سەعدی، چاپخانەی ئاویر، چ1، هەولێر.

- کۆمەڵێك نوسەر (2014). بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار، و/ سەعید کاکی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- کۆمەڵێك نوسەر (2017). فدریش نیچە: فەیلەسوفی ژیان، و/ چەند وەرگێڕێك، چاپخانەی سەردەم، چ1، سلێمانی.

- کۆمەڵێك نوسەر (2018). سەرەتاکانی فەلسەفە: فەیلەسوفانی یۆنان، و/ چەند وەرگێڕێك، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

- کۆمەڵێك نوسەر (2019). کوردو زەردەشتییەت، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، چاپخانەی سەنتەری تاسك، چ1.

- کۆمەڵێك نوسەر، (2019). دیدی ئیسلام، لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- کۆییلۆ، پاولۆ (2006). حیکایەتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ، وەرگێڕانی/ ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی سەردەم، چ1، سلێمانی.

- گردەسۆری، جەمال (2006). سەربردەی کوردەواری، چاپخانەی دارا، چ1، هەولێر.

- گردەسۆری، جەمال (2008). هەنجیری چل تام، چاپخانەی خانی، چ1، دهۆك.

- گردەسۆری، جەمال (2021). نمەك، چاپخانەی سارا، چ1، سلێمانی.

- مالرۆب، مێشێل (2006). و/ هیوا مەلا عەلی، مرۆڤ و ئاینەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، هەولێر.

- مەحموود، شاسوار کەمال (2016). ئامانجی فەلسەفە، چاپخانەی حەمدی، چ1، سلیمانی.

- محمد أمین، بورهان (2004). تەفسیری ئاسان، چ14.

- منسوورو سووقی و عەلی ئەکبەر نیك خولق (2013). بنەماکانی کۆمەڵناسی، و/سیروان محمد حاجی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

- مەولوود، عەبدوڵڵا خدر (2013). دیوانی حەمدی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- مهرین، ن. میهرداد (2009). قوتابخانە فەلسەفیەکان، و/ سیدۆ داود علی، چاپەمەنی گەنج، چ1، سلێمانی.

- موکری، کامەران (1984). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- ناوخۆش، سلام (2010). زەردەشتیەتی نوێ لە نێوان کەلتور و ئایین و نەتەوەدا، چاپخانەی منارە، چ1، هەولێر.

- نوری، شوان عوسمان (2020). بنیاتی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی هونەری کوردیدا بە نموونە (کۆی کورتە چیرۆکەکان)ی عەبدوڵا ئاگرین، چ1، هەولێر.

- وەکیلی، هادی و مدنی، ازادە (2012). ئۆشۆ: لە واقیعیەتەوە تا خلود، و/ سیدۆ داود عەلی، چاپخانەی گەنج، چ2، سلێمانی.

**ب-گۆڤارەکان:**

- أحمد، نوزاد علی (1990). ئاژەڵ لەو چیرۆکە فۆلکلۆریانەی کە بۆ منداڵانی کورد هەڵێنجراون، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بغداد، ژ. (125).

- تەقی، جەلال (1992). لەیەکچوونی ئەفسانەی گەلان، گۆڤاری کەلەپوری کورد، سلێمانی، ژ. (1).

- جامباز، طارق (1997). هەقایەت پیر بوونی بۆ نییە، گۆڤاری کەلەپوری کورد، سلێمانی، ژ. (11).

- جامباز، تاریق (2010). سەرقەڵەمانەی ئافرەت لە هەقایەتی کوردریدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (46).

- خۆشناو، هێمن عومەر (2007). ڕۆڵی هەقایەتبێژ لە پێشخستنی هەقایەتدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (31).

- دەشتەکی، عومەر شێخەڵلا (2004). فۆلکلۆر، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (6).

- سنجاوی، جەلال (2001). حەکایەتی خورافی لە دیوەخانەکانی کوردەواریدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (5).

- سنجاوی، جەلال (2004). حەکایەتی خورافی لە شەوانی بەرئاگردانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (6).

- عبدالقادر، نیاز (2005). فۆلکلۆری کوردی پێداچوونەوەیەك، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (10).

- عزیز، عومەر ابراهیم (د) (1986). فۆلکلۆری کوردی لە ڕوانگەی زانا و ڕۆژهەڵاتناسنان و نووسەرانی کوردەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بغداد، ژ. (112).

- گەردی، سەردار (2008). سێ هەقایەت و ئەفسانەیەك، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (40).

- مستەفا، عرفان (2000). ڕاڤە کردنی چەند پێناسەیەك بۆ فۆلکلۆر، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، هەولێر، ژ. (2).

- نقشبندی، ئازاد محمد (د) (2002). سیما و خەسڵەتەکانی کەسایەتی تاکی کورد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، هەولێر، ژ. (26).

**ج-فەرهەنگەکان**

- زراعی، ئیسماعیل (2010). فەرهەنگی پەند، چاپخانەی هێڤی، چ1، هەولێر.

- شوانی، کاوە ئەنوەر (2007). فەرهەنگی کاوە (فارسی-کوردی)، چاپخانەی منارە، چ1، هەولێر. - کەریم، ڕزگار (2006). فەرهەنگی دەریا (عەرەبی- کوردی)، چاپخانەی مەهارەت، چ1، تاران.

- موکریانی، هەژار (2006). هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی (کوردی- فارسی)، انتشارات سروش، چ5، تاران.

- موکریانی، گیو (2017). فەرهەنگی نۆبەرە (عەرەبی- کوردی)، پێداچونەوەی د. کوردستان موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ2، هەولێر.

- محەممەد، زانەر (2016). فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی- کوردی)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

- مجموعة من الكتاب (2013). المنجد في اللغة العربية المحاصرة، المكتبة الشرقية، ط4، لبنان.

- قەرەداخی، حەمەرەشید (2006). فەرهەنگی ئازادی (ئنگلیزی- کوردی)، چاپخانەی أسوە، چ1، سلێمانی.

- هەژیر، عەبدوڵڵا پور (2008). فەرهەنگی هەژیر (فارسی- کوردی)، چاپخانەی خانی، چ1، دهۆك.

**2-سەرچاوە عەرەبییەکان**

**1-کتێب**

- القران الكريم

- أبراهيم، نبيلة (د) (1983). اشكال التعبير قي الادب الشعبي، دار نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة.

- ارمسترونغ، كارين (2005). النزعات الأصولية في اليهودية والمسيحية والاسلام، ترجمة/ محمد الجورا، دار الكلمة للنشر والتوزيع، ط1، سورية-دمشق.

- أرمن، كتاب (2005). أدب الأمثال الشعبية عند الأرمن، ترجمة/ أكوب ميخائيليان، 124 (صفر).

- بدوي، عبدالرحمن (2003). الموسوعة فلسفة، منشورات زوى القربى، قم-ايران.

- بشرية، حسين (2010). جامعه شناسى سياسى، نشرنى تهران، چ18، ايران.

- البطليوسي، أبو محمد عبدالله بن محمد بن السيد (1988)، الحدائق في المطالب العالية الفلسفية العويضة، دار الفكر، ط1، دمشق- سورية.

- پەتى، عمر ابراهيم عزيز (2007). القيم السائدة في القصص الشعبية الكوردية والعربية، مطبعة دارا،ط1، اربيل.

- القاشوطى، وفاء عبدالحليم محمود (2005). القيم فى فلسفة ماكس شلر، دار الوفاء لدنيا للطباعة والنشر، ط1، الأسكندرية.

- المعايطة، خليل عبدالرحمن (2004). علم النفس الاجتماعي، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ط1، عمان.

- جندية، بتول احمد (2011). على عتبات الحضارة-بحث في السنن و عوامل التخلق والانهيار، دار الملتقى للطباعة والنشر والتوزيع، ط1، سورية.

- حاتم، عماد (1979). مدخل الى تاريخ الاداب الاوروبية، الدار العربية للكتاب، ليبيا- تونس.

- رحيم، عبدالرزاق صلال موحي (2007). العبادات في الديانة المسيحية، الناشر صفحات، ط2، سورية-دمشق.

- زكي، أحمد (د) (1979). الأساطير، دار العودة للطباعة والنشر، بيروت.

- سلوم، داوة (د) (1979). كتاب قصص الحيوان، دار الحرية، بغداد.

- سميث، هۆستن (2007). أديان العالم، دار الجسور الثقافية، ط3، حلب.

- سيف، احمد خليل (2007). بحث عن الحقيقة بين الفلسفة و الدين، ط1.

- شارون، جوئل (2003). ده پرسش از دیدگاه جامعه شناسی، ترجمه/ منوچهر صبوری، نشرنی تهران- ايران.

- صالح، احمد رشدي (1971). الادب الشعبي، منشورات النهضة المصرية، القاهرة.

- عبدالجليل، احمد عمار (د) (2019). دراسات في الاديان, الناشر نور حوران، دمشق-سوريا.

- عبدالحميد، يونس (1983). معجم الفولكلور، كتب العربية للطباعة، ط1، بيروت.

- عبداللطيف، نبيل (2010). فلسفة القيم، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، ط1، بيروت لبنان.

- عطية، احمد عبدالحليم (د) (2010). القيم الواقعية الجديدة، التنوير للطباعة والنشر، بيروت-لبنان.

- فرحات، وفاء (2005). الأديان، المجلد الرابع الاسلام، دار اليوسف،ط1، بيروت لبنان.

- قنصوة، صلاح (1970). القيم بين الفلسفة والعلوم الاجتماعية، الفكر المعاصر، دار التنوير، بيروت.

- كراب، الكزاندر هجرتى (1967). علم الفلكلور، ترجمة/ رشدي صالح، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة.

- لاين، فردريش فون دير (1973). الحكاية الخرافية، ترجمة/ نبيلة ابراهيم، دار غريب للطباعة والنشر، ط1، بيروت.

- مانهايم، كارل (1993). مدخل الى العلم الاجتماع ، ترجمة/ احسان محمد الحسن، دار الكتاب للطباعة، ط2، بغداد.

- مجموعة من الكتاب (1994). العلاقات الاسلامية – المسيحية، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، ط1، بيروت-لبنان.

- مرزوقى، حلمى على (د) (2005). الاسلام والفكر المعاصر، الناشر دار الوفاء، ط1، الاسكندرية.

- مرسي، أحمد (1981). مقدمة في الفولكلور,ط1، دار الثقافة، مصر.

- نيتچه، فريدريك (2006). هكذا تكلم: زرادشت، ترجمه: محمد باكير، دار اسامه، ط2، ديمشق_سوريا.

- هرزانی، نوری یاسین (د) (2005). الأعلام والجريمة، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل.

- همو، عبدالمجيد (2003). اليهودية بعد عزرا وكيف أقرت، الناشر الأوائل، ط1، سورية- دمشق.

## 2- نامە ئەکادیمیەکان بە زمانی کوردی:

- بامەندی، محمود کریم سلیم (2014). ڕۆڵی ئایین لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایێتیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- تەها، عەدنان عەبدولرەحمان (2009). شیعری فۆلکلۆری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- حمید، سۆزان برایم (2015). کاریگەری ئەدەبی فۆلکلۆر لە شیعرەکانی (مەدحەت بێخەو)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- حەمەکەریم، سەبور عبدالکەریم (2014). چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان بەشی زمانی کوردی.

- طاهر، طالب أبوبکر (2011). فەلسەفەی ژیان لە شیعری (مەحوی) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان بەشی کوردی.

- محمد امین، توانا عثمان (2017). ڕۆڵی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

## 3-نامە ئەکادیمیەکان بە زمانی عەرەبی:

- عبدالقادر، شخاب (2015). دور القيم التنظيمية في الصراع داخل المؤسسة, رسالة الماجستير، جامعة محمد خيضر، بسكرة.

- عجيلی، شذى عبدالباقي محمد (1985). دراسة مقارنة للقيم في الكتب المطالعة للمرحلة الثانوية في الاوطن العربی، رسالة الدكتورا غير المنشورة، جامعة بغداد، كلية التربية علم النفس.

- طهطاوی، سيد (1996). القيم التربوية في قصص القرأنية، رسالة ماجستير، طبع ونشر دار الفكر العربی.

## 4-پێگەی ئەلیکترۆنی لە ئینتەرنێتەوە:

- ئەنتوان چیخۆف (2014). مەرجەکانی ڕۆشنبیر لای ئەنتوان چیخۆف، و/زرار حامید لە والی https://didimn.com وەرگیراوە.

- جمال، محمد (2018). لە والی **https://mawdoo3.com gm** وەرگیراوە
- پلامەر، ئارلین ( 2021). https://study.com/academy/lesson
- موقع الفن والثقافة / www.calam1.org /معنى الحياة بقلم ظريف الاديب 2015/10/1/
- هەڵەبجەیی، نەریمان (2020). لە والی **https://www.zaniary.com** وەرگیراوە.
- لە واڵی Christian life وەرگیراوە
https://Christianity.org.uk/article/what-is-the -purpose-of-life

## پاشكۆ

### دەروازەیەك لەبارەی ژیاننامە و تێروانینی جەمال گردەسۆری لەبارەی حەكایەت

جەمال گردەسۆری ناوی تەواوی(جەمال ئیسماعیل حەسەن)ە ناسراوە بە جەمال گردەسۆری، لە ساڵی (1966) لە شاری هەولێر لە دایك بووە، جەمال لە ساڵی (1987) ئامادەیی پیشەسازی تەواو كردووە و لە ساڵی (1982) دەستی بە نوسین كردووە و تاوەكو ئێستا (47) بەرهەمی چاپكراوی هەیە، جەمال گردەسۆری نوسینەكانی لە بوارەكانی ئایینی ، شیعر، مێژوو، فۆلكلۆر، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی، پەروەردەیی، گۆرانی، .....هتد. دەگرێتەوە، جگە لە نوسین وەكو ئەكتەر بەشداری لە چەندین شانۆگەری كردووە، هەروەها وەكو ئامادەكار و پێشكەشكار لە ڕادیۆ كاری كردووە، لەپای ئەو هەموو ماندوو بوون و بەرهەمە ناوازانەی چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی پێشكەش كراوە. لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر بەرهەمە كۆكراوەكانی لە بارەی حەكایەتە فۆلكلۆرییەكان، نوسەر  بە شێوەیەكی ماندوو نەناسانە  لەم بوارەدا بەردەوامە و هەوڵدەدات حەكایەتەكان لە شێوەی گێڕانەوەی زارەكی بگۆڕێت بۆ دەقی نوسراو. بەهیوای لەش ساغی و تەمەن درێژی بۆ جەمال گردەسۆری.

**تێروانینی جەمال گردەسۆری لەبارەی حەكایەتی فۆلكلۆری كوردی:**

لە سەرەتای ساڵی هەشتاكان دەستم كرد بە كۆكردنەوە و نوسینەوەی فۆلكلۆر، ئەو كات لە قۆناغی ئامادەیی بووم بەڵام وەكو حەزو ئارەزوو هەر لە منداڵیەوە حەزم هەبووە بۆ فۆلكلۆر بەتایبەتی دانیشتنی ناو دیوەخان، كە لەوێ شەوان گوێم دەگرت بۆ هەقایەتەكان. هەروەها كاتی میوانمان دەهات و لە دانیشتنەكان بەشدار دەبووم بە پەرۆشەوە گوێم دەگرت. لە نوسینەوەی هەقایەتەكاندا هەموو جۆرە هەقایەتێكم نەنوسیووە، بەڵكو هەندێكیانم لاداوە چونكە شیاو نەبوون بۆ كۆمەڵگەی ئێمە، ئەگەرچی ئەم هەقایەتانە ڕووداوی واقیعیە بەڵام كۆمەڵگە قەبوڵی ناكات، لەوانەیە بەهۆی ئەم هەقایەتانە چینی گەنج بەلاڕێدا بچن، لەبەرئەوە هەموو جۆرە هەقایەتێكم نەنوسیووە. لەبەشێك لە هەقایەتەكان بیری نوێم خستۆتە ناو، بەمەبەستی ئەوەی واقیعی هەقایەتەكە ڕوونتر بێت و بێگومان ئەمەش بە شێوەیەكی ئەدەبی دامڕشتووە. من پێموایە زمانی هەقایەت نابێت دەستكاری بكرێت، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندكردن و پاراستنی وشەی ڕەسەنی كوردیە، بەڵام هەندێك وشەم لە ناو هەقایەتەكان گۆڕیووە بۆ وشەی ڕەسەنی كوردی، ئەمەش بۆ پارێزگاری كردن بووە لەم وشانە، تاوەكو لە ناو نەچن  بە زمانێكی پاراو دامڕشتووە.

بەشێكی زۆر لە هەقایەتەكان ڕووداوی ڕاستەقینەن و لە ناو كۆمەڵگەی كوردەواری ڕوویانداوە. بۆیە لە بەشێك لە هەقایەتەكان  ناوی خوازراوم بەكارهێناوە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە

ناوی کەسەکان پارێزراو بێت، بۆ کۆکردنەوەی هەقایەتەکان، زۆرێك لە هەقایەتەکانم لە هەقایەتخوانی گوندەکەمان وەرگرتووە، بەشێکی ترم لە هاوڕێ و کەسانی بە تەمەن بیستووە و پاشان نووسیومەتەوەو تۆمارم کردووە، هەروەها سوودم لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی بینیوە، کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ ئامادەو پێشکەشم کردووە، لە گۆشەیەکی بەرنامەکەدا بە ناوی سەربردەی کوردەواری، گوێگرەکان سەربردەی ناوچە و گوندەکانی خۆیان دەگێرایەوە، منیش ئەوەی شیاو بوو تۆمارم دەکرد، دواتر لە دووتوێی هەردوو پەرتووکی(نمەك وسەربردەی کوردەواری) بڵاوم کردۆتەوە. زۆرجار لە کۆکردنەوەی هەقایەتەکاندا گیروگرفتم تووش دەهات لەبەرئەوەی بەشێك لە هەقایەتزانەکان حەزیان نەدەکرد هەقایەت بگێرنەوە، یاخود پێیان وابوو هەقایەت بۆ سەردەمی ئێستا نابێت.

ئامانج لە کۆکردنەوەی فۆلکلۆر ئاشنا بوونە بە ژیانی باوباپیرانمان، ئایا ئەوان چۆن ژیاون؟ ئایا ئەو ڕووداوانە چین کە ڕوویانداوە؟ ئەمە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی هەقایەت و سەربردە، چونکە هەموو هەقایەتێك جۆرێك لە پەندو ئامۆژگاری تێدایە، ئێمە دەتوانین سوودی لێ ببینین لە ژیانی ڕۆژانەمان. من گرینگیم بە زۆرێك لە بەشەکانی فۆلکلۆر داوە، بەتایبەتی هەقایەت، چونکە هەقایەت گرنگی زۆری هەیە لە ژیانی ڕۆژانەمان دەتوانین سوودی لێ ببینین لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ژیان بۆ نموونە لە ژیانی خێزانداری، کۆمەڵایەتی،....هتد. هەروەها هەقایەت ڕۆڵی هەیە لە پەروەردە کردنی تاکدا چونکە وادەکات ئەو کەسە پەند وەربگرێت لەو هەقایەتە و ڕەفتاری خۆی چاك بکات، هەقایەت بەردەوام لە زۆر بوون و فراوان بوون دایە چونکە هەقایەت بەستراوە بە ژیان تا ژیان مابێت هەقایەتیش دەبێت، بەڵام دەتوانم بڵێم هەقایەتی ئەفسانەیی بەرەو نەمان دەچێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایانەی کە ئەمڕۆ هەیە.

بەشێکی زۆری هەقایەتەکان بۆ ناوچەی دەشتی هەولێر دەگەڕێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هی ناوچەکانی تریشی تێدایە وەکو سلێمانی و کەرکوك. هەقایەتی فۆلکلۆری بەتەواوەتی کۆنەکراوەتەوە و ئەوەی ئێستا هەیە دڵۆپێکە لە دەریایەك ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەقایەت تەنها بەشێوەی گێرانەوەی سەرزاری بووە، بۆیە بەشێکی زۆری لەناو چووە و نەنوسراوەتەوە. هۆکارێکی تر بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ڕووخاندنی گوندەکانەوە بوو، کە بەشێکی زۆری هەقایەتبێژەکان لە گوندەکان بوون ئەو کاتەی گوندەکان وێران کران هەقایەتخوانەکانیش چیتر هەقایەتەکانیان نەگێرایەوە بەهۆی نەمانی دیوەخان و کۆڕ و مەجلیسەکان، ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی هەقایەتەکان. ئەرکی هەموو لایەکە هەقایەتەکان کۆبکاتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری فۆلکلۆر کار دەکەن هەروەها کەسانی شارەزا لەم بوارە، ئەرکی حکومەتی هەرێمە ناوەندێك بکاتەوە بۆ کەسانی شارەزاو بە ئەزموون بۆ کۆکرنەوەی هەقایەتەکان بەداخەوە ئیمەی کورد گرنگی بە بواری فۆلکلۆر نادەین و بە چاوێکی کەم

سەیری دەکەین بەڵکو گرنگی بە فۆلکلۆری میللەتان دەدەین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیان وایە فۆلکلۆر شتێکی بەسەرچووە و گرنگ نییە بۆ ژیانی ئەمڕۆمان.

پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەقایەتی کوردی و نەتەوەکانی تر بەتایبەتی فارس و عەرەب و تورك تەنانەت ڕووسیش، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو نەتەوانە بەشێك لە هەقایەتی ئێمەیان بردووە لە ڕێگەی گەڕیدەکانیانەوە کردوویانە بە موڵکی خۆیان و فۆلکلۆری خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە، لەلایەکی تر بەهۆی نزیکی کەلتوری کوردی لەگەڵ بەشێك لەو نەتەوانە، بەداخەوە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست گرنگی بە لێکۆڵینەوەی حەکایەت نەدراوە ئەو کەسانەی لەو بوارە کار دەکەن وەکو (خالید جوتیار، ئەسعەد عەدۆ، محمد کریم شریف، دکتۆر مەولوود ئیبراهیم، دکتۆر شوکریە رەسول، داود شڕۆڵ). هەروەها هەقایەت لە داهاتوودا گۆڕانکاری بەسەر دادێت لە ڕووی ناوەڕۆك و بابەتەوە شتی نوێ زیاد دەبێت لە ناو هەقایەتی کوردی.

## Abstract

This study is entitled “The concepts of life in Kurdish folkloric tales as viewed by Jamal Girdasory”. It aims at exploring the impact of moral values in folkloric tales on people. Three aspects are highlighted here, namely, the concept of life, the concept of folklore, and the concept of tales. It also tackles different types of tales and the impact of moral values on an individual’s life.

It has been concluded that justice prevails over all other values as it organizes people’s life. Moreover, injustice is a main cause of the destruction of the infrastructure of a society. Different circumstances contribute to a change in some values; nonetheless, some values survive through folkloric tales.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Concepts of Life in Kurdish Folkloric Tales as Viewed by Jamal Girdasory

A Thesis
Submitted to the Council of the College of languages, Salahaddin University- Erbil in partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature


By
**Bahar Salih Ababakr**
B.A Kurdish Language- Salahaddin University- 2011


Supervised By
**Prof. Dr. Mawlud Ibrahim Hassan**

Erbil- Kurdistan
February 2022